ڕۆمان

# فرمێسکی برین

جەوهەر میرگەسوری

چاپی یەکەم

١٩٩٩

هەواڵنامەی کتێب



فرمێسکی برین
جەوهەر میرگەسوری

ڕۆمان

# فرمێسك و برین

نووسینی

**جەوهەر مێرگەسوری**

چاپی یەکەم

١٩٩٩

ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک

چاپەمەنی زامؤا

پرۆژەی پاراستنی دەستنوسەکان

ژمارە ﴿ ٨ ﴾

* ناوی کتێب : فرمێسک و برین

* بابەت : رۆمان

* نووسینی : جەوهەر مێرگەسوری

* کۆمپیوتەر : دیاری جەمال

* مۆنتاژ : بازیان جەلال

* مۆنتیڤ : ئیسماعیل عومەر

* چاپی یەکەم : ١٩٩٩

* کوردستان : سلێمانی

# پێشکەشە

❁ بەو پێشمەرگەی ژیان و گیانی لە دەستدا بۆ ئازادی خاکی کوردستان..

❁ بۆ سەربەستی گەلی کورد..

❁ بە زەردەخەنەی بەختیاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد.. دەست لە ملی دایکی نیشتمانی دەکردو بە شانازییەوە رۆڵەی خۆی لە باوەش کرد..

❁ وە بۆ..

ئەو خوشکەی هاوبەشیەتی لە ژیان و فرمێسک و باوەشی دایك...

❁ وە بۆ هەموو لاوی کورد پێشکەش بێت ئەم چیرۆکە...

جوهر میرگەسوری



ع

﴿١﴾

لە پڕێکا لە خەو ڕاچڵەکا لە سەر دەنگێکی زۆر زلو نەبیستراو و بە چاوی خەواویـــەوە دەرپەڕیـــە دەرەوە لـــە ژوورەکـــەی، پـــاش ئـــەوەی پێڵاوەکەی خستە سەرپێی ئەمە چی بوو..؟

ئەم دەنگەم نەبیستوە.. بوومەلەرزە دەنگی وانیە..

لەو بیرکردنەوەیەدا بوو و نەیئـەتوانی چاوە خەواڵۆیـەکانی بـەرز بکاتەوە لەبەر تیشکی خۆری چێشتەنگاو – بە توندی لە پەنا دیواری خانووی دراوسێ بانگیان کرد:

سەردار.. سەردار..!! خـۆت بـدە پـەنا دیوارەکـە– خـۆت بـدە پـەنا دیوارەکە.. وا گەڕانەوە..!

- ئاخر نازانم قەزیە چییە!.
- گەڕانەوە.. گەڕانەوە.. سەیری لای خۆرهەڵات بکە.. خۆت بدە پەنا دیوارەکـە.. سـەردار سـەری بـەرز کـردەوە پـاش ئـەوەی شـانی ڕاستەی گـەیاندە دیـواری خانوەکـەی.. خانوەکـە لـە نـاو تـۆزو دووکەڵی شەست تیر بزر بوو.
- نەیەیتـە دەرەوە.. سـەردار.. هێشـتا مـاوە.. جـارێکی تـر ئەحمـەد قیراندی..

دووبـارە دەنگــی ئەحمــەد لــە نــاو گرمــەو هاشــەی شەســتیری فڕۆکەکانو، گرمەو هاڕەی دەنگی نالەباری فڕۆکەی جەنگی خنکا.

دووکەڵو تۆز دێیەکەی داپۆشی.. سـەردار سـەری بـەرز کـردەوە بۆ ئاسمان پاش ئەوەی بە دەستی چەپ چاوەکانی لە تیشـکی بـەتینی خـۆر پۆشـی.. دوو شـت بـە ئاسمـاندا لـەناو شـەپۆلی تیشـکی خـۆردا ئەبریسـکانەوەو هـەروەك دوو بـاڵداری بچـووك لـە ئاسـۆی خۆرهـەڵات ئەخولانەوە.

- ئەبێ ئەم فڕۆکانە چی بن؟ لەبەر خۆیەوە پرسیاری کرد ئەم بۆمبارانە مانای چییە.. بێگومان ئەم دوو فڕۆکەیە بێگانەن.. ئەگینا چۆن فڕۆکەی عێراق میللەتی خۆی بۆمباران ئەکات.

لەم بیرکردنەوەیەدا بوو بێ ئەوەی هیچی لێ تێ بگات.

لە پڕێکا ئەحمەدی هاتەوە بیرو بانگی کرد:

- ئەحمەد.. ئەحمەد.. دەوەرە بۆ ئێرە!..
- خۆ شوکور ساغیت کاك سەردار..
- ئەحمەد.. ئەم فڕۆکانە چین؟.. پاش سڵاو وەرگرتنەوە..
- چۆن.. نەتزانیوە؟..
- نە بەخوا لێی تێنەگەیشتووم!..
- قوربان شۆڕش بەرپابووە.
- شۆڕش..؟ شۆڕشی چی؟.
- قوربان گەلی کوردمان دەستی داوەتە چەك دژی میری.. داوای سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان دەکا..
- باشە.. ئەزانم لە لای سلێمانی شتێك ڕوویداوە، بەڵام خۆ هێشتا لێرە هیچ نەبووە!.
- چۆن هیچ نەبووە؟. ئەی دوێنێ لە کوێ بووی؟
- لە ماڵەوە نەبووم.. هیچ ڕووی داوە؟.
- هەڵبەت ئاگادار نیت کە دوێنێ شەو جەماعەت هێرشیان بردە سەر پۆلیسخانەی (مێرگەسوور) پاش ئەوەی لەگەڵ هەندێ لە پۆلیسەکاندا ڕێك کەوتبوون،و پۆلیسخانەکەیان داگیرکردو، هەرچی چەكو جبەخانەی تیا بوو گواستیانەوە ناو دارستانی ئەودیو..

ئەحمەد سەیرێکی ئاسمانی کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە فڕۆکەکان نەگەڕانەوەو، لە سەری ڕۆیشت گوتی:

- قاسە( خەزێنە)کەشیان بە گوللە شکاندو هەرچی پارەی تیا بوو بردیان.

- ئۆخەی.. دیسان گەلی کورد دەستی دایەوە چەك بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی!

سەردار گوتی پاش ئەوەی گڕی هەستی نەتەوایەتی دڵ‌ودەروونی خستە جۆش:

- ئەی باوکم لە کوێیە؟ سەردار پرسیاری کرد پاش ئەوەی بە تیژی سەیری ئەحمەدی کردو ئاسمانیشی پشکنی بە شوێن فڕۆکەدا!.

- باوکت وا لەگەڵ پیاوەکان لەسەر گردەکە کۆبوونەتەوە.

- ئەی ئەو هەموو خێزان‌و ماڵە چیان کردووە. تۆ بڵێی کەسی نەکوشتبێ؟.

- نەخێر کاکە.. شوکر هیچ نەبووە، خێزانەکان بڵاوبوونەتەوە لە ناو باخچەو ژێر بەردەکاندا.

ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەی چیرۆکەکەمان لە مانگی ئەیلولی ١٩٦١دا هاتە کایەوە سەرەتای شۆڕشە پیرۆزەکەمانەو، لەو ڕۆژەدا گەلی کوردمان دەستی‌دابووە چەکی سەربەخۆیی‌و یەکەم تەقە لە ناوچەی سلێمانی‌دا کراو، پاش چەند ڕۆژێك ئەو دەنگوباسە لە کوردستاندا بڵاوبووەو، هیچ زمانێك نەما لەسەری نەدوێ‌و، هیچ لێوێك نەبوو ووشەی شۆڕشی لە نێویاندا وەك بروسك‌و تیر دەرنەپەڕێ. ئاگری پڕ تینی شۆڕشەکەمان دارو بەردو وشك‌و تەڕی دایە بەرخۆو، بڵێسەی ئازادی‌خوازی هەموو هەرێم‌و ناوچەیەکی کوردستانی ڕۆشن کردەوە.

خوێن کوڵاو دەروون گڕی گرت، دڵ خورپەی لێوەهات لە ناو تۆڕی سینەدا — بڕوا گەشاوەو خوێن‌و دەماری نەتەوایەتی هاتە جۆش‌و جووڵە.

سەرگەرم بوون مێشك هاتنە کارەوە. بڵێسەی پڕ بڕوایی لە چاوەکاندا درەوشایەوە..

هەستی برایەتی‌و نەتەوایەتی‌و نیشتمان پەروەری وەك ئاگرو پووش هەموو لاشەیەکی داگرت.. کوردایەتی‌و کورد پەروەری هوشیار

بووەوە لە خەوی گران و بەند کراو و، لە دڵێکەوە بۆ دڵێکی ترو لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی تر.

بەڵێ.. دەنگ و باسی شۆڕش بە جۆرێك بڵاوبووەوە کە بڕوا نەکریٚ و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر وەکو تۆزوبا هەڵبکریٚ. بەڵکو هەروەك خۆر لە تاوێکا زەوی پڕ بکات لە تیری تیشکی و ئادەمیزاد وریا بکاتەوە لە شکان و لە بەزینی لەشکری تاریکی و تەمەڵی و، هاتنی لەشکری هوشیاری و کارکردن.

هەرچەندە شۆڕشی ئێمە وەك تیشکی خۆر پێش دەستی نەبوو کە ئاسۆ زێڕپۆش بکات بە تیشکی پیرۆزی ئینجا سەرچاوەی بە زەردەخەنەی وووریا کردنەوەو هاندان بۆ کارکردن دەربکەویٚ.

هەرچەندە چوستی دەنگ و باس وا بەرچاو ئەکرا کە ئەبیٚ لە ڕوویەکەوە خۆی بۆ ئامادە کرابیٚ و مزگێنی هوشیار کردنەوە دەمێك بێت لەسەر دەست و دەمی پەیامنێرانی خەبات و حزب کرابیٚ بە گوێچکەی کراوەیی ئەو خەڵکە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هیچی نەبوو و کەس مزگێنی شۆڕشی بە گوێدا نەپەسترابوو و، ئەم باسە نەبوو بە میوانی پەردەی هیچ گوێچکەیەك، مەگەر لەناو بازنەیەکی تەسك و تەنکدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوو و خەون نەبوو، کە کورد چاوەڕوانی بووبیٚ. یان بڕوای پیٚ بیٚ و، بۆی ئامادە نەبیٚ. بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەشەبای شۆڕش هەروەکو شتێك بووبیٚ و لە یاد کرابیٚ. هەر کە هەڵی کرد یەکسەر زرینگایەوە بە هۆشی هەموو کوردێك.. هەر وەکو خەوتوویەك خەوی لە باوەش کردبیٚ، وە یان لە باوەش خەو بیٚ چاوەڕوانی بەرەبەیان بیٚ بۆ هەڵسان بە کارێکی گرنگ. وە یان ئەویندارێك بیٚ دڵی لیٚ بدا لە چاوەڕوانی کاتی دیاری کراوی ژوان و نەتوانیٚ ئۆقرە بگریٚ.

بەو جۆرە بە هەڵکردنی بای بەرەبەیانی شۆڕشی کورد دەرپەڕی.. بەڵکو ڕاچڵەکا لە خەوێکی گران کە بەسەر چاوەکانیا زاڵ ببوو پاش

شەکەتی ڕێگای دوور. دەرپەڕی هەر وەکو بە کالك[1] و گۆرەوی‌یەوە خەوتبێ بۆ ئەوەی دوا نەکەوێ لە خۆ گورج کردنەوە. بەڵام بە نارێکی.. بەبێ ڕژێم و بە بێ نەخشەو پلانی ئامادەکراو.. بە بێ لێکدانەوەی ئەنجام و تەمەنی شۆڕش. بەبێ خۆ بۆ گورج کردن و ئامادەکردنی پێویستی‌یەکانی شۆڕش و پەرەپێدان و هەڵسوڕانی هەمیشەیی بەبێ ئامادەکردنی زۆربەی جەماوەر بە بێ بڵاو کردنەوەی ئەنجام و ئاوات و ڕێڕەوی شۆڕش بە بێ دیاری کردنی تاکتیك و ستراتیژیەتی دوورو نزیك و بە بێ ڕەچاو کردنی خاڵی پێشەکی و گرنگی ئامانجەکان.

گرنگ ئەوەیە شۆڕش بوو.. هەڵسە کوردە هەڵسە.. خەو بەسیە بەیانە..

باشە.. بەیانەو خەو بەسیە.. وا هەڵسام.. بەڵام چی بکەم.. ئەرکم.. پیشەم.. شوێنم.. بۆ کوێ بچم.. لە کوێ بم.. لە کێ بدەم.. چی بخۆم.. چی بدەم.. چی بهێنم.. لەگەڵ کێ بم.. کێم لە لابێ؟..

ئەمە هەمووی بێ وەڵام بوو.. بێ خاوەن بوو.. بێ ڕێباز بوو.. هەموو کارێك سەرپێ‌یی بوو.. بێ نەخشە بوو.. بێ پلان و پلانچی بوو..

شۆڕش!!.. شۆڕش ووشەیەکی خۆشە.. هەموو زمانێك ئەتوانێ بڵێ.. هەموو دەمێك ئەمە ئەدرکێنێ.. هەروەکو گوێزێك توێکڵی هەیەو دیارە.. بەڵام چی تیایە.. لە چی پێك هاتووە.. چۆن ئەشکێنرێ.. چۆن ئەخورێ.. ئەمە هەموو کەسێك نازانێ...

شۆڕش!.. شۆڕشە.. کورە یەڵڵا شۆڕشە.. بێ ئەوەی بزانین مانای ڕاستەقینەی شۆڕش چی‌یە.

کورد هەڵسا بە شۆڕش.. دەستی دایە چەك.. کام چەك؟. چەکی بیرو بڕوا، یان چەکی کوشتن؟ بڕین؟..

---

[1] کالك -جۆرە پێڵاوێکە لە پێستی گا دروست دەکرێ.

بەڵێ زانیمان شۆڕش بوو.. کام شۆڕش! شۆڕشە! وامان زانی شۆڕش تەقەیەکەو بەس.. یان گرتنی پۆلیسخانەیەکە.. یان شکاندنی قاسەیەکە.. حەفتەیەك، مانگێك، سێ مانگ هەموو شتێك کۆتایی دێت.. زیاتر دەوام ناکا.. حەق وەرئەگرین.. سەربەخۆ ئەبین.. میری ئەڕوخێنین.. بەغدا ئەگرین.. هەولێرو کەرکوك و موصڵ و سلێمانی ئەوە هیچ هەر هی خۆمانە.

حەفتەیەك بەسە.. عەرەب نابینین.. عەرەبی لە بیر خۆمان ئەبەینەوە.. سنورمان هەتا چیای حەمرینە.. نە هیچی ئێمەو نەهیچی عەرەب.. خورما بۆ عەرەب، نەوتی کەرکوکیش بۆ ئێمە..

ئا بەو ئاسانی‌یەو بیر لە ڕوویی‌یەو بێ گوناهی‌یە گەلی کوردمان هەڵسا پاوەو چیاکانی کوردستانی کرد بە هێلانەو لانەی خۆی.

نەی ئەزانی شۆڕش هەر تەقەیەك و مەخفەرێك و قاسەیەك نی‌یە.. حەفتەیەك و مانگێك و سێ مانگ نی‌یە.

نەی ئەزانی شۆڕش خوێنە.. فرمێسکە.. زامە.. شەهیدە.. سووتانە.. وێرانی‌یە.. ئاوارەیی‌یە.. کەساسی‌یە.. جەرگ سووتانە.. پرژانە لێکدابڕانە.. برسیەتیە.. تینوێتی‌یە.. سەرمایە.. گەرمایە.. ڕووت وقووتیە.. پێ خاوسیە.. هاواری منالانە.. ئاهو فیغانی دایکە.. ناڵەی بریندارە.. زەردەخەنەی زامی دوو دەمە.. فیکەی خوێنی ئالۆ سوورە. ڕمبەی قوڵنگە.. خشەی پێمەڕە.. ڕۆڕۆی خوشکە.. گرمەی تۆپە.. هورەی بۆمبایە.. نەڕەی فڕۆکەو زریمەی زنجیری تانکە.. چێوەی گوللەیە.. هاشەی ڕەشاش و ناڵەی چەکی ڕێزە..ساڵێکە.. پێنجە.. دەیە.. پانزەیە.. بیستە.. ئەمە نەوترابوو. دیاری نەکرابوو. بزر بوو.. بەڵام شۆڕش بوو.. بەرپابوو.. هەموو کوردستانی گرتەوە. گەلی کورد شانی‌دا بەر.. بەرزی کردەوە.. پالی پێوەنا بۆ ئامانج. هەرچەندە بەبێ چرا لە تاریکی شەودا بە ڕێگای کۆسپداردا ئەڕۆیشت.. لەبەر یەك شت(( کورد تامەزرۆ بوو بۆ مافی ڕاستەقینەی خۆی)). چەوساوە بوو.. ماف خوراو بوو، هەتیوو بوو.. باوك و دایکی

شك نەئەبرد، ڕووت و برسی و بێ جێ بوو، کەوتبووە پاش گوێ، لەیاد کرابوو.. بزماری خوێناوی لە جەرگی چەقێنرابوو.. خاکی پاک و خاوێنی گلاو کرابوو، بێ بەش بوو لە شیری دایکی.. لە فرمێسکی دایکی، لە سۆزی دایکی.. بێ بەش بوو لە هەموو شتێك لە پیت و بەرەکەتی خاکی بە پیتی کوردستان.. لە بەرهەمی ئارەقی نێوچەوان بێ بەش بوو، لە زێڕی ڕەشی بێ بەش بوو کە وەك خوێنی سوری دەماری کوردە لە لاشەی کوردستاندا ئەڕژێ بەبێ حساب. بەلام نەك بۆ ئاوەدانی خۆی بەلکو بۆ وورگی زل و تێرنەبووی دوژمن.

بەلێ خوێنی سووری کوردە لە لاشەی کوردستاندا ئەکێشرێ نەك بۆ سودی خۆی یان بۆ سوودی ڕۆڵەکانی. بەلکو بۆ سودی دوژمنی.. خوێنی خۆتە لە لاشەی خۆتە، بەلام بۆ دوژمنی خۆتە..

بەلێ، شۆڕش بوو.. خوێن ڕژا .. خاکی کوردستان سەرلەنوێ سوور بوو بە خوێن. خوێنی ئاڵ و سوری شەهیدان و خوێنی دوژمنەکانی.. درەخت سەوز بوو، ووشك بوو.. فڕۆکە هات، وێرانی هات، سووتان هات، کوشتن و مردن هات.. هێمنی و کپی و ئاسوودەگی گۆڕا بە گرمەو هاشەو ڕمبەو نالە..

بەلێ.. ئاوایی (سپیندار)ی هێمن و بێ دەنگ و جوان و خنجیلان و بێ گوناه.. لە سەرەتای پاییزدا بوو.. تازە هاوینی گەرم مالئاوایی کردبوو بۆ ئەوەی پایزی فێنك و لەسەرخۆ پێشوازی بکات.. هاوینی گەرم و تیشکی خۆری سووتێنەر ئاوا بوون لە ژیانی دێیەکەو خۆی کۆکردەوە بۆ خۆشی و شەوبای ئێوارانی پایزو بەرەبەیانیانی ئاونگداری.. نەیئەزانی کە لە جیاتی ئەوە ئاگری بۆمباو گەرمای گۆگرد (بارود)و بریقەی شەستیری ئاگردار پێشوازی ئەکات.

نەی ئەزانی لە جیاتی سێبەری بالندەی کوێستانی کە بەسەریا ڕەت ئەبێت بۆ گەرمیان سێبەری فڕۆکەی مێك و هەنتەرو باجەرو ئەلیۆشن بەسەریا ئەخولێنەوە. لە چێشتەنگاودا بوو کە لە پڕێکا ئەم دێیە جوان و بێ دەنگە ئالۆزکرا.. فڕۆکە وەك بازو باشوکە بالی پڕ مەترسی

شـــۆڕکردەوە بەســـەر خانوەکانـــا لـــە ژێـــر باڵـــەکانیانا دوو چـــاو ئەبریقانـــەوە.. ئـــەت ووت چـــاوی شـــەیتانە.. مردنیـــان لێـــوە دەرئەچوو..شەڕیان ئەباراند.. بۆنی مەرگی لێ ئەهات.. ئاگریان فڕێ ئەدا بێ ئەوەی هیچ کەس ئاگاداری هیچ کەس بێت..

بووە هاوارو گریانو فیغان.. ناڵە.. کەس بە کەس نەما. هەریەکە شوێنی بەجێ هێشتو دەرپەڕی، ڕای کرد نازانن قەزیە چییە.. بۆچی ڕائەکەن. بۆ کوێ ڕائەکەنو هەموو بەجارێ ئەقیڕێنن!.

- هاتنەوە.. هاتنەوە!!..

خانوو چۆڵ بوون.. منداڵ لە بیشکە بەجێمان. چێشت لەناو قاپ بەجێما. هەندێ بە کەوچکی دەستیانەوە ڕایان ئەکرد. پارو لە دەمیانا بوو. پیاڵە بە دەستو ژێرەوەی لە عارد. تاکە پێڵاوێك بە پایان یەك لە شوێن خۆی سەماوەر هەڵکرابوون. ئاو بەردرابووە سەر قۆریو بەسەریا ئەڕژا. تۆزو گەردی مشکی[1] ئاوردانەکان بەرز ببوەوە لە ئەنجامی ڕژانی ئاوی کولاوی چادانەکان.. سەگو پشیلەو مریشك بلاو ببوونەوە بەناو ماڵەکاندا.. هەروەکو حەز بکەن خاوەنەکانیان هەر لەو ڕۆژەدا بن. ژنو منداڵ داچۆڕانە ناو ڕەزو بێستانو بلاوببوونەوە بەناو دارەکانا.. بۆ ئەوەی کەلپەی ڕەنگاوڕەنگ بشارنەوە لە ناو شینایی باغچەکانا..

پیاوەکان هەموو هەڵکشا بوون بۆ سەرگردی پشت ئاواییو بەناو خرە بەردەکانا بلاو ببوونەوە. گریانو هاوارو فیغانو بابە ڕۆو دادەڕۆی خێزان ئەو ناوەی پڕ کردبوو.. هەروەکو بیانەوێ دەنگیان تێکەڵ کەن لەگەڵ فڕەی فڕۆکەو لەقەلەقی شەستیرو گرمەی ساروخو بۆمبا.

دایکانی جگەرسۆز نەیانئەزانی چی بکەن. خۆیان بپارێزن یان جەرگیان. منداڵێ لە باوەشیان.. یەکێ لەسەر شان، یەکێ لەسەر

---

[1] مشکی: خۆڵەمێش

پشت.. هەندێ خۆیان هەڵواسیبوو بە دامێنی کراسی دایکیانەوە.. هەندێ هەردوو دەستیان درێژ کردبوو بۆ پێشەوە بە هیوای خۆ هەڵواسین و گرتنی کراسی دایکیان و قاچیان بە دوایانا نەئەڕۆیشتن. بیجێ مابوون.. ئەگریان. ئەکەوتنە خوارێ.. دائەبڕان لەیەکتر لەناو بەردو دەوەن و داردا وون ئەبون.

هەڵمی گڕی ناوجەرگی دایکەکان بۆ منالەکانیان هەروەکو دووکەڵی جگەرە لە دەمیان دەرئەچوو.. نەیان ئەزانی چی بکەن.. فڕۆکە هەر ئەسوڕێنەوەو مردن ئەبارێنن.. ئەڕشێنن.. ناتوانن بگەڕێنەوە.. ئەبێ بگەڕێنەوە.. منالیان جێماوە.. ئەکەونە بەر بۆمبا. لاشەی بێ گوناهیان پچڕپچڕ ئەبێ لەبەر شەستیر.. زراویان ئەپچڕێ لە ترسانا.. ترس و مردن کاری تێ نەکردن.. گەڕانەوە بۆ منالەکانیان. با بکوژرێن.. بسووتێن.. بەلام لە تەك منالەکانیان.. جەرگیانن ناتوانن بەجێیان بهێلن.. هەندێکیان دائەنان و ئەگەڕانەوە بۆ هیتر.. ئەگریان.. ئەیان نالاند.. بانگیان ئەکرد.. هیچ بەردێ نەبوو.. هیچ دەوەنێك نەبوو.. هیچ دارێ نەبوو کە کۆمەڵێ ئافرەت و منالْ لە ژێریدا نەبێ. لەگەڵ سوڕانی فڕۆکەکان بە دەوری خۆیان و بەردو دار ئەخولانەوە. چاویان زەق ببوو ئەبلەق مابوون لە فڕۆکەکانا..

فڕۆکەکان باریان بەتاڵ کردو گەڕانەوە بۆ ئەوەی هی تر شوێنیان بگرنەوە لە وێرانکاریدا.. سەردارو ئەحمەد چاویان بڕیبووە فڕۆکەکان کە وەك باڵدار ووردە ووردە بچووك ئەبوونەوە لە دورکەوتنەوەداو. هەروەك دوو خاڵی ڕەش لە ئاسۆکەی خۆرهەلاتی باکورەوە لەبەر چاویان گوم بوون. بێ ئەوەی سەرنجیان بگۆڕن لە ئاسۆی خاوێن و روون، ئەت ووت ڕاوچی مێشی هەنگن کە ئێواران یان بەیانیان لەسەر ئاوەکان دائەنیشن و چاو ئەبڕنە هەنگ لەکاتی فڕینا تاکو بزانن بەهۆی فڕین و بەرز بوونەوەیان داخوا شانەو هێلانەکانیان دوورە یان نزیکە!.

ئەم دەرفەتەیان لەدەست نەداو کەمە کەمە هەڵکشان بۆ سەر قوتکەو سینەیان دابەر سەرەوژووری سەخت و پیرە بەردو ووردە ووردە

هەنگاویان ئەناو لە پەنا بەردی زل زلدا پشویان ئەداو ئاسمانیان سەرنجەکانیان ئەپشکنی.

لە دوورەوە گوێیان لە گاڵە گاڵی پیاوەکان بوو کە بە ناو بەردو دەوەنەکاندا بەناڕێکی بڵاوببونەوەو هەر دوو دوو سێ سێ یەکتریان گرتبوو لەبارەی ئەو ڕۆژە ئەدوان. باوکی سەرداریش بە دووربین ئەی ڕوانیە ناو خانووەکانو ژێر هەموو دیوارێکی ئەپشکنی بە شوێن سەردارو ئەحمەدداو لەبەر خۆیەوە ئەیووت:

- نازانم چیان لێ هات، تا ئێستا دیار بوون نازانم بۆ کوێ چوون-چی ئەکەن لەناو ئاوایی؟..

بەڵام لە پڕێکا سەیرکردنەکەی بڕی کە گوێی لە دەنگی سەرداربوو سڵاوی کرد.

- باشە، چیتان ئەکرد لەناو خانووەکانا، خۆ هیچ کەس زیانی پێ نەکەوتووە؟ باوکی سەردار پرسیاری کرد.

- من درەنگ لە خەو هەڵسامو تا ئێستاش دەرفەتمان نەبوو لەبەر فڕۆکە بجوڵێینەوە..

بۆ ئەوەی زۆرتر باوکی دڵنیا بکاتەوە سەردار هەڵیدایەو ووتی:

- شوکر هیچ کەس هیچی بەسەر نەهاتووەو ئەحمەد هەموو خێزانەکانی بەسەر کردەوە.

بەڵام باوکی هەر وەك ووریای کاتەوەو نیوە سەرزەنشتێك بوو کە گوتی:

- ئەفەندیاتی نەماوە.. چیتر لە خەو دوانەکەوی.. لەمەودوا کار زۆرەوئەبێ ووریابن!..

ئەم گفتوگۆیەی سەردارو باوکی زۆری نەخایاند کە بەجارێ دەنگ بەرز بووەوەو هاواریان کرد:

- وا هاتنەوە.. وا هاتنەوە!...

گرمەو گرەی فڕۆکەکان دیسان هێمنیو کپی سروشتیان شێواندو تێکداو هەر وەکو بازی برسیو هەڵۆی گۆشت خۆر پەلاماری نێچیریان

ئەداو ئاگریان بەسەر ئاواییە هێمنو ئاسودەییەکانا بڵاو ئەکردەوەو وا نەبێ هەر خانوو بەرەو دارو درەخت نێچیری ئەم دڕندانە بێت، بەڵکو ئاژەڵو ماڵاتو سەگو کەریش قورتاریان نەئەبوو لە چنگیان کە بەبێ خاوەن وێڵو سەرگەردانی ناو زەویو زارو دەم چەمەکان ببوونو لەبەر گرمەو هاڕەو دەنگی شەستیرو موشەك نەیان ئەزانی لە شوێنێ جێگیر ببنو هەر بە کۆمەڵ کلك لەسەر پشتو بە بۆڕەبۆڕو وەڕینو زەڕین ئەمسەرو ئەوسەریان ئەکردو بە جارێ گلیر ئەبوونەوە هەروەك پشوو ئارامیان بەیەك خۆش بێتو (غەریزەی) لەیەك نزیك بوون کە سروشت داویە بە هەموو گیانلەبەرێك وای لێ ئەکردن وەك تۆپە خڕە گلیر ببنەوەو ببن بە ئامانجی ڕاستەوخۆی فڕۆکەکان، کە بەبێ بەزەییو دڕندانەو دوور لە ویژدان ئەم بەستە زمانانەیان ئەدایە بەر گوللەو موشەکی کوشندەو داڕزێنو کوشتارگەیان ئەنایەوە لەبەردەم ئاواییەکەدا.. هەر وەك ئەم بزوتنەوەیەو کودەتایە لەم ئاژەڵو ماڵانە بێ زمانانە حساب بکەن، کە ئەبێ نەوەك هەر کورد، بەڵکو زەویو بەردو دارو درەختو مەڕو ماڵاتو ئاژەڵش لەناو ببردرێنو پێخوستیان نەمێنێو بەم جۆرە دوژمن نا مرۆڤایەتیو بێ ویژدانی خۆی دەرخست بەرامبەر گەلێکی هێمنو ئاسوودەو ئاشتی خواز.

گاو مانگاکان کە بۆڕەیان بەرز ئەبووەوە بۆ چەرخی ئاسمان بە لاشەی پچڕپچڕاویانو گۆشتو ئێسقانی تێکەڵاو کراویان وا نەبێ هەر پەنایان بردبێتە بەر خاوەنیان بەڵکو ناڕەواییو قینو ڕقیان دەرئەبڕی بەرامبەر دڕندانو گورگی خوێن ڕێژو خوێنمژی چەرخی بیستەم لە عێراقداو هاندانێك بوو بۆ خاوەنەکانیان کە خۆیان بناسنو دوژمنیان لە یاد نەچێو، تۆڵەی ئەم خوێنەیان لێ وەرگرنەوە!..

خاوەنەکانیان کە ئەم دیمەنە پڕ بەزەییو پڕ خوێنەیان ئەدی خۆیان بۆ نەئەگیراو یەکسەر لە شوێن خۆیان بەرز ئەبوونەوەو دەستیان بە باغەڵو گیرفانیانا ناو بە ناو قەدی پشتێنیانا ئەگێڕا بەشوێن چەقۆو کێردو خەنجەردا بۆ ئەوەی ڕاکەن بۆ ملەکە دابەزن بۆ

ناو زەویە ڕووتو تەختەکەی تەنیشت ئاوایی، تاکو ئەم بەستە زمانانە لە ئازاری دوورو درێژ ڕزگار بکەنو هەرنەبێ ئەوەی گۆشتی بخورێ لەکیس نەچێتو لەم ڕۆژە ڕەشەدا لەجیاتی پیتو بەرەکەت ئاسنو ئاگر ئەبارێ بەسەر هەرێمەکەیانداو خۆیانو منالّیان بێ بەش نەبن لە گۆشت کە بە نادلّی ئەوان بەسەریان سەپاندراو، بەناو خۆلّو سورانەوەی فرۆکەکاندا خۆیان ئەدزیەوەو چەقۆ یان خەنجەرێکیان بە ملی ئاژەلّە لێدراوەکاندا ئەهێناو تەرمەکەیان بەجێ هێشتو خۆیان ئەکرد بەژێر پەرژینو بنە دارەکاندا..

ئا بەم چەشنە لە خەباتی مرۆڤو گیانلەبەرە بێ زمانەکان دژی ئادەمیزادی لە دڕندە ئەولاترو دژی ئاگرو ئاسن ڕۆژ بەسەرچۆ، خۆر تیرە تیژو ڕاستە زێڕینەکانی دابەزاند بۆ پەنا چیاکان، تاکو ئەویش لە ڕقی ئەم کارە دڕندانەیە خۆی بداتە دواوە هەروەکو چاوی بەرایی نەیەت ئەم دیمەنە ببینێتو لە جیاتی دەست بگرێت بە چاوەوە پشتی بکاتە زەویو دیمەنی دلّتەزێنو خەلاّتی خۆی کە زێڕپۆشین زەویە وەرگرێتەوە نەوەك گلاّوبێت بە ئاگرو ئاسنی نا مرۆڤ!.

یان هەروەکو ناوبژی بکاتو چیتر نەیەوێ کوشتار ببێت لە ژێر پەردەی ڕووناكو گەشی ئەواو خۆیو تیشکی جوانی کە چرای زەویو هەموو هەسگەلی[1] زیندوو کۆچكو کۆلۆیەکە[2] بداتە دواوە، ئا بەو جۆرە خۆر ئاوا زەرد بووو ، لەشکری کەمبینیو تاریکی لە خۆرهەلاّتەوە هێرشی هێنا بۆسەر ناوچەکەو قەلا بالّدارەکانی دوژمنیش لە ناو زەردو تاریکی ئاسۆکەدا شاردرانەوە تاکو لەگەلّ بەیانا دیسان مردن بڕوێننو ئاگر دابەش کەن.

پیاوەکان لە ملەی پشت ئاوایی دابەزینو گەیشتنەوە ناو خانووەکانیانو بە چاوی پڕ لە ڕقو قینو دلّی پڕ لە خەفەت سەرنجی

---

[1] هەسگەل: چنگەل، کائنات.

[2] کوچكو کۆلۆ: بێ گیان - جمادیات.

زیانەکانیان داو هەندێکیشیان گلێر بونەوە لە دەوری گاو مانگا مردووەکانو ئەوانەی توانی بوویان سەری ببڕن گواستیانەوە بۆ ناو ئاوایی و، دوا بە دوای ئەوانا ماڵو خێزانو منداڵ بە گریانو فوغانو دایە دایەو هاوار کردن ووردە ووردە لەناو درەختەکاندا کشانە دەرەوەو چاویشیان هەر لە ئاسمان بوو لە ترسانا!!.

گەڕانەوە ناو دێ بە پشووی هەڵماوی بە دڵێکی پڕ لە ترسو لەرز. هەنگاوێکیان ئەنا دووجار سەیری ئاسمانیان ئەکرد باڵدارەکانیان لە فڕۆکە ئەنواند ئەکەوتنە سەرزەوی منداڵەکانیش بێ ئەوەی بزانن دایکیان سەیری چی ئەکەن لە ئاسمانا ئەوانیش لاساییان ئەکردنەوەو ئەگریان لەگەڵ ئاهو ناڵەی دایکەکانیان، هەروەک ئاسمان زەوی بێت زۆرتر سەیر ئەکرا، یان ڕۆژی (حەشر) بێت هەروەک ئەڵێن بە ڕەنگی زەردو پشوو بڕاویو ترسو لەرزەوە سەیری بەزەیی و کەرەمی خودا بکەن، گەڕانەوە بۆ ناو دێ.

گەڕانەوە بحەسێنەوە، بخەون، بخۆنو بخۆنەوە، منداڵی برسی و تینوویان تێر بکەن کە بە درێژایی ڕۆژ لە برسانا بە ناڵەو گریانیان بەربەستی دەنگی زلو ناخۆشی فڕۆکەیان ئەکرد.

گەڕانەوە.. نەیان زانی ئەمڕۆ ئاهەنگ ئەبێ لە چاو داهاتوو. بەیانی.. وایان ئەزانی ئەمڕۆ ڕۆیشتو ناگەڕێتەوە، ئەم دڵدانەوەی خۆیان لێ بوو بە دڵە کوتەو ترسو لەرزی زۆرتر کاتێ پیاوەکان ئاگاداریان کردن خۆیان کۆ بکەنەوەو بار بکەن بۆ کێو بەر لە ڕۆژ بوونەوە، واتە بەر لەوەی بسووتێن لەناو ئاگری بۆمباو شەستیرو کەلاوەی خانووەکانیانو باخو ڕەزو داری هەڵقرچاویان!.

ئەم ووریا کردنەوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی چەندە ئەوەندەی تریش بخرێتە سەرو یا هەندێکی لابەنو بگۆڕن تا وای لێ هات لە ئەنجام خەڵکەکە واتێ گەیشت کە هەر ئەمشەو فڕۆکە دێتەوە سەریانو بۆمبارانیان ئەکات، بۆیە بەجارێ بوو بە هاتو هاوار لەناو خێزانو منداڵو خەڵکەکەدا..

هەڵسن. هەڵسن.. پەلە بکەن، بارکەین.. بارکەین.. ئەم ووشانە لە دەمی هەموو ئافرەتو منالێکەوە دەرئەچوون.. ترس پەرەی سەندو بڵاو بووەوە بەناو ئاوایی و دێهاتەکانی تر. نەیان ئەزانی کەی ئەبێ ئەمشەو یان بەیانی، لە ترسانا دەستیان لە مشتەکانیان گیر نەئەبوو. ئەلەرزین و وڕاوەیان ئەکرد، سووکە شیوێکیان خواردو چونکە نەیان توانی بوو شتێ بۆ خۆیان و منالەکانیان ئامادە بکەن، بەهەر جۆر بێ هەندێ باراشیان کردە سەر ئاشی مادەیان (معدە). بەڵام چۆن خواردنێك؟ لە ترسانا، لە پەلەکردنا. لەبەرخەمو خەفەت خۆراکیان لە گەرو دانەبەزی.

- وولاغ ئامادەکران و شتوومەکی سووك تێك نران. ئافرەتەکان منالەکانیان لە پشت بەستو خرانە پاشۆل و دەلەنگ (دەرەلنگ) یان هەڵکردن. کوندەو گۆزەو دێمکە پڕ لە ئاو کران.. چرا بە دەستەوە گیران و بەڕێ کەوتن!

مانگەشەو هێشتا زەوی زیوپۆش نەکردبوو بە ڕۆناهی خۆی لەپەنا کێوی بەرز خۆی مات دابوو، هەر وەك نەیەوێ ئەم خەڵکە بخاتە سەر ڕێ.. شەوێکی تاریك.. ڕێگای سەختو ناخۆش.. سەرەو ژوور.. بارگران پشوو هەڵماو ڕیز بوون یەك بە دوای یەکاو زنجیرەیەکی درێژو پچڕاویان دروست کرد لە ئادەمیزادو بازنەکانی هەمەچەشن، پێشەوەی لەسەر گردو دواییان هەر لەناو ئاواییەکە بوو.. زۆربەیان ئافرەتو منال بوون تەنها هەندێ پیاویان لەگەڵدا بوون بۆ بارکردن و باردابەزاندن.. زۆر دەنگو ئاواز لەم زنجیرە ئادەمیزادە دەرئەچوو تێکەڵاو ئەبوو.. گریان.. پێکەنین.. بانگ کردن.. دا.. دا..دای منالو.. گیان.. گیانی دایکەکان.. قاقای پێکەنینی گەنجو لاوەکان و کوڕوکالو منجەمنجی پیرێژن و بۆڵەبۆڵیان ئەخنکا بەناو دەنگی گریانەوە. سەرەڕای ئەم ئاوازە جۆر بە جۆرانەی منالو خێزان، زۆر ئاوازی تریش بێ دەنگی سروشتی شێواندبوو،.. تەپەی پای وولاغو زریمەی نالو بزماری ئەسپو ماین و ئێسترو حیلە حیلیان و وەڕینی سەگو

بۆڕەی گوێرەکەو مانگاو باڕەی کارو بەرخی ساواو دێرزای و خشەی تەڕاش و دەوەن و خشەی گەڵای دار کە شنەی شەوبا ئەی لاراندنەوەو لەیەکی ئەخشاندن.

دەنگی ئافرەتەکان و قریوە قریوییان دوور بە دوور وەك زمانێکی بێگانە ئەهاتە بەرگوێ. سەختی سەرەو ژوورو بەرزی کێو شەکەتی کردن لە ژێر توورەگەو کۆڵی گرانی سەر پشت و ملیان ئارەق و چپەی دڵۆپی ئاوی کوندە پێستەکان و کوندەی چنراوو (مشەمما) ناو ڕێگاکەی ئاو پرژێن کردبوو.. بێجگە لە فرمێسکی ساردو گەرمی ئافرەت و منداڵەکان کە ئەملاو ئەولای ڕێگاکەی بە دڵۆپ پڕخاڵ کردبوو ماندوێتی و شەکەتی وخەفەت بێ دەنگی کردن و کەوتنە ووڕاوەو بیرکردنەوەلە خۆیان و منداڵەکانیان.. خانووبەرەیان و ڕەزو باخ و بێستانیان..

بەیانی هەمووی ئەسووتێ.. بێ جێگا و ڕێگاو شوێن ئەبن.. زستانی ساردو سامناکیان بەسەردا دێت – بێ خانوو.. بێ ئاگر.. بێ نان.. بێ خۆراك و خواردەمەنی.. لەژێر بەفری زۆری زستان، لەناو ئەشکەفتی ساردو سڕ هەموویان ئەمرن لە سەرماناو ڕەق ئەبنەوە..

## (٢)

ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە چەکدارەکان لەگەڵ (مەحمود بەگ) دوای نانی ئێوارە گەڕانەوە شوێنی ڕۆژ لەسەر ملەی پشت ئاوایی هەروەك خۆیان ئامادە کردبێت بۆ شتێکی تازە بۆ ئەنجامێکی نادیارو چاوەڕوان نەکراو!..

(سەردار) خۆی سەرپەرشتی ماڵ بارکردنی ئەکردو وولاغو پیاوەکانی بەڕێ ئەکردنو خۆشی دوو ئێستری چاکی کۆیان کردنو، تورەگەی کای کردە سەریان. دوایی کاروان گەیشتبووە بنی کێوەکە. کاتێ ئێسترەکانی بارکردنو ڕیشمەی یەکێکی گرتو هی تریش بەدوای ئەودا گرێدا.. کوڕی .. کوڕی دێ.. بە تەنها کەوتە ڕێو. لەبەر بار گرانیو ڕێگا سەختی، ڕێگایەکی تری گرتە بەر دوور تر بوو بەڵام خۆشترو دڵنیا تر بوو.

لە ملەی پشت ئاوایییەکە سەرکەوت، بینی کاروان لەناوقەد کێوەکە دەڕواتو سەرئەکەوێتو بە قورسی هەنگاویان ئەنا لە سەروژوورە. چراکان لەناو دەستیان ئەدرەوشانەوەو هەروەك کارەبا ئەهاتە بەرچاوو، وەك هێڵێکی نارێك لەناو ڕێگای چیران چەپ ئەم لاو ئەولایان ئەکردو ئەم قەد کێوە وەك شارێك بە هاتوو چۆ ئەهاتە بەر سەرنج لەبەر چرای دەستو دەنگیان ئەهات، بەڵام بەبێ ئەوەی کەس تێبگات.

کێوی بەرزو سەخت کە بە پەردەی ڕەشو تاریکی شەو داپۆشرابوو.. دیمەنێکی بەترسو سامناکی وا بوو بە سروشتو لووتکەی بەرزی بەرهەڵستی ئاسمانی ئەکردو بەو تاریكو بەترسە زۆرتر بە سامو هەیبەتو بەرز تر خۆی ئەنواندو وا ئەهاتە بەرچاو کە کەس لێی سەرناکەوێو نایەوێ کەس لووتکەی ببینێ.. ڕووناهی

چراکان بەناو ئەم دەریا ڕەشەدا وەك ئەستێرەی کزو کەم ڕووناکی مانگی نەورۆز دیار بوون کە بەناو پەڵە هەوری ڕەش بەهارا بە ئاستەم ئەدرەوشێنەوە.

دارستانو لێرەواری چڕو پڕی داری بەڕوو و مازوو و دیندار[1] و کەوۆت وەك کراسێکی سەوزو بێ دەماغ دامێنو ناوقەدی کێوەکەی داپۆشی بوو. ڕیزە شاخی بەرداوی سوورکاڵیش وەك سینەی دێوی شەڕاوی بەناو کراسی سەوزی تۆخدا خۆی ئەنواندو هەروەك لە شەڕێکدا یاخەی کراسی دادڕابێتو پەنجەو نینۆکی دوژمنی، سینەی ڕەقو پانی زامدارو خوێناوی کردبێت.

(سەردار) ووردە ووردە هەنگاوی ئەناو لەسەر دەنگو ئاوازو زریمەی ناڵو بزماری ئێسترەکان ئەڕۆیشت کە پای ناڵکراویان لەسەر بەردەکانا ئەزەلیو بڵێسەی ئاگرو پرشەی ئەدا لە ژێر پایەکانیان.

هەرچەندە شەو تاریك بوو، دارو دەوەن پڕو چڕ بوونو گیای نیوە ووشكو پووشیش ڕووی خاکەکەی داپۆشی بوو، بەڵام ڕێگاکە وەك داوێکی ڕەش بۆر دیار بوو و ، هەر وەکو ڕەش مار پێچی کردبووە ناو کەلەکی بەردەکاندا کە لەبەر زۆری ئەم بەردانەی بەستی (شیلان)[2] لە بابو باپیرانەوە بەسەردەمی خەڵکەکەدا هاتووە تا ئەمڕۆ، گوایە خواوەند لە کۆنەوە ڕقی لە بنەماڵەیەك هەڵساوەو بەردبارانی کردووە تاکو منداڵی بێشکەشیان قورتار نەبووە. وە لەبەر ئەم بەردبارانە هەروەکو تەرزە بەردەکان بەسەریاندا کۆم بووە. تا ڕادەیەك ئەگەر هەرکەسێ بیەوێ ئەتوانێ تا لە بەستە بەردەکە دەرئەچێ، کە ماوەی سێ چارەك سەعاتە هەر بەسەر بەردەکانا بڕواتو پای تۆزاوی نەبن.. بۆیە هەرکەسێ نا شارەزاش بێت ئەتوانێ ڕێگاکە بە بەردی قاوەییو

---

[1] داری دیندار: داری چەوت.

[2] شیلان: هەوارگەیەکی بچووکە لە هاوینان خاوەنماڵاتەکان ئەچنە ئەوێ، ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی مێرگەسوورەوە بە نیو سەعات.

ڕەش خۆی ئەنوێنێ بەناو ڕەنگی بۆرو خۆڵەمێشی بەردەکانا لێی گوم نەبێت، هەرچەندە لە زۆر شوێنیش ڕێگاکە بەسەر تەختە بەردی پانو بەریندا ئەچێت، بەلام لەبەر زۆری هاتووچۆ بەسەریەوە، وەك هەڵکەندرابێ وای لێهاتووەو لەکاتی باران باریینیشدا ئاوی بارانەکە وەك جۆگە لەناو کەرخی ڕێگاکەدا خۆی ئەکێشێ، بۆیە زوتر ڕێگاکە چاڵ بووەو لە ئاستی قەراغەکانا نزمترە!.

(سەردار) سەری دانەواندبوو تەنها چەند هەنگاوێك پێش خۆی بەدی ئەکردو کەوتبووە ناو دەریای داڵغەو خەیاڵەوە بێ ئەوەی هەست بکات کەوا لەسەر زەمینێکی بەرداوی ئەڕواتو، مێژووی ژیانی هاتەوە بەر چاو و سەری داوەکەی بە دەستەوە گرت، وورده وورده کۆی ئەکردەوە تا گەیشتە چەند ساڵ بەر لەو وەختە، کەمێك وەستا.. هەر وەك بیەوێ بە ئەسپایی لولی داتو نەهێڵێ بپچڕێتو، یان شوێنێکی باریكو ناسکی لە داوەکە کەوتبێتە ناو پەنجەی بیرکردنەوەو لە پچڕانی بترسێ.

ئا بەم جۆرە لولدانو کۆکردنەوەی داوی بەسەرهاتەکانی ژیانی گەیشتە یەکەم ڕۆژ لە ژیانی دڵداریدا.. یەکەم قۆناغ لە ژیانی ڕاستەقینەی لاوێتیداو خۆشترین سەرەتای ئەوینی پاكو بە کۆسپ و تەگەرەو گیروگرفتی ڕەوشتو نەریتی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو گەنجی تازە پێگەیشتوودا.

کە گەیشتە ئەم شوێنە لە کۆکردنەوەی گلۆڵە مووی ژیانیدا بە ئەسپایی ترو لەسەرخۆتر هەڵی کردەوەو لە یەکەم تاوی ژیانی دڵداریدا دەستی پێ کرد.



﴿ ٣ ﴾

له تەمەنی بیست بەهاریدا بوو کە لە سەفەرێکیا گەڕایەوە بۆ ماڵو لە دوورەوە چاوی بە دەوارێکی زلو درێژی ڕەش موو کەوت لە گۆڕەپانی ئەوپەڕی ئاوایی هەڵدرابوو، هەندێ مەڕو بزنو گوێرەکە لەملاو لەولا بەسترابوونەوەو لە پەرژینی زەوییەکە ئەلەوەڕان، زۆری لا سەیر بوو، چونکە خەڵکی ئاوایی ڕەوشتی دەوار هەڵدانیان نیەو، لە جیاتی دەوار یان چادر کەپرە دروست ئەکەن. هەڵبەت ئەمە ئەبێ میوان بێت یا ڕەوەندو کۆچەرە ڕەت ئەبێت، ڕەش دەوار دیمەنێکی سەیرو جوانیدابوو بە زەویەکە هەروەك گردێکی ڕەش ئەهاتە بەرچاو لە ناو گیای سەوزو مێرگی پڕ لە گوڵدا، بەڵکو لە پاپۆڕێکی زلی ئەکرد کە بەناو دەریای سەوزاییدا لەنگەری دابەزاندبن بۆ بنی دەریاکە و پاپۆڕەوانەکان خەریکی کاروباری ناوەوە بن.

پارچە گیا ڕەنگاوڕەنگەکان بەتایبەتی کۆمەڵێ گوڵی ڕەنگ سپیو زەرد کە کۆمەڵ کۆمەڵ لەناو زەویە سەوزەکەدا سەریان هەڵدابوو لە کاتی شنە بادا کەروێشکەی ئەکردو وەك شەپۆلی سپی کەفاوی دەریا ئەهاتە بەرچاوو نزیك ئەبووەوە لە پاپۆڕی ڕەش موودا بێ ئەوەی شەپۆلی کەروێشکەی گیاو گوڵزار بگاتە بن پاپۆڕەکەو بە ئاوێکی مەند دووری درابوو، هەڵبەت ئەم مەندییە هی پێخوستی هاتوچۆی مەڕو ماڵاتەکان بوو کە گەشیو جوانی گیاوگوڵەکانیان شێواندبوولە ژێرپیدا!!..

ئەم دیمەنە سەرنجی سەرداری ڕاکێشاو یەکسەر کە گەیشتە ماڵەوە لە دایکی پرسی:

- دایە گیان ئەو دەوارە چییە لەولا هەڵدراوە؟

- کوڕم کۆچکردووە (مهاجرە) لە ناوچەی مزووری سەر سنووری تورکیاوە هاتوون بۆ ئێرە!!.
- لێرە ئەمێننەوە یا تێ ئەپەڕن؟
- خاوەن مەڕو مالآتن هاتوونەتە لای باوکت لە شوێنێك دایانمەزرێنێ..

سەردار بێ ئەوەی بزانێ یا هەستی بە شتێ کردبێ لە ناو دلی خۆیدا ئەم ووشەیەی ((لە شوێنێك دایانمەزرێنێ)) پێ خۆش بوو، بۆیە وتی:

- بەخوا لە کاتێکی باش هاتوون. خۆ ئەم سالە باوکم هێشتان پاوانی گوندی (سۆڕان)ی نەداوە بە کەس.. با ئەمان لەسەری بن!.
- کوڕم.. لام وایە باوکیشت هەر ئەم بیرەی هەیە.

سەردار کەمێك وەستاو بیری لە دیمەنی جوانی دەوارەکە کردەوە چونکە لەبەرچاوی سەیر بوو هەروەك شتێکی نەدیتراو خۆشی حەزی ئەکرد هەر وەك ئەوان لە جیاتی ناو خانوو بخەوێو بحەسێتەوە، لە ناو ڕەش دەوارێکی وادا ژیا بوایەو خۆی مەست کردبا بە بۆنو ڕەنگی بەهارو بە دیمەنی جوانی گولو گولزارو هەوای فێنکی ئەو وەرزە. مێشکی خۆی زاخاو دابووایەو کەمێك لە بۆنی زبلو تەرسو پیسایی وولاغو مالاتی ئاواییو بۆنی پیسی ناو کۆلانی خانووەکان دوور کەوتبوایەو شەوانی بارانی لەسەر ئاوازی چرپەی دلۆپی بارانو تەپە تەپی دەنکە تەرزەی ڕەقو تریشقەی هەوری ڕەشی بەهارا بخەوتایەو چاوی بقوچاندایە لەبەر تیری چوستو تیژی ڕوناهی چەخماخەو کارەبای سروشتو ناو هەورو، لەناو باوەشی خەودا کۆنە قسەی ئەفسانەیی خەلکەکەی بێتەوە بیر کە ئەلێن ((ئەم چەخماخەو گرمە تریشقەی هەور دوو فریشتەی ئاسمانن لەیەك ئەخوڕنو دەنگی یەك ئەدەن))..

لەم بیرکردنەوەیەدا بوو ئارەزووی ئەکرد زۆرتر لە بارەی ئەم ماڵە تازەیە بزانێ کە میوانی باوکیەتی. بۆیە ڕووی کردە لای دایکیو پرسیاری کرد:

- باشە.. دایە لەبەر چی لە شوێنی خۆیان باریان کرد؟.

- کوڕم، ئەوە دوو ساڵە ناوچەی ئەوان لەبەر بەفرو سەهۆڵو سەرما نەهاتەو گیاو پووشو چرۆیان بۆ ناکرێ کە زستان بیدەنە ماڵاتیان. هەڵبەت ئێرە گەرمترەو پاوانی زستانی خۆشی هەیە کە مەڕو ماڵاتیان لێ بلەوەڕێ!.

- کەوایە ئەگەر ساڵ خۆشی کرد ئەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان؟

- هەڵبەت.. کوڕم.. ئەوان بە دروستیو تێکڕایی نەهاتوون. ماڵێکیان هەر لەوێیەو ئەمانیش هاتوون.

- وادیارە قەڵەباڵغن لە ماڵی خۆیان؟

- بەڵێ.. بە گوێرەی قسەی کابانیەکە دوو کوڕی بە ماڵو ژن لەوێ ماونەتەوەو جووتو شینایی ئەکەنو ملکەکەیان بەڕێوە ئەبەن.

سەردار هەروەکو بیەوێ بزانێ داخۆ ئەمانی ئێرە چەنێکن بۆیە پرسیەوە:

_ئەی ئەمانە چەندن لێرە؟

خاوەن ماڵو ژنەکەی لەگەڵ کوڕێکو کچێک.. کوڕەکە شوانی مەڕو بزنەکانە.

سەردار دڵی داکەوت ئەم شتانەی لە بابەت ئەو دەوارەوە بیست..

شەو چوو بۆ دیوەخانە. میوانەکان لەسەر نانی شێوان بوون، بە بێ دەنگی بێ ئەوەی خەڵکەکە لە نان خواردن بکات بە سڵاو کردن، شوێنێکی چۆڵی پڕ کردەوەو جگارەیەکی داگیرساند. چاوی بەناو میوانەکانا گێڕا. هەر لە ڕیزی خوارەوە تا گەیشتە قوژبنی سەرەوەی ژوورەکە.

پیرەمێردێك سەرنجی ڕاکێشا کە لەگەڵ باوکیا لەسەر یەك سینی نانیان ئەخوارد. پیاوێکی مەندو لەسەرخۆو ڕووخۆشو گەشو دەم بە

پێکەنین، بەڵام ساڵو بەسەرهات کاریان تێ کردبوو. هەرچەندە لاشەی درێژو لاوازیشی بە دەستە ڕانكو چۆغەیەکی کۆچەری مرادخانیەکی ڕەشو دووکەڵ گرتوو داپۆشی بوو، دەسکە سمێڵێکی پڕو گرژ لە چەشنی شەنی خەرمان کونە لووتەکانی گرتبووو، هەروەکو بنە بەڵاڵوکی پایزان دڕکەکانی شۆڕ ببوونەوە بۆ سەر دەرگای ئەشکەوتی دەمی. کە لە کاتی پارو ئاواکردنا بە ئاستەم ڕیزە ددانی پەرتو بڵاوی بەناو بۆشایی تاریکی دەمیا زەرد ئەکرانەوە لەبەر دووکەڵی قەلوونو، هەر کە کەوچکی چێشتی بەرز ئەکردەوە بۆ دەمی یەکسەر جووتە ئەبرۆی پڕو چڕو موو درێژیشی کە دانە دانە مووی ڕەشی تیا مابوو نیوەی نێوچەوانی پڕ کەلەنو کروشی دائەپۆشیو لەگەڵ جووڵانەوەی کاکیلەی برۆکانیشی بەرزو نزم ئەبوونو پێستی سەری بە مووس تەراشراوی لە ژێر جەمەدانیەکانا ئەهاتو ئەچوو. جار جاریش لەگەڵ مەحموود بەگ پشوویان ئەداو کەوچکەکانیان دەمی لەناو قاپو دەسکیشی لەناو پەنجەکانیان سەیری یەکتریان ئەکردو بە هێمنیو نیوە پێکەنینەوە قسەیان ئاڵوگۆڕ ئەکرد، بێ ئەوەی ئاوڕی ئەملاو ئەولای خەڵکەکە بدەنەوە کە یەك یەكو دوو دوو دەستیان بە دەمو سمێڵیاندا ئەهێناو (الحمد)ێکیان ئەکردو وەك پەراوز دەنك دەنكو وردە نانەکانو دەنکی چێشتەکەیان کۆ ئەکردەوەو ئەیانخستەوە سەر سینی چێشتەکە دوای ئەوە چۆڵ ببوونو تەنها قاپی بەتاڵ نەبێ هیچی تری لەسەر نەمابوو!..

(مەحموود بەگ) لە کۆنەوە ئاشنایيو ناسیاوی لەگەڵ مام حەسۆ هەبوو. چونکە باوکی سەردار پیاوێکی خانەدانو دەست ڕۆیشتوو بە پشتو تواناو ناوبانگ بوو. سەرۆکی هۆزێکی ئازاو دڵ قایم بوو کە زۆرتر لە پەنجا شەست ئاوایی ئەبوو، هەموویان دەست کەمەرو مل کەچ بوون بۆ گەورەی خۆیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێك خۆی بە گەورەترو جیا نەئەزانی لە پیاوانی هۆزەکەیو، وەکو بەگو ئاغار گەورەکانی تری هەندێ ناوچەکانی کوردستان نەبوو کە بە زۆرداریو

که له باب‌و باپیریه‌وه بۆی ماببوونه‌وه له‌گه‌ڵ هه‌ندێ پاوان‌و له‌وه‌ڕگای زستان- ئه‌ویش به خۆڕایی ئه‌دا به‌و که‌سانه‌ی خاوه‌ن ماڵاتن‌و پێویستیانه- بۆیه خه‌ڵکه‌که چ له هۆزی خۆی چ له ده‌ره‌وه زۆر خۆشیان ده‌ویست‌و ڕێزیان لێ ئه‌ناو له قسه‌ی ده‌رنه‌ئه‌چوون. پیاوێکی مه‌ندوو له‌سه‌رخۆو دونیا دیده‌و که‌وتبووه ناو ساڵانه‌وه، به‌ڵام هێشتان به‌هێزو توانا بوو بۆ کاروبارو ڕێ کردن‌و هه‌ڵسوڕانی ئیش‌و کاری خه‌ڵکه‌که. ئینجا له‌به‌ر ئه‌و جوامێری‌یه‌و به‌خشنده‌یی‌و دڵپاکی‌یه هه‌موو که‌س له ته‌نگانه‌دا په‌نایان بۆ ئه‌هێناو ده‌ستی یارمه‌تی بۆ درێژ ئه‌کردن.

مام حه‌سۆ له‌به‌ر ساڵ سه‌ختی‌و بێ له‌وه‌ڕی که دوو ساڵ بوو تووشی ئه‌بوو و زۆر مه‌ڕو ماڵاتی له‌ده‌ست دان‌و شاره‌زای جوامێری مه‌حمود به‌گ بوو: ده‌یزانی شوێنی خۆش‌و له‌وه‌ڕگاو پاوانی پڕ پووش‌و په‌ڵاشی سۆران، له‌به‌ر ئه‌وه تا ساڵ زوو بوو خۆی گه‌یانده لای ئه‌وو داوای شوێنی زستانی لێ کرد.

مه‌حمود به‌گیش به‌بێ یه‌ك‌و دوو به‌ڵێنی پێ‌دا که له کۆتایی به‌هار تا سه‌ری پایز له نزیك ئاوایی (سپیندار)و شوێنه ئاو سارده‌کان‌و ناوپاڵی چیای (نیوه‌خین) به‌سه‌ر ببات‌و فێنکی وه‌رزی پاییزیش له‌به‌رده‌م‌و ناوگه‌لی (ئه‌شکه‌وته) مه‌ڕه‌کانی بله‌وه‌ڕێنی‌و، هه‌ر که زستان داهات‌و له‌وه‌ڕو پووش له‌م دیوه نه‌ما بگوێزێته‌وه بۆ دیوی تری چیاکه‌و له ئاوایی (سۆران) کۆخ‌و هۆل (ته‌ویله‌ی مه‌ڕوماڵات) بۆ خۆی ئاوا بکات‌و له‌ناو بێ به‌فری‌و هه‌واگه‌رمی ئه‌و دۆڵه ساڵ تێپه‌ڕبکات‌و مه‌ڕوماڵاتی به پووشی خۆ له‌به‌ر باران خووساوه‌یی بله‌وه‌ڕێنی‌و به‌خێو بکات.

(سه‌ردار) له دیوه‌خانه سه‌ری دانه‌واندبوو، خه‌ریکی شتێك بوو ئه‌ینووسی. جارجاریش سه‌یرێکی باوك‌و میوانه‌کانی ئه‌کرد داخوا

سەیری ئەو ئەکەن یان خەریکی خۆیانن. تەنها (فەقێ)ی دیوەخانە سەیری ئەوی ئەکرد هەروەکو بیەوێ بزانێ داخوا چی ئەنووسێ. سەرداریش بۆ ئەوەی نەهێڵێ فەقێ ڕووی بگۆڕێ‌و لەو بێ دەنگی‌یە ڕزگاری کات لێی پرسی:

- مامۆستا.. بۆ وا بێ دەنگی شتێك نافەرمووی؟
- قوربان کاتی نوێژ کردنە ئێستا هەڵئەسین.
- فەقێ سمایل قوتابیەکی ئاییینی بوو، لە کۆتایی ساڵانی دەرچوون بوو کە ببێت بە مامۆستای درووست‌و لە کاتی تاقیکردنەوەدا بوو، گەنجێکی ڕووخۆش‌و هێمن‌و ژیرو دەنگ خۆش بوو، بۆیە مەحموود بەگ کردبووی بە مامۆستای ئاوایی، هەرچەندە دێیەکە مزگەوتیشی نەبوو. لەبەر ئەوە خەڵکی زۆر کەم ڕوویان ئەکردە قاپی خوا بۆ نوێژکردن. تاك‌و توك. بەڵام (مەحموود بەگ) سەری چوبا نوێژو ڕۆژووی نە ئەچوون‌و، هیچ کات لە خودا (غافڵ) نە ئەبوو و، هەموو ساڵێك فەقێیەکی ئاییینی ئەهێنایە لای خۆی‌و هەموو خەرجیەکی ئەکرد تاکو بێتن نوێژی بۆ بکات‌و بانگی بۆ بدات‌و دەرفەتە ئاییینی‌یەکان مافی خۆیان بدەنێ..

(سەردار) دوای وەڵامی مامۆستا دەستی کردەوە بە نووسین. لە پڕێکا هوشیار بووەوە لەسەر دەنگی فەقێ کە هەر ئەیووت‌و ئەیووتەوە ((اللـه اكبر.. اللـه اكبر.. حی علی الصلاه.. حی علی الفلاح)) موسوڵمانینە باش ڕاوەستن.. ڕیزبن.

سەری بەرز کردەوەو میوانەکان هەموو چەپەریان بەستبوو. لە یەك ڕیز ڕاوەستابوون لە دوای مامۆستا..

فەقێ سمایل بە دەنگێکی زۆر خۆشەوە (سورەتی فاتیحە)ی ئەخوێند. خەڵکەکەش هەر نرمە نرم‌و پسە پس‌و منجە منجیان بوو لەبەر خۆیانەوە بێ ئەوەی هیچیان لێ تێ بگات.

(سەردار) کە لە پشتی نوێژکارانەوە دانیشتبوو یەکە یەکە چاوی بە پشتیاندا خشاند تا گەیشتە (مام حەسۆ) کە لە شانی چەپی

باوکی‌یەوە وەستا بوو، هەرچەندە پشتی کەمێکیش کەوانەیی کردبوو، بەڵام بە گوێرەی سێبەریان کە چراکە لە دیواری پێشەوەیان چاپی کردبوو لە گشتیان درێژتر بوو. خۆ سێبەری فەقێ سمایل لە کورتی هەر دیار نەبوو لەناو ئەوانی تردا.

نوێژیان تەواو کردو هەریەکە شوێنی خۆی پڕکردەوە، سەرداریش بۆ ڕێزلێنان هەڵسایە سەرپێ‌و کەمێك خۆی ڕاست کردەوە. دەرفەتێکی باشیش بوو تا قاچەکانی بگۆڕی کە لە ژێری خۆیەوە تەزی بوون.

دوای نوێـژی خەوتنان زۆری نـەبرد کـە (مـام حەسـۆ)ماڵئـاوایی لـە دیوەخانەکە کردو گەڕایەوە بۆ ناو ڕەشماڵ‌و، هەر لەو هەڵسانە پایەوە (مـەحمود)بـەگیش شەوباشـی لـە میوانـەکان کـرد دوای ئـەوەی خزمەتکارەکە نوێن‌و پێخەفی لەسەر سەکۆی بەر دەرگا کۆکردبوونەوە بۆ ڕاخستن.

سەرداریش لەگەڵ باوکی گەڕایەوە بۆ ماڵ کە پەنجا هەنگاوێك دوور بوو لە دیوەخانەکەوە. خانووی ماڵ لە شوێنێکی کەمێك بەرزو لەناو باخ‌و بێستاندا ئاواکرابوو.

دیمەنێکی جوانی هەبوو لەناو سەوزایی باغ‌و درەخت‌و میوەجات. لە پەڕی خوارەوەی ئاوایی بوو. کانیاوێکی جوان‌و پاك‌و بۆش سەد هەنگاوێك لەولاتر بوو. هەموو باغ‌و بێستانەکانی خوارەوە بەو ئاوە ئاو ئەدران‌و لەبەر ساردی‌و پاکی‌و ڕوونی ئاوایی‌یەکەش هەر لەو ئاوەیان ئەخواردەوە هەرچەندە کانیاوی تریش هەبوون، بەڵام دوورترو کەمتریش بوون لەوە..

ئاوایی (سپیندار) لەسەر بەرزایی‌یەکی خۆش‌و پان ئاوا کرابوو. زۆربەی ڕەزو باغ‌و دارگوێزو میوەی‌تر کەوتبوونە خوارەوەو سەرەوەو تەنیشتەکانی ئاواییش بە لێرەوارێکی پڕو چڕ لە دەوەن‌و تەڕاشی کورتەباڵای داربەڕووو مازوو دەور درابوو. هەرچەندە مەڕومالاتیش هیچ گەڵا یا پەلکیان بە بنی دارەکانەوە نە ئەهێشت، لق‌و گەڵاکان کە دەمی ماڵاتیان نە ئەگەیشتێ بە ڕەنگی سەوزو جزان‌و پڕ، هەر لە

سەرومێزەری زلی سەیدەکانی ئەکرد کە بە ملێکی باریکو پڕ دەماری پیرەمێردانە بە ئاسمانەوە وەستابوون.

دارگوێزێکی زلو بە تەمەنو قەد ئەستووریش بەرز ببووەوە بۆ ئاسمانو بە لقەکانی سێبەری لە کانییەکە ئەکرد. لە هاوینیشا ئەکرا بە ساباتی دیوەخانەو دیمەنێکی دڵکەشی دابوو بە دێ یەکەو حەسانەوەو خەوتن لە ژێریا ئاواتی زۆر کەس بوو، هەرچەندە خەوی ژێر گوێزیش کەمێك گرانەو لاشەی خەوتوو تێك ئەشێلێ، بەڵام ئاوی پاكو جوانو سارد لە ژێر سێبەرێکی خۆشو بڵاو و لە شوێنێکی تەخت کراودا بە هاوینەهەوارێکی خۆجێیی دائەنرێت بۆ حەسانەوەو دڵو دەروون هێمن کردنو پشوودانی بەختەوەریی.

خروشتو چریکەو دەنگی هەمە چەشنەی باڵدارەکانیش کە لە ناوو گەڵاو بەسەر لقەکانی ئەم دارگوێزەیان بە جێگای خۆ دائەنا، دەنگو ئاوازێکی تری ئەدا بە سروشتو مێشکی ماندووی ئاسوودە ئەکرد.

ڕۆژی دوایین دوای نیوەڕۆ بوو، خۆر لەناو جەرگی ئاسمان ترازابوو بەرەو ئاسۆی خۆرئاوا. پەڵە هەوری ڕەش و ئەستوورو پڕ وەك ڕەشبەڵەکی بەفر ئاسمانیان پینە پینە کردبوو، زەوی خۆی ڕازاندبووەوە بە کراسێکی سەوزو ڕەنگاوڕەنگ و گوڵدار، بە جارێ ئەم پەردە سەوزە بەسەر خاکەکەدا ڕاکێشرابوو، مەگەر شینکاڵ و سورکاڵ و بەردە لانەکانی قەراغ کەندو دۆڵ و چەمەکانی ئەم پەردەیان لەسەرخۆ لادابێ و بە ڕەنگی ناشرینیان کراسی سروشتیان پینە کردبێ. خۆریش لەپەنا پەڵە هەورەکاندا ئەملاو ئەولای ئەکرد تاکو زەوی لێوە دیار بێت و بە ڕەنگی زێڕینی پەردەیەکی تەنك و ڕوون و زەرد بەسەر ئەم کراسە سەوزەدا بکێشێ، بێ ئەوەی ڕەنگی سروشتی داپۆشێ و، بەم پەردە زەردو زێڕینیە ناسکە، بووکی سروشت وەکو کچێکی چواردە ساڵ ئەهاتە بەرچاو لە شاییەکدا تەنکە کراسێکی وەك باڵی مێش ئەکاتە سەر کراسی جوان و ڕەنگاوڕەنگدا تاکو دیمەنی زۆرتر سەرنجی لاوەکان ڕابکێشێ و لە ئاییینیان لا بدات.

ئەوەی زۆرتر ئەم دیمەنەی لەبەر چاوی سەردار جوان کردبوو کە بەتەنها لە سەربانیماڵەوە وەستابوو شنەبایەکی هێمن و لەسەرخۆ لە خۆرئاواوە هەڵی ئەکردو بە نزمی بەسەر زەویدا ئەخشێ و گیاو گوڵ و گوڵزاری هێنابووە هەژان و لەرزین هەروەك شەپۆلی هێمنی دەریا کەروێشکەی بە گیانی مێرگەکان ئەکردو بە ئەسپایی گەڵاو لقە بەرزەکانی دارو درەختی ئەلەراندەوەو ساردی یەکی کەمی بە دەم و چاوی ئەو ئەداو ئەرمە تەزووی باریکی بە لاشەدا ئەهاتە خوارەوە.

هەستی بە گەنجیەتی کردو ووتەی گەنجەکانی هاتەوە بیر کە بەم بایە هێمنە ئەڵێن ((بای بسکان)) کە بەناو بسکی کیژەکاندا ڕەت ئەبێ

له شوێنه بەرزەکانا ئەملاو ئەولایان پیٚ ئەکات. به جوانی ئەم دیمەنه دڵــی کەوتــه لێدانێکــی لەســـەرخۆو، بۆنــی خۆشـــی بـــەهار هەســـتی بۆنکردنی هێنایه جموجۆڵو حەزی ئەکرد بەم تەنهاییـیە چاوەڕاوێکی کردبایه. سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد لــه خــۆی زیـاتر کەسـی تـری نەدیت. جیهانێکی چۆڵ تەنها جار جار گۆیٚی له تەقەی قاپو قاچاغی ماڵــەوه ئــەبوو کـــه دایکــی لــه ئاشــپەزخانه (ژووری چێشــت کــردن)) هەڵگێڕو وەرگێڕی ئەکردن لـه کـاتی بـەکارهێنانیان. هەرچـەنده (بـای بسکان) لەگەڵ خۆڕنـزم بوونـا تووندتـر ئـەبوو بـەڵام (سـەردار) داخـی ئەخوارد کەوا ئەم بایه فێنكو لاشــه تەزێنــه بـه خۆڕایـی ئـەچێت بـیٚ ئــەوەی خــاوەن بسـکێك لــەو نــاوه دیـار بێـتو لــه دەرەوه بێــت تــاکو بسکەکانی بەرزو نـزم کاتــەوەو بەســەر ڕوومــەتی لـووسو تــەڕو پــڕدا تێپەڕبێتوبسکی بادراو له گوارەی گوێچکه جیا بکاتەوه.

بەڵام ڕێکـەوت هـەر وەك بیـەویٚ (سـەردار) بـه سـەهووو نـا دروست بخاتـەوه، کـه ئاوڕێکی لای شانی چەپی دایـەوه ئـەو بـیٚ ئومێدیـیـەی دەری ئەبڕی به هیـوا هاتـەدەر هـەر کـه چاوی به بەژنو باڵایـەکی بەرز کەوتو له دوورەوه یاریان ئەکرد لەگەڵ شنەبادا، بەڵام هیچ جار ئەم دیمەنــەی نـەدیبوو. ڕوویـەکی بێگانــه بـوو لەبـەرچاوی. لەبــەر ئــەوه ویسـتی بـاش سـەرنجی بداتـیٚ. بـەڵام کورتـی ڕێگـا لـه نێوانیـان ئـەم دەرفەتـەی لـه دەسـتداو گەیشـته ژێـر دیـوارو سـوانەی خانووەکـه بـیٚ ئـەوەی ئـاوڕێکیش بداتـەوه لای (سـەردار)، کـه تەنـها ئـەوەی بـۆ کـرا سەرەوخوار سەیری چارۆکـەی سپی بکات که بەسـەریا شـۆڕبووەوەو چەپەری کەزیەکانو پشتی داپۆشی بوو تاکو سەرپاژنەی پێڵاوی..

کـه لـه خانووەکه ڕەت بوو (سـەردار) هـەر لـه دواوه بـه چـاو قووتـی ئەدا.. چاوی کەوت به گۆزەی دەستی زانی ئەڕوات بۆ سەر کانیو ئەی بینێتەوه.

بە پەلە لەسەر چۆك دانیشت و هەردوو دەستی لە گوریسەبانەی خانوو گیر کردن و سەری شۆڕکردەوە بۆ ناو دالانی خانووەکەو بانگی کرد:

- دایە.. دایە..

بەلام گوێی لە وەلامی دایکی نەبوو.. سەرێکی بەرز کردەوەو سەیرێکی ڕێبواری کردەوە تاکو بزانێ گوێی لە بانگ کردن بوو یا نا. دیسان سەری شۆڕکردەوەو دەستیشی خستە ژێر گوریسە بانەکەو بە داری دەستی لە دیوارەکەی داو لە گەلیشیا بانگی کردەوە:

- دایە.. دایە..

دایکی هاتە دەرەوە لە ژووری چێشت کردن و چەقۆو سەرە پیازێکی زلیشی بەدەستەوە بوو کە ئەیویست ووردی کات بۆ ناو ساوارو بە پێکەنینەوە سەری بەرز کردەوە بۆ دەم و چاوی کوڕی:

- ها.. ئەوە چیتە وا ئەقیڕێنی؟

- تو خودا سەیری سەر کانی بکە ئەوە کێیە؟

- بەلام تا ئەو ئاوڕی دایەوە لای کانی، (خانزاد) خۆی نزم کرد کە گۆزەی پڕ بکات. نەی دیت، هەردووکیان سەیری سەر کانیان ئەکرد، چارۆگە سپی خۆی ڕاست کردەوەو گۆزەی پڕ ئاوی خستە سەر لێوی تاتە نوێژەکە، لفکەی کەواکەی خڕکردەوەو وەك تۆپ لە پشت کەمەری وەستاندو دانیشتەوە سەرچۆك، (خانزاد) لە دایکی سەردار دیار نەبوو، بەلام سەردار لە سەربان چاوی بڕیبووە هەردوو بازو زەندی سپی و لوولدراو کە بە هەندێ بازنەی زێڕ دابەزیبوونە ناو گۆشتی قۆلی.. دەم و چاوی شۆڕین و بسکەکانیشی خستبوونە ناو دەمی ئینجا بە هەردوو دەست ئەوانیشی تەڕ کردن و خۆی ڕاست کردەوە، نیوە ئاوڕێکی داوە لای ئەوان بەلام زوو ڕووی گۆڕی.

دایکی (سەردار) زەردەخەنەیەکی هاتە سەردەم و گوتی:

- کوڕم.. ئەوە خانزادە.. کچی ئەو مالە تازەیە.

هەر وەك بیەوێ ناڕەزایی خۆی دەربڕێ چونكە لە كاری خستو دووریش نییە ڕۆنی ناو تاوەكەش سووتابێ، بۆیە بە پێكەنینەوە گوتی:

- كوڕم.. هەر بۆ ئەوەش بانگت كردم؟.

- ئەی ئەگەر بۆ ئەمە بانگت نەكەم ، چیتر لەمە گرنگترە.

(سەردار) بەسەر خۆیەوە نەیهێناو كەوتەوە پیاسەكردن لە سەربانو بە پەلە ئەگەڕایەوە سەر سوانە نەوەك نێچیر ڕەت ببێتو نەیبینێ.

(خانزاد) سەیری بن پای خۆی ئەكردو لەسەرخۆ هەنگاوی ئەنا بێ ئەوەی سەر هەل بڕێ، هەروەك هەستی شەشەم پێی بلێ، وا سەیرت ئەكات سەر هەلْنەبڕێت. (سەردار) لەسەر سوانە وەستاو سەیری دەمو چاوی تەڕو بسكی بە دلۆپە ئاوی ئەكرد كە وەك فرمێسك ئەكەوتنە سەر بەرزایی جووتە هەناری سینەو یاخەی كەوای گولْداری تەڕ ئەكرد..

گەیشتە ژێر سوانە، بە بێ خواستی خۆی سەری بەرز كردەوەو چاوی كەوتە ناوچاوی (سەردار)و بەپەلە سەری دانەواند.. بەلاّم دوای چی؟..

هەروەك دوو كەس بۆ یەكجار تەقە لەیەك بكەن، یەكتریان پێكا. سەری تیری گڕداریان بەناو دلْدا چەقی. (خانزاد) وەكو مامزی لێدراو نەیویست بكەوێتە دەست ڕاوچیو بە پەلە هەنگاوینا تاكو نەكەوێتە بەر تیر.. بەلاّم تیری یەكەم ئەوەندە بەتینو كاریگەر بوو كە ڕاوچی بیر لە هی تر نەكاتەوەو نێچیر ماوەی هەنگاوی لە كورتی داو قاچی شل بوون بەلاّم بەناو نازو فیزی خۆپەسەندیدا شاردیەوە نەوەك (سەردار) هەستی پێ بكاتو بە شوێن پێخوستی خوێناویدا بگەڕێتو بكەوێتە دەست!!..

(سەردار) بە چاو ئەوی قوتداو سەیری بالاّی بەرزو ڕۆیشتنی دلْفڕێنی ئەكردو چاوێكیشی هەر لە گۆزەی دەستی بوو كە لچكەی فەقیانەی بەسەردا شۆڕ ببوەوەو لەسەر سمتیدا كەوانەیان كردبوو.

خەریك بوو ئاوابێت، هەروەك نێچیری برینـدار دوا ئاوڕی دایەوە داخوا ڕاوچی بە شوێنیا دێت. کار لە کار ترازا هەردووکیان هەستیان بە لێدانی دڵی ئەوینی نەدیتەیان کرد، بە تایبەتی (سەردار) دوای ئاوابوونی ئەو هەستی بە ئازاری برینی دڵی کردو زانی لێدراوە. کەوتە منجە منج لەبەر خۆیەوە ئەیووت:

- بەهەشت بەبێ پەری چۆڵگایە.. کوردستانیش بەبێ ئەمانە وێرانگایە..

دڵی دانەکەوت چونکە بەناو شەپۆلی شەرمو پەلەی خانزادا نەیتوانی باش بەدی بکاتو لێی وورد بێتەوە..

- ئەبێ باش بیبینم.. کوردستان بووکی سەر زەمینە، ئەمیش بووکی کوردستانە.

سەردار کوڕی بچووکتر بوو، چونکە (مەحموود بەگ) دوو کوڕی تری بەماڵو ژنیشی هەبوون، ماڵیان جیا بوو، لەبەر قەرەباڵغی لەیەك ماڵا نەئەحەوانەوە، بۆیە هەر وەك هەنگ ئەگەر لە شانەیەکدا جێگای نەبووەوە لە وەرزی بەهاردا شولخە ئەداتو ئەبن بە دوو شانە، ئەوانیش دوای ژن هێنان ماڵیان لە باوکیان کردو هەر لە نزیك ئەوەوە خانوویان ئاوا کردبوون.. تەنها (سەردار) بێ ژن بوو، لەگەڵ باوکیا یەك ماڵ بوونو کوڕی ژنی تازەی (مەحموود بەگ) بوو. بۆیە کەمێك خۆشەویست تر بوو لە ئەوانی تر.

# ﴿ ٥ ﴾

ئەو شەوە سەردار زۆر بە ئالۆزی خەوتو دیمەنی ئەو کچەی لەبەر چاو لا نەئەچوو. ئەیویست باش ببیبنی‌و بیناسێت، بە درێژایی شەوی درێژ بیری لەوە ئەکردەوە چۆن بیدوێنێ. چۆن بەرامبەری بووەستێ؟ بە چ بیانوویەك قسەی لەگەڵ بکات. بێگانەیەو نەیدیوە، قسەیان بەیەکەوە نەکردووە. شارەزای نی‌یە وەکو کچانی تری ئاوایی کە هەر وەکو یەك خێزان یەکتر ئەناسن‌و لەیەك بێ شەرمن‌و گاڵتەیان پێ ئەکات‌و لە ڕێگای سەرکانی بەردیان تێ ئەگرێت‌و جارجاریش گۆزەی لێ ئەشکاندن‌و ئاوی ساردی بەسەر لاشەو کەللەیانا ئەڕشت.

بەڵام ئەمە وانی‌یە شەرمن دیارە لەبەری ڕائەکات، ئایا ئەمەش وەکو کچانی ئاوایی گاڵتە قبوڵ ئەکات؟ یا لە خۆی ڕازی‌یەو کەس نادوێنێ؟

بەڵام ئەمیش هەروەکو کیژەکان دڵی هەیەو حەز لە خۆشی ژیان‌و ڕۆژ ئەکات. بەتایبەتی لەم وەرزە کە بەهارە جوانی دیمەن‌و خۆشی ڕوانگاو بۆنی کاریگەری گوڵ‌و گیاو خورتی خوێنی ناو دڵ و دەمار هەموو گەنجێك مەست ئەکات‌و لە دڵ‌و مێشکی‌و دوورە پەرێزی‌و گۆشەگیری دووریان ئەخاتەوەو زۆرتر پاڵیان پێوە ئەنێ بۆ ژیانی بە کۆمەڵ‌و تێکەڵاوو لەیەك نزیك بوون.

خۆ ئەگەر چەند شەرمن‌و سڵ‌و شەموسیش بێت وردە وردە هێمن ئەبێتەوەو دێتە دەست.ئەبێ بۆی دانیشم‌و تەڵەو داوی بۆ بنێمەوە تا ئەکەوێتە ناو. بەڵام دڵنیام دوێنێ هەر وەکو ئەو کاری لە من کردووە منیش کارم لەوکردووە؟! چونکە دڵ ئاوێنەی دڵەو

ئاوڕدانەوەی دوایی باشترین نیشانەیە کەوا ئەویش وەك من هەست بەو دڵ سووتانە ئەکات. ئەمڕۆ لێی تێ ئەگەمو چاودێری ئەکەم کە هاتە سەر ئاو.

بەم جۆرە خەیاڵاتو بیرە سادە و ئاسانانە (سەردار) بەیانی کردەوەو بە دڵێکی هەستیارتر پێشوازی ڕۆژی دووەمی کردو، بۆ ئەوەی خۆی باشترو ڕێکوپێکتر پێشان بدات، دەستە جلێکی تری کردە بەرو ڕیشی بە چەشنێ تراشی مێش خۆی لەسەر ڕوومەتی نەئەگرتو خۆی پوختە کرد.

دڵی گەنج ئەوە نالێ.. ئەگینا، جوانیو قۆزیو لێهاتوویی (سەردار) پێویستی بەم ئاراییشو دەستکاریانە نەبووو، هەر بابەتە جلێكو ناڕێکیەشی هەبووا هەر هەمان کوڕ بوو کە کچەکان بە چاوئەیانخواردو گاڵتەی ئەویانن لە شەکربارین ئەزانیو خۆشیان ئەویست، هەروەکو پەندی کوردی ئەڵێت: ((ئەوەی خاوەن ماڵ ئەیزانی ئەگەر دز بیزانیایە کار لە شوێنی تر ئەبوو)). باڵا بەرزو ڕوویەکی خڕی هەبوو، هەرچەندە چاوەکانی کەمێك ووردیش بوون بەڵام گەشو پرشەدار بوونو برژانگی ڕەشو درێژ دیمەنێکی دڵفرێنی دابوو بە چاوەکانی، گەنم ڕەنگ بوو. بەڵام ڕەشیو پڕی هێڵی برۆکانی ڕەنگێکی تری دابوو بە ئەو. خوێن شیرینو ئێسك سووك ئەهاتە بەر سەرنج، بێجگە لە ڕەوشتی باوی ناو کۆمەڵ کە کوڕی گەورەی هۆز بو، بەتامتر بوو لەبەر چاوی کچەکان..

لەگەڵ ئەوەشدا سەنگینو بەڕێز بوو بێ ئەوەی بە کاری بەد خۆی سووك بکات. بەڵگەو نیشانەی بێ ڕێزی نەئەدا بە دەستەوەو خۆی لە شەڕی ڕەگەزی نەرمو نۆڵ ئەپاراستو بێ دەسەڵات بوو بەرامبەریان.

بەڵام ڕووداوی دوێنێ ئەم پەردەیەی لەسەر دڕی و لابردو کردی بە کوڕێکی تر. شەڕ بفرۆشێت و شەڕ بکرێت، داو بنێتەوە. ڕێگا بکرێت. پەردەی شەرمی تەنك بوو بەرامبەر بە خانزاد. بەڵکو بیری ئەکردەوە کە ئەم پەردەیە هەر لا ببات بەرامبەر بە ئەو، زاتی کۆنی کۆکردەوەو بڕیاریدا ئێوارە ڕاو بکات، واتە لەسەر ڕێگای بوەستێ و بیگرێ.

نانی نیوەڕۆی باش لە گەروو نەچووە خوار کە وەك پاسەوان لە سەربان وەستا، چاو لە ڕێ بوو.. چاوەڕوان بوو.. ها ئەم دەمە نا دەمێکی تر بەدەر ئەکەوێ، ئەیبینی، دڵی ئاو ئەخواتەوە.. بیری ئەکردەوە چی بکات، چی پێ بڵێت؟

لەناو ئەو گێژاوەدا لە شەرمانا هەرچەندە بە تەنهاش بوو ئارەقی ئەکردو ڕەنگی ڕەشتاڵەیی سوورو تاریك هەڵئەگەڕا. تەزوویەکی سارد بە کاریتەی پشتی دا ئەهات و ئارەقی ووشك ئەبووەوە. زەردایەتی‌یەکی کەم خۆی بەسەر ڕوویدا ئەکێشا، نیشانەی ترس و شەرم بوو. حەزی ئەکرد زوو دەربکەوێت و پەشیمانیش بوو، نەوەك لە شەرمان ووشك بێتەوەو بووەستێ، نەتوانێ بیدوێنێ. سەرەڕای ئەوەش شەرمی لە خۆی ئەکردەوە چونکە خۆی بێ توانا ئەهاتە بەرچاو، هەرچەندە شەویش لە دەریای خەیاڵدا لافی لێ ئەداو خۆی بە تەنها مەلەوان بوو، لە خۆی بە زاتترو مەردتر نەئەدی. نەیئەزانی لە ڕووی دڵداریدا لە پەقرەجە ئاوێکدا ئەخنکێ و لە خۆی بێچارە تر هەر خۆی بوو.

لەناو گێژاو و بگرەو بەردەی دالغەدا ڕزگاری بوو کە باوکی بانگی کردو تەورداسێکیشی بە دەستەوە بوو:

- سەردار.. وەرە با بچین کەمێك خۆمان لەناو ڕەز خەریك بکەین تا ئێوارە.

حەزیشی کردو حەزیشی نەکرد. ڕزگاری بوو لەو بۆسە دانانەوەیە بەرامبەر بە دوژمنێکی لە خۆی بەهێز تر، کە خۆی بە بەزیو دانا.

بەڵام دیدەنی ئەو بووکە جوانەشی لە دەست ئەچێت. نایبینێ.. نای دوێنێ تا بەیانیو ڕۆژی تر دێتەوە. زەمانێکە کۆتایی نایەت.
حەزی ئەکرد لەو کاتە هەندێ میوان بهاتانە بەڵکو باوکی لەگەڵیان دانیشتێو ڕەزی لەبیر باتەوە. بەڵام چارەی نەبوو. دەمی کیسەی داڵغەو خەیاڵی بەستەوەو خستیە بەر پشتی، دوا بە دوای باوکیدا هەنگاوی ئەنا. جار جاریش کورتە ئاوڕی ئەدایە دواوە، بەڵکو ڕەت بێت. ئەگەر دوور بە دووریش چاوی پێ بکەوێت هەر باشە، لە نەدیتن باشترە. هیچی نەدیت.
گەیشتنە ناو ڕەز، باوکی خەریکی دابڕینی دارو دەوەنی زیادە بوو، ئەویش لە دڵی خۆیدا ئەیووت: تۆ بڵێی ئێستا ڕەت نەبووبێ، خۆزگام هەر لە سەربان بوومایە، بێگومان ئێستا لەسەر ئاوە، بەڵام بە من چی.
دارو پرچکی بڕاوی لەبەر دەستی باوکی لا ئەبرد چاویشی هەر لە خۆر بوو نەوەك زوو ئاوابێت. حەزی ئەکرد بەردێکی زل لەسەر ڕێگای ڕۆژ دانابووایە یا دیوارێکی بۆ کردبووایە تاکو ڕەت نەبێت بەر لەوەی بگەڕێتەوە، لە دڵی خۆیدا منجە منجی ئەکردو ئەیووت:
- بابە بەسیەتی، با بڕۆینەوە بەیانی من دێم دەیانبڕم. لە ڕووی نەئەهاتو نەشی دەوێرا بە باوکی بڵێت با بەس بێت، چونکە هێشتا ئەوەندەی پێ نەچوو بوو کە ماندوویەتی پیشان بدات ((ئاش لە خەیاڵێك ئاشەوانیش لە خەیاڵێك)). ئەوەی لەناو دڵی سەردار بوو (مەحموود بەگ) نەیدەزانی.. ئەگینا دوور نیە ئەویش کاتی خۆی هەمان دەردی دیبێت، بەڵام هەر تەمەنێك ڕۆژێكو دەردێکە.
خۆر دابەزی بۆ سەر ئاسۆگەی ڕۆژئاوا، زەرد تر دیار بوو، تیشکی زەردی دابووی لە ناو جەرگەی ئاسماناو پەڵە هەوری تەماویو

چرپش تیشکی زێرینی خۆری مژی بوو، سوورکاڵو پرتەقاڵی ڕەنگی ئەنواندو لەبەر ئەستوورایی و پڕی وەك بارستەی بەفری زستان بوون، بەشی خۆرهەڵاتیان بەو ئاوە زێڕە ئاو نەدرابوو هەرچەندە لە هەندێکیانا بەناو کەلەنی پارچەکانا زەردایی خۆر وەك تیر تێپەڕ ببوو، بەرزایی پەڵە هەوری دواوەی زێڕ پۆش کردبوو. هەرچەندە خۆر دائەبەزی بۆ پەنا لووتکەی چیا هێرشی سێبەرو تاریکیش ڕووی نزاری کێوەکانو گردو تەپۆڵکەوملەکانی دائەپۆشیو ڕەنگی زەردی ئەسڕیەوە ئاواتی ئەو ڕۆژەی سەرداریش بە جوولانەوەی خۆر بەسترابووەوەو لەگەڵ ئەوا بزر ئەبوو لە پەنا ئاسۆگەی بێ ئومێدیو پەردەی تاریکی بەسەر ئەدرا.

دوا ئاوڕی دایەوە لای خۆر، تەنها زەردایی مابوو لەسەر هێڵی ئاسۆگەداو دارەکانی سەر ڕیزە شاخی ئاسۆ لەبەر پاشماوەی ڕووناهی خۆر وەك دەنکە شانە دیار بوونو هێڵێکی ڕستیان درووست کردبوو. ئومێد بڕا، کاتی لە دەست چوو، بەڵام پەلەشی بوو بۆ ماڵەوە. بە باوکی ووت:

- بابە .. تۆ نوێژی ئێوارەشت نەکرد. وا خۆر ئاوابوو، با بچینەوە.

(مەحموود بەگ) لەبەر کار کردن ئاگای لە ڕۆژ نەمابوو، بە پەلە دەستی لە کار هەڵگرتو یەکسەر چووە سەر کەڵەکە بەردێکی تەختو ڕووی لە قیبلە کرد، پێش بڕی لە نوێژی ئێوارە کردو نەیهێشت بڕوات.

گەڕانەوە ماڵەوە. باوکی لای دا بۆ دیوەخانە. سەرداریش تەورداسەکەی بردەوە، فڕێی دایە سەر زەوی ناو ماڵ هەروەك ئەو کارەی پێ کردبێتو لێی بێزار بێت یان وەکو دار ئەو تەورداسە ئومێدی ئەوی بڕی بێت.

بە پەلە لە دایکی پرسی: داخوا خانزاد هاتە سەرکانی؟ زۆر دڵخۆش بوو کە ووتی: نەی دیوە بێتە سەر ئاو یا لە کاتێکا ڕەت بووە ئەو لە ژوورەوە بووبێت. بە خۆی دڵی خۆی دایەوەو ووتی:

- نەخێر.. نەهاتووە.. بە خوا چاك بوو: سبەینێ هەر لە بەیانییەوە بۆی دائەنیشم.. بەلام تاقی بەیانیان ئەو ڕێگایە هاتووچۆی لەسەرە، قەڵەباڵغە ناکرێ ئەو کارە بکەم، با هەر بۆ ئێوارە بێت.

﴿ ٦ ﴾

شەو چووە ناو جێگا، تا درەنگ بەسەر تەنیشتەکانیا ئەسوڕایەوە. بەناو تاریکیو چۆڵی ژوورەکەدا، لەژێر پێخەفی گەرمو نەرمدا، خۆی بە ئازا ئەهاتە بەر چاو تەنها مەلەوان بوو لەناو دەریای خەیاڵدا بپەڕێتەوە، تاقە پاڵەوانی ئەو مەیدانە بوو، چۆن شەرم لە کیژۆکاڵ ئەکات. ڕێگای پێ ئەگرمو ئەیدوێنم. باش دیقەتی ئەدەمێ، ئەتوانم ئاویشی پێدا بکەمو گۆزەشی بشکێنم.

ئادەمیزاد بە خەیاڵ پاڵەوانێکەو تاکە کەسە، لە تاریکی شەویشدا کە ڕوانگەی چاو کەمترە لە درێژکردنی دەست، پەردەی شەرم زۆر تەنکە دوور نییە دڕاش بێت، بەڵام هەر کە ڕۆژ بووەوە پیاوی کەم زاتو شەرمن زراوی کەمترە لە زراوی کەروێشك، خواستو لافی ناو تاریکی وەك شەکر بەناو ڕوناهی ڕۆژدا ئەتوێنەوە. پەردەی شەرمو بێ چارەییش لە ئاسن توندتر ئەبێت.

ئینجا با بزانین، داخوا سەرداریش هەرەشەو لافی ناو پێخەفی ئەگاتە کوێ بەرامبەر بە ڕەگەزی نەرم، بەتایبەتی بەرامبەر بە خانزاد؟

## ٧

سەرلەنویٚ ئەمڕۆش خۆی ڕازاندەوە، دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا ڕوومەتی هەر لووس بوون. بەلاّم کە سەرەو ژوور ناو دەستی پیا خشاند سەری مووەکان کە هێشتا خنکاو بوون لەناو پێستی ڕووی‌دا کەمێك زبر بوون. ویستی تاخمی ڕیش تاشین بکاتەوە تاکو وەك سەرباز لەگەڵ بەرەبەیانا مووسێکی پێدابێنیٚ، نەوەك سەرکردەکەی هەستی پیٚ بکات. هەڵبەت سەرباز لە ترسانا ڕیشی ئەتاشیٚ هەموو ڕۆژێك، بەلاّم (سەردار) وا نەبیٚ لە ترسی ئەفسەری تازەی بێت، بەڵکو لە ترسی تاقی‌کردنەوەی ڕوو بە ڕوو بوون بوو لەگەڵ خانزاد، ئەمڕۆی بە تاقیمانە ئەزانی، ئاوێنەی بە دەستەوە گرت سەیرێکی ڕوومەتەکانی کرد ئینجا سەری بەرز کردەوە چاوێکیشی بە ژێر چەناگەو ملی کیشا، هیچ موو دیار نەبوو، بە دەستی چەپی بەسەر ڕیشی‌دا هێنا، دوو دڵ بوو لە تراشین، ئاوێنەی تۆزێك بە درێژایی باسکی لە خۆی دوور خستەوە کەمێکیش سەری بردە دواوە، هەڵبەت ئەویش هەر ئەوەندەلێم نزیك ئەبێتەوە!.. پێخوستی موو لەسەر ڕووی دیار نەبوو، ئاوێنەی دانا لەسەر باوڵی تاخمی تراش‌و تۆزێك بە قونەخشکە کشایە دواوە ئینجا سەیرێکی خۆی کرد، وێنەی بچووکتر دیار بوو، زۆرتر دڵی داکەوت کە پێویست ناکات بیتاشێت. دەستێکی بە یاخەی کراسی‌دا هێناو لەژێر چۆغەکەی دەرهێناو ڕێکی خست، هەڵسا سەرپیٚ پشتبێنی بەست‌و ڕانکەکەی کردە پا، ئینجا سەرەو ژێر سەیرێکی خۆی کرد‌و کەلەن‌و کروشکی نیفۆی[1] ڕانکی ڕێکخستن. ئاوێنەی بەرز کردەوەو چاوێکی تریشی بە بەژن‌و بالاّی خۆیدا گێراو

---

[1] کروشك‌و نیفۆ: چرچ‌و لۆچ

ئاوێنەکەی بە بە بزمار هەڵواسیەوەو سەرسمێکی[٢] گەیاندە باوڵەکەو پاڵیدا بۆ ژێر دیوار تاکو لە پێشی دوور کەوێتەوە.

ویستی دابنیشێ دایکی هاتە ژوورەوە، سنیەکی بریقەداری بە دەستەوە بوو پیاڵە چایەك و شەکردانێکی بچووك پڕ لە شەکری دیشلەمەی لەسەر بوو.. ڕاست بووەوەو دەستی درێژکرد بۆ سنیەکە. بەر لەوەی وەریگرێت بە پێکەنینەوە ووتی:

- تو خودا دایە گیان. ئەمڕۆ قۆزم؟

دایکیشی پێکەنیو دڵنیاتری کرد:

- بە قوربانی باڵات بم.. هەموو ڕۆژ جوانی.. سەرێکی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان. کاریتەی خانووی لێوە دیار بووو خستیە سەری:

- خودا دەستی لەسەرت بێت، تەمەنت لەگەڵ چۆڵو چیا بێت کورم..

سنیەکەی لە دەست سەندو بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی:

- خۆ من ئەم ووت ئەوەندەی درێژ بکەرەوە.. بە هەردووکیان پێکەنین.

ئەو دانیشتەوەو ئەویش چووە دەرەوە. بە پەلە چایەکی ئاوای ناو قورگی کردو پێڵاوی دا سەر پایو دەرکەوت. لە دەرگای بێلایی[١] بایەکی سارد بە ناو لاشەیدا بڵاو بووەوەو کونە لووتی سووتاوە، بە پەلە دەستەسڕی لە باغەڵ دەرکردو خستیە بەر دەمو لووتیو زۆر بە توندی پژمی. کردی بە دوو. ئەها ئەوە چی بوو، لەسەر دەنگی پژمینی دایکی لە ژوور هاتەدەر:

- ئەی چای تر ناخۆیتەوە؟.

- چای چی.. ئارەقم کرد لە ژوورەوە. سەیرێکی ئاسمانی کرد، پەردەیەکی خۆڵەمێشی لە هەور شینی ئاسمانی داپۆشیبوو. ئەترسم بیکات بە باران. دوێنێ باوکم نەیهێشت، ئەترسم ئەمڕۆش سروشت بێ بەشم بکات لە پیاسەی سەربانو دیتنی ئەو.

---

[٢] سەرسم: لووتە پێ– لووتە شەق

[١] بێلایی: هەیوان – دالان

ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ بەناو ئاواییدا سوڕایەوە بێ ئەوەی ئەوەندە دابنیشێ دەقی جلەکانی بشکێ. بەر لەوەی بچێتە بەردەباز سەرێکی بە دیوەخانەدا هێناوە زۆر دڵخۆش بوو کە دیوەخانە گرمەی لێوەدەهات لەبەر میوان. باوکی ناڕوات بۆ ناو ڕەز، لە قادرمەی خانووی ماڵەوە سەرکەوت‌و دەستی بە پێوانی سەربان کرد. وەکو هەر ڕاوچی‌یەك لە بەردەباز خۆی حەشارداو بە دڵە کوتەوە سەیری ڕێگای دەکرد، ها ئەم تاوە نا.. تاوێکی تر نێچیر ئەگاتە بەر لوولەی تفەنگ.

هەرچەند ماوە بەسەر ئەچوو، زۆرتر ئەپەشۆکاو سوور ئەبۆوە لە شەرمان‌و، وەکو قوتابی دەرسەکانی لەبەر ئەووتەوە، تاکو لە تاقیمانەدا لێی نەگۆڕێ. ئەویش ئەو قسانەی شەو لەناو تاریکی ژووردا لە ژێر پێخەفی گەرم ئامادەی کردبوون لەبەر خۆیەوە ئەیگێڕانەوە، هێشتا نەهاتبووە نیوەی قسەکانی لەبیر چوونەوە.

زۆر پەرۆش بوو تاکو ئەیبینێ، حەزیشی ئەکرد کەمێك دواکەوێت تاکو قسەکانی شەوی بێتەوە یاد. سەرێکی بەرز کردەوە بۆ خۆرئاوا، خۆر چەند گوریسێکی مابوو بگاتە پەنا ئاسۆگە، بەڵام پەردەی هەوری خۆڵەمێشی نەیئەهێشت خۆر بە ڕەنگی جوانی زەوی سەوز زێڕ پۆش بکات. زەمین مات‌و لێو بە گەرد خۆی ئەنواند لە ڕقی هەور کە بەربەستی زەردەخەنەی خۆری لێ کردبوو. نەیئەهێشت ماڵ ئاوایی ڕۆژانەی لێ بکات. سەرداریش دەنگی خۆی گەیاندە دەنگی بووکی زەمین بۆ سەرزەنشتی پەردەی هەور کە بە وەرسیەکەوە ووتی:

((ئەها.. هەورێکی چەند دڵ بەستە)).

پشتی لە ڕێگا بوو، خۆی لە بیر چووبوو بۆچی لەسەربانە. بێ ئەوەی ئاگادار بێت کە ئەوکەسەی وا دوو ڕۆژە بە دڵێکی ئاگرینی بۆی

دادەنیشێ، وەك بزنە کێوی لە چەشنی پشیلە هەنگاو ئەنێت و لێوەی نزیك ئەبێتەوە، تاکو هەستی پێ نەکات بەڵکو باش و تێر تێر لە دواوە ئەیبینێ. هەرچەندە ماوەکەش کەم بوو، زوو گەیشتە بن سوانە، بەڵام بەس بوو بۆ وێنەگرێکی وەك خانزاد کە بە ووردی لە دواوە وێنەی ڕاوچی نا هوشیار چاپ بکات لەناو سەرنج و هۆشیدا. ئینجا هەر وەك تانەو پەلاری زاڵ بووی بە بەزیو ئەدات، کۆکەیەکی نزم و هێمنی لە قورگی بەرەڵڵا کرد و گەیشتەبن سوانەی خانوو. ئەو ئاوازە نزمە بەس بوو تاکو ڕاوچی هەستیار ووریا کاتەوە لە هاتنی، لە ژێر سوانە چووە دەر کورتە ئاوڕێکیشی داوە لەسەر شانی چەپی بۆ دڵنیایی. هەستی کرد وا قووت ئەدرێ لەناو چاوە ڕەشەکانی ئەودا.

(سەردار) بەبێ هەست و خواستی خۆی هێزێك لە ناوەوە ناچاری کرد سەری دانەوێنێ و بەرزی بکاتەوە. زەردەخەنەیەکی فریانەکەوتیشی هاتە سەر لێو. بەڵام (خانزاد) هەر وەك تێگەیشتبێت لەم زەردەیەو دڵی بداتەوە بە بزەیەکی شیرین و هاندان وەڵامی داوە، بەری گۆڕی و نەوەستا.

ئەم بزە جوان و شیرینەی لێوو چاو سەرداری خستەوە سەر ڕێگای ئومێد. هانی دا بۆ زات کردن و ملاقات. دابەزی لە بان و چووە ژوورەوە. بەپەلە جامێکی شووشەی بە دەستەوە گرت.. ئاو بخواتەوە لە گۆزەی تەڕ، لە دەستی نەرم، بە ڕوویەکی پڕ لە شەرم. لە دەرگای دالآن چاو لە ڕێ بوو. دڵ ئەیکوتا، لە قەفەسی سینەدا هەڵئەپەڕی، لە خۆشیانا، لە شەرمانا، چینە ئارەقی تەنك و ساردیش ڕووی داگرت، تەزووی سارد سارد بە لاشەیدا، بەناو کاریتەی پشتیدا دائەبەزی، سەرئەکەوت هەر وەکو جووتە سمۆرە بەقەد دارگوێز یاری بکەن، بە شوێن یەکدا ڕابکەن، دابەزن و سەرکەون.

گەڕایەوە، هێمن و لەسەرخۆ هەنگاو ئەنێت، ئاوی هەڵواسراو بە تای گۆزە لە کاتی هەڵێنجان تك تك ئەڕژا.. ئاوی بسکیش تك تك ئەڕژا. گۆزەی لە دەستی ڕاستی خستە دەستی چەپەی، دەستی خستە ژێر

پانایی فەقیانە. بە پەنجەی بڵاوی بەرزی کردەوە، سەریشی کەمێك نەوی کردو ئاوی ڕووی سڕیەوە، فەقیانە دەمو چاوی شاردنەوە تەنها هێڵێکی سپی لە پانی پەنجە ئەدرەوشانەوە لە نێوان چارۆکی سەر پەرچەمو لفکەی ڕەنگاو ڕەنگی فەقیانە.

سەری بەرز کردەوە، دەستیشی لە فەقیانە بەرداو بای‌دا تاکو باش شۆڕ ببنەوە بەسەر لچکی چارۆگی سپی‌و لە دواوە بهەژێننەوە، سەری بەرز کردەوەو سەیری کرد، لەسەر ڕێگا وەستا بوو، سەیری ژێر پای ئەکردو جامیشی هەر بە دەستەوە بوو، نزیك بووەوە هەردوو سەیری یەکیان کرد، مەبەست‌و نیازی یەکتریان خوێندەوە، زەردەخەنەو بزە دەرپەڕینە سەر لێویان، زۆرتر بوو، بوو بە نیوە پێکەنینێك، چەکوچی دڵیان کەوتە خوێن کوتان، ئەستێ‌و بەردی خۆشەویستی بڵێسەی گەرمی ئەوینی ئەداو دڵیان کەوتە جۆش، چەند نزیك ئەبووەوە لە هەر هەنگاوێك پلەیەکی گەرمایی بەرز ئەبووەوە. شەپۆلی خوێن هەڵئەستا بۆ ناو ڕوو، کولمەو ڕوومەت ئەگەشانەوە. ئەجووڵانەوە، هەموو ئامرازێکی ناو ڕوو کەوتنە بانگ کردن‌و چریکاندن، چاو درەوشانەوە لە ژێر سێبەری برژانگ‌و برۆدا، کەوتنە مەلەوانی لەناو دەریای ئاودا. لێوەکانیان ئەلەرزێن، ئەیانویست بەبێ ئارەزوو خواستی‌خاوەنەکانیان لەگەڵ یەك بدوێن، بانگیان ئەکرد بگەنە یەك لە ڕەوشت لا بدەن‌و نەرییت گێرە بکەن لەژێر پای شەپۆلی ئارەزوودا.

سەرەڕای بێ هێزی‌و پڕ شەرمی (سەردار) کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو بەرامبەر بە دیمەنی جادووانەی بەرەو ڕووی دێت، خۆریش کە بەرەو ئاسۆ باڵ‌و شەپۆلی تیشکی شۆڕ کردبووەوە زۆرتر ڕووی ئەوی زەرد ئەنواندو لاوازتری پیشان ئەدا، بەلام جوانترو شیرین تر. خۆرێك ئاوا ئەبوو.. خۆرێك هەڵئەهات لە ڕووی ئەودا، خۆری خودا ڕای ئەکرد تاکو خۆری کوردستان جێگای بگرێتەوە لە ڕووی سەردار..

گەیشتە لای.. جامی بە دەستەوە ئەدی. تێ گەیشت بەر لەوەی (سەردار) دەمی بکاتەوە، ئەو بە بزەیەکی شیرین تامەوە کلیلی قسە کردنی خستە ناو فەراشەی بێ دەنگیو گوتی:

- هەڵبەت تینووتە بۆیە وەستاوی؟.
- لە نێوان گەرمی دوو خۆر سووتانیش هەیە، ئەوەك هەر تینوویەتی.
- کەواتە بۆچ لەبەریان ڕاناکەی؟

(سەردار) هەستی کرد کە خانزادیش قسە خۆشو قسە قووتە، بۆیە بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەگەر تینووشت کردم بەڵام ئاویشم بدە.. ئینجا دەستی درێژ کردو جامەکەی نیوە ئانیشکێك لە خۆی ڕەت کرد، کەوتە ناو دەستێکی تر.. کەمێك ڕانی بەرز کردەوە تاکو گرانی گۆزە بکەوێتە سەر چۆکیو بە دەستی ڕاستە جامەکەی خستە بەر دەمی گۆزەکەو ئاوی پاك بە ئاوازێکی، دەنگێکی سەیرو مۆسیقاییەوە لەناو باریکایی ملی گۆزەوە شەپۆلی ئەداو ئەڕژایە ناو جامەوە.

سەری بەرز کردەوەو جامی لەناو لەپ ڕاگرت. پەنجەکانی وەك ماسی ڕەنگاو ڕەنگ بەناو ئاوو جامەکەدا خۆیان ئەنواند، لەبەر دەست بەرز کردنەوەش سەردەستو فەقیانەی کراسی لەسەر مەچەکی دەستی ترازابوو تا ئەستوورایی قۆڵی کەوتە دەر. بازنی زێڕو بەناو ڕەنگی سەوزو سپیو جوانی گۆشتی قۆڵیدا بزر ببوو. بۆشاییی بازنی پانی پڕ کردبووەوە، هیچ نیشانێکی ترسو گومان لێکرنو لە دەست چوون پەنجەکانی نەڕازاندبووەوە. بەڵام سەردار ئاگای لەوە نەبوو. سەیری ڕووی ئەکرد، وێنەی ئەخستە ناو شووشەی بیلبیلەی چاوەکانی. لەناو مێشکی چاپ ئەکرد.

چاوی کەوت بەناو دوو چاوە هەنگوینییەکانی، پڕ بوون لە مەترسی لە سامی دڕندەیی ماڵی. لە نهێنی، پڕ بوون لە هوشیاری..

چالاکی.. بەختەوەری. لە قولایی‌یەکانیاندا ڕۆشناییەك ئەدرەوشانەوە، ئەیخستیە سەر ڕێگای ڕاستو هانی ئەدای.

کەمێك سەرنجی دابەزاند لەگەڵ سەر نزمکردنی شەرمی.. چاوی کەوت بە دوو کولمە پڕو توونو خڕەکانی، لە ڕەنگی گوڵ ناسكو تەنك تر، لەوە ئەچوو خوێن لە ژێریانا دیارو ئاشکرا بێت لە کاتی بەرزو نزمی‌دا.. ڕەنگی سپی سوور هەڵگەڕا بوو لە هێرشی خوێن.. هەر وەك بەفرێ دڵۆپێك خوێنی بەسەردا ڕژابێ، کولمەکانی لە گەرمی و گرمەی یاری‌دا بوون هەروەك بانگ بکەن.. وەرە.. بڕۆ.. وەرە خروشتیان ئەخوێند لە خۆشیەکی بێ کۆتایی.

بەمەش دڵی دانەکەوت، هێڵ هێڵ دائەبەزیە ناو ڕووی وەك مانگی‌دا. لووتێکی بچووكو جوان زەردایی خۆر ئاوایی لەسەر ئەدرەوشاوەو سێبەری ئەکرد لە دەمێکی بچووك کە بە دوو لێوی تەڕو ئاڵو سوور پێك هاتوو داخرابوو.

ئەو پەشۆکانو شێوانی (سەردار) خانزادی هێنایە سەر زەردەخەنەی بەزەیی پێ هاتنەوە، ئەم بزەیەش بەس بوو کە ووریشەی ڕیزە ددانی سپی بەناو دەروازەی لێوەکانی بدرەوشێنەوە.

سەرنجەکانی وەك کەوی بەهار لە بەرزایی ڕوو خۆی فڕێدایە سەر زەوی سینەو بەسەر دوو تەپۆڵکەی خڕو داپۆشراودا کەوتو دابەزیە ناو نزمایی بە پیتو بەرەکەت تا گەیشتە بەژنو بالای بەرزی هەژدە ساڵانەی هەر وەکو هەژدە هونەرمەند بە هەژدە فرچە دایان ڕشتبێت.

دەمی گیرا.. قسەی بۆ نەکرا، ووتەکان لەناو لێوەکانی تاوانەوە، هەروەك لاڵ بێت.. خۆی لەبیر چوو کە لە نەوەی ئادەمەو پیاوە.. وای زانی بەرامبەر بێ گیانێك.. پەیکەرێك وەستاوە.. ناکرێت بیدوێنێ.. بەڵام دەنگێکی ناسكو بڕاوەیی، باریك لە گوێی ئاشنا بوو، هەروەك خاوەنەکەی بیەوێ بە ئەسپایی و هێمنی لە خەمێکی خۆش و گران هوشیاری کاتەوە:

- ئەوە ئاوەکەیە.

- بم بەخشە.. دوور نیە ماندووشم کردبیت لە جام ڕاگرتن..

بە دەستێکی لەرزاوەوە جامی لە دەست سەند، ئاوی ڕوونو بێ ڕەنگ.. لەناو جامی بێ ڕەنگ، شەپۆلی ئەکردو وەك فەرخە باڵندەی پێگر بە نیوە فڕەوە خۆی تێ هەڵئەدا بەسەر قەراغیا. پەنجە گەرمەکانی سارد کردنەوە کە بەناویاندا خۆی ئەدزیەوە. نەوەك لەبەر پڕی جام بەڵکو لەبەر جوولەو سستی دەستی خەواڵووی ئەو کوڕە. کە بەبێ خواستو فەرمانی ئەو بەرز ئەبووەوە بۆ دەمی..

- دە بخۆرەوە.. بۆچی وا شێواوی؟.

- ئەگەر خۆر لە ئاسمانا بێت هەمیشە لەشکری تاریکایی لە شێوانو نەمانە.

- بەڵام خۆر دوا بە دوای خۆی مانگیش ڕۆشن ئەکاتەوەو ئەستێرەکانیش ئەدرەوشێنێتەوە..

- بەبێ ڕۆشنایی خۆر هەموو شت هیچە..

زەردەخەنەیەکیان ئالوگۆڕ کرد. (سەردار) بە قەراغی جامەکە زەردەخەنەی لێوی شاردەوە کە خستیە ناو دوو لێوی پڕو ئەستووری. بە دەم ئاو خواردنەوە. بە چاویش ئەوی ئەخواردەوەو بە برۆکانیشی ئەیدواند. بە برژانگیشی ڕێزانی ئەکرد[1]..

ئەم بەیەکەوە وەستانە درێژەی کێشا. (خانزاد) سەری بەرز کردەوە تا چاوی کەوتنە ناو چاوەکانی کە خەریك بوون ئەیان مژی.. قووتی دەدەن. بە پەلە چاوەکانی داهێنانەوە.. ترسا بخنکێ لەناو چاوەکانیدا. بەڵام (سەردار) هەروەك ڕەق بوونی لاشەو لاقی، چاویشی نە ئەگۆڕین لە ڕووی ئەو، زۆر توندو تیژ سەیری ئەکرد، نەوەك هەر تیژ بوو، بەڵکو سەرنجی بەرهەڵستیو وورمان بوون. شێوەی هەڵواسرا بە سەرنجەکانیدا هەروەك پەروانە بێ، نەتوانێ لە شەم دوور کەوێتەوە.

---

[1] ڕێزانی: پەنجە نیشان – اشارە

بەر لەوەی کەسێك لەو هەڵوێستە  بیانبینێ خانزاد خۆی ڕامالّی لە هێرشی سەرنجەکانی. بزر بوو لە پەنا دیواری خانووەکە.

دوو خۆر لە (سەردار) ئاوا بوون، بەو ئاوا بوونە چاوەکانی حەسانەوە لەسەرنجی وورمانی، خەریك بوو بێزاری لە خۆی دەربپڕێتو بێ ئومێدی دایگرێت، سەرێکی هەژاند  هەر وەك بڵێ ((خوادا ئەمە ئەکاو، ئەویش ئەکات)).

جوانی کچەکە لە بابەتێك بوو هەرچەند سەیری بکەی جوانتر خۆی ئەخاتە ڕوو. تا وای لێ دێت چاو ئەخاتە گزی (خیانەتکاری) لە دیمەنەکەو ئەیشێوێنێ، هەروەك بە دووربین سەیری شتێکی یەك هەنگاوی نزیك بکەی، جوانێك دەست بەجێ هۆشو دڵ ئەفڕێنێ..

زۆربەی کاتی ئەو وەستانە بەبێ دەنگی ڕەت بوو، بێ ئەوەی  بتوانن باش یەکتر بدوێنن، پرۆگرام دابنێنو، لە جیاتی دەم چاو قسەی ئەکرد. هەرچەندە خانزاد لە چەند ووشەیەك زۆرتر لە دەمی دەرنەچوونو ڕازی دڵی نەدرکاند، بەلاّم بە زمانی چاو خەریکی قسەکردنو هاندانی ئەو لاوە جوانە بوو.. پاش ئەوەی ڕازو نهێنی ناو دڵی ئەوی لەناو ڕەشایی چاویدا دزی.

تاکتیکی ئەوینی کە سەرنجێكو بزەییێكو سڵاوێكو بەیەك گەیشتنێکە، ئەگەر بە ووردیو هوشیاری نەخش بکرێت ئاواتی خاوەنیان ئەهێنێتە دیو کۆسپ و تەگەرە لە ژێر پەردەی نهێنیو ڕاز ئەتوێننەوەو ڕێگای سەخت قیرتاو ئەبێتو ئامانجی دوورو نزیك ئەگەرێتەوەو ئەیگەن پێ‌ی. بە مەرجێك بە پاپۆڕی خاوێنیو بەینەتداری (وەفا)و بەڵێن پاراستن بەناو ئەو دەریا قووڵەدا بڕۆن. بەلاّم مەبەستی کاتیو بێ وەفاییو ناپاکی ئەبنە کۆسپ و شەپۆلی هەڵگێڕانەوەی پاپۆڕی دڵداریو غەرق بوون بەناو دەریای پانو بەرینی ڕەوشتو نەریتی کۆمەڵدا.

ئینجا با بزانین سادەو ئاسانیو خۆشەویستی ئەو دوو لاوە سەر لە چی ئەدات؟.

ئەم دێڕەی نەنووسیبایە جوانتر بوو...

ڕۆژ هاتن.. ڕۆژ بەسەر چوون، داری ئەوینی ئەو دوو لاوە ڕەگو ڕیشەی بەناو زەوی خۆشەویستیدا داگرتن و بڵاوکردنەوە.. تاوای لێ هات ئەگەر ڕۆژێك یەكتریان نەدیبوایە بەرچاویان ڕەش ئەبوو، تووشی تەنگە نەفەسی ئەهاتن. هەڵبەت لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو چاو بەیەك كەوتنە لەبەر دەرگای ماڵەوە ئەبوو، دایكی (سەردار) زوو هەستی پێ كرد. بۆیە ئامۆژگاری كردن كە وریا بن بەڵگە نەدەن بە دەست خەڵكەوەو كەمتر یەكتر بدوێنن، یان هەر نەبێ لە جیاتی لەسەر ڕێگا لە هەیوانی خانوو بەیەكەوە بووەستن، تا خەڵك نەیانبینێ. بەڵام ئەم بەیەكەوە وەستان و قسە كردنە، ئەوەندە سادەو ئاسان بوو كە هیچ یەكیان نەیئەتوانی، نەیئەزانی مانای ئەو خۆشەویستی‌یە بۆ یەكتر ڕوون بكەنەوە و ناوێكی لێ بنێن.. تێر تێر سەیری یەكتریان ئەكردو زۆر قسەشیان ئەكرد، بەڵام هیچ قسەیەك لەوە نەدەچوو كە بۆنی ئەوینی یا دركاندنی ئەوینی لێ بێت.

وەرزی بەهاریاندا دواو هاوینیش لە كزی و كۆتایی‌دا بوو، مەترسی پاییز لە ڕوو بوو. مەترسی لەیەكتر دوور كەوتنەوە، وەك سێبەر لەگەڵ پاییزدا هەنگاوی ئەنا، بار ئەكەن. لە ئاوایی دوور ئەكەونەوە. لەگەڵ كەم بوونی لەوەڕو پووشی ماڵات لە لەوەڕی چاوودڵیش دوور ئەكەونەوە، دائەكەون بۆ ناو گەلی ئەشكەوت.[1]

پێویست بوو باش یەكتر ببینن.. بەڵێن بدەن، بەڵێن وەرگرن، ڕۆژی ڕووناك بگۆڕنەوە بە شەوی تاریك.. بەڵام لە كوێ؟ ڕەشماڵ ئاسانە بۆ

---

[1] گەلی ئەشكەوت: مەبەست لەو گەلی‌یەیە كە ئەشكەوتی شانەدەری مێژوویی تیایە..

هاتن‌و ڕێزانی کردن. بەڵام سەگی بەلەك ڕەش سەختە. لەگەل تاریك کەوتن باڵندە ناتوانێ بە دەوری ڕەشماڵدا بفڕێ، پاسەوانی بە وەفاو ووریای (مام حەسۆ) نرخی دڵداری ئەو دوو لاوە نازانێ تاکو چاوپۆشیان لێ بکات. بەڵام کرمی دڵ لەناو تاریکی شەودا پەردەی شەرم‌و ترس ئەدڕێنێ. نە سەگ ئەناسێ‌و نەتفەنگ ئەزانێ سەخت ترین‌و دوورترین ڕێگا قیرتاو ئەبێت. نیوە شەو ئەهات، سروشت زەنگی کپی‌و بێ دەنگی لێ ئەداو پەردەی ڕەش‌و چڕی خەڵوزاوی بەسەر زەمیندا ئەکێشا. (سەردار) وەك ئاوی ژێر کا بێ دەنگ‌و ئاسوودە لە ژێر پەردەی تاریکیدا خۆی ئەخشاند بە ڕێگای دیاریکراودا بۆ دەوری ڕەشماڵ کە بە ڕەنگی ڕەشی بەناو تاریکی ڕەشی شەودا خنکابوو.

دائەنیشت تاکو لەبەر ئاسۆ قولینجکە بەرزەکانی ڕەش دەوار وەك قۆقەبی تاسی سەری ئافرەت کە بەناو قەدەکانی هەوری‌و پۆشیدا بەرز ئەبێتەوە لێوەی دیار بێت. تاکو دووری‌و نزیکی تەخمین بکات. ترسی هەر لە پاسەوانی نە خەوتوو بوو، نەیئەزانی لە چ لایەکی سەنگەر بۆی پاڵ کەوتووە. کەمترین دەنگ بەس بوو تاکو کپی‌و بێ دەنگی سرووشت بە دەنگی زلی بپچڕێنی‌و شەوکوت‌و گیانلەبەر لە ڕەشماڵ دوور خاتەوە.

بەڵام (ئەگەر دزو خاوەن ماڵ یەك بن گا لە کولانەکە ئەبەنە دەر). ئەم هەڕەشەو دەنگ زلیەی سەگی بەڵەك ڕەشیش ئەخنکاو بەناو ئەو ڕێگایەی خانزاد بۆ سەرداری درکاندبوو، هەر کە سەگی پاسەوان پەلاماری ئەدا مووچە نانێکی چەورکراو یان ئێسقانێکی زلی بە گۆشت ئەکەوتە بەردەمی. بۆنی نانی چەورو گۆشت بە زگی برسی، بێگانەی لە بیر سەگی وەك وورچە ڕەش ئەبردەوە ((لە لادێدا خاوەن مەڕو ماڵاتەکان یان دوژمندارەکان، شەوان خواردن نادەن بە سەگ، تاکو بە شەو لەبەر زگی تێر نەخەون چونکە زگی برسی ناهێڵێ خاوەنی بخەوێ)).

بەو جۆرە خانزاد کەلەسەر بیری ژوانو (سەردار) ئەخەوت لەبەر دەنگی پەلاماری سەگ یان بەهۆی بەردە پلێکی بچووک کە بەناو کەلەنی چیخەکەدا ئەکەوتە سەر پێخەفی، لە خەوی سووک ڕاست ئەبووەوەو ئەگەیشتە پەنا ڕەشماڵ.بەلاّم ووریا بوو، ئەترسا.. بە لەرزینەوە قاچی دائەناو هەنگاوی ئەنا.

نەی ئەویست ئەو نهێنیەی چەند مانگە لەناو بۆشاییو قەفەسی سینەیدا شاردۆتەوەو تەنها سێ کەس ئاگادارن، خۆیو سەرداروو دایکی، بێجگە لە سەگی ڕەش بەڵەك کە حەز ئەکات ئەم هاتووچۆیە هەر هەبێتو بێ بەش نەبێت لە گۆشتو خواردنی شەو. نەیئەویست باوکی پێ بزانێ، نەیئەویست ڕیسوا بێت لەبەر چاوی خەڵكو باوكو برای، لەبەر ئەوەی هەر هەست پێکردنێکی باوکی بێ بەشی ئەکات لە دیتنی (سەردار) لە گفتوگۆی سەردار.. ئەینێرێتەوە بۆ لای براکانی، دووری ئەخاتەوە. سەرەڕای ئەوە ناخۆشیو خەفەتو دڵشکاوی سەرداریش کە تووشی دێت لە دەست خەڵكو خزمو کەسی. داوای ئەکرد، ئەپاڕایەوە لەبەر سەردار کە ووریا بێت کەمتر هاتووچۆ بکاتو بە دەنگێکی ناسكو بڕاوەیی ئەی چپاندە ناو گوێچکەی:

- هەر کە شەو داهات، تاکو تۆ ئەگەیتە لامو ئەگەڕێیتەوە دڵم وەك بولبولی کێوی بەند کراو خۆی ئەدات بە داری قەفەسی سینەمو پەڕو باڵی ڕەنگاو ڕەنگی هەڵئەوەرێن، بەبێ ووچانو نەسرەوتن لەم پەڕی قەفەس خۆی ئەدات لەو پەڕی تر، لە ترسی ئەوەی تۆ شتێکت بەسەربێو ئەو کپیو بێ دەنگی سروشت شتێکی دڵ تەزێنی بۆ حەشار دابێن.

سەرداریش لە وەلاّمدا دڵی ئەدایەوەو هانی ئەدا کە پێی ئەووت:

- ئەبێ ئەوەش بزانی تا نەگەم پێت بولبولی دڵی منیش ناسرەوێ ئەگەر هەزار کۆسپەش لە ڕێ بێتو، تا ئومێدی تۆم لەدڵ بێتو تۆم لێ نزیك بێت، ترسو دوو دڵی لێم نزیك ناکەوێتەوە.

- لەبەر شەوی تاریكو ڕەش زمانی چاو لە قسەكردن وەستا بوو. نەیان ئەتوانی ڕازی دڵ لەناو پرشەنگی چاوەكانیان بخوێننەوەو، تەنها چپەی نزمو براوەیی، دەنگی گڕو ناسك بازنی قسەكردن بوونو لەیەك حاڵی ئەبوون. هەر چەند دوور لە ڕەشماڵ دائەنیشتن بەڵام نەیان ئەویست دەنگیان لە جەغزی خۆیان بچێتە دەر، هەر وەك بترسن لە دارو بەردی سروشت گوێی بۆ گرتبن‌و نهێنیان ئاشكرا بكەن.. دەستە نەرمو جوانەكانی (خانزاد) وەك پۆلەكەی سەرما خواردی لەناو دەستە گەرمەكانی سەردار بووژابوونەوەو شێدار ببوون.

شەپۆلێكی بێ دەنگی پەردەی بەسەرا كێشان‌و لە دەریای بیركردنەوەدا خنكان، جیهانێكی مەندو بێ دەنگ هەروەك هەموو شتێكی سروشت گوێی گران كردبێت بۆ تەپەو خرپەی دڵی ئەو دوو گەنجە، سەردار هەر بەو خەیاڵەوە سەرێكی بەرز كردەوە بۆ ئاسمان، زریمەی ئەستێرەكان بە نارێكی پەردەی شینی ئاسمانیان نەخش كردبوو، لەگەڵ ئەو دوو لاوەدا پێ ئەكەنی‌و تیشكێكی بێ هێزو نزمو كەم ڕووناكیان وەك گەردی ئارد بەسەردا ئەڕژاندن.

لەبەر زۆر مانەوە لە ناو دەریای ڕەشی سروشت‌و گەردی تیشكی ئەستێرەكان، پەردەی ڕەش زەمین بۆر هەڵگەڕا بوو، چەند هەنگاو دوور تارمایی یەكتریان بەدی ئەكرد. سەرنجی لە ئەستێرە بەرزەكانی ئاسمان یەكسەر دابەزاند بۆ سەر دوو ئەستێرەی پرشنگداری ناو ڕووی خانزاد. بەڵام پەڵە هەوری پەرچەمو پەرژینی ئەبرۆو چەپەری برژانگی درێژ دایان پۆشی بوون. خانزاد سەری دانواندبوو، چاوی لەسەر یەك بوون. مات‌و بێ جووڵە هەر وەك خەوتبێ. سەردار وای زانی خەوتووە، بە ئەسپایی دەستی ڕاستی خستە ژێر چەناگەی سەری بەرزكاتەوە، تەزوویەكی ساردی بە لاشەدا هاتە خوارو ڕاچڵەكا كە پەنجەی دۆشاومژەی بەر لە ئەوانی تر كەوتە ناو گۆمی فرمێسك كە وەك جۆگە بە گەرمی‌و بە گوڕ لە چاوەكانی ئەڕژان‌و بەسەر كوڵمە

گوڵاویەکانیدا لێژ ئەبوونەوەو، لەناو چاڵی جوانی سەر چەناگەی یەکتریان ئەگرت تاکو تك تك بکەونە ناو کۆشی:

- بۆچی ئەگریت.. ئازارم دایت؟.

(خانزاد) ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام گریان پەنگی خواردبووەوە لە قورگیداو نەی ئەتوانی قسە بکات، نەشی ئەوێرا زۆر فشار بداتە سەر قورگی نەوەك دەنگیبەرز بێتەوەو بەناو سروشتی بێ دەنگدا تۆمار بکرێتو بگاتە گوێچکەی ڕەقیب. ئەوەندی بۆ کرا وەك منداڵێ خۆی خستە باوەشی سەردارو سەری خستە سەر سینەیو ڕووی جوانی شاردەوە، لە نێوان پرچی خەنەییو چەپەری کەزییەکانیو لەناو سینەی گەرمو هەستیاردا. ئەیویست بەم کارەی بۆ سەردار ڕوون بکاتەوە کە نهێنییەکی دڵ تەزێن لەناو سینەیدا سەرکەوتووەو بەڵام بەربەستی گریان لە ناو قورگیدا ڕێگای لێ گرتووەو ناگاتە سەرلێوەکانی. هەر کە ئەیوسیت قسە بکات لێی ئەبوو بە گریانێکی شاراوەیی. ئەویش بە ئەسپایی لەگەڵ دڵدانەوەدا دەستی بەسەر پرچیدا ئەهێناو هەوریی زەردو ڕەش لەسەری ترازابوو، بە شێواوی لەسەر چەپەری کەزیەکانی کۆم ببووەوە. بە پەنجەکانی لەجیاتی شانە بەناو چەپەری کەزیدا ئەهێنا تا گیر بوو لە داوی ناویان کە وەك زنجیر پاراست بوونی لە پەرێشانی. شانەی دەستی دابەزاند هەندی بۆ کرا، بەڵام نەگەیشتە سەری داوە بڵاوو پەرێشانەکانی چەپەری کەزی، کە وەك ماری ڕەش لەسەر زەوی گینگڵیان کردبوو.

گرێی گریان لەناو قورگی خانزاد وەك کڵۆی شەکر توایەوە بەناو میهرەبانیو بەخشندەیی (سەردار)و ڕێگای قسەکردن بەر بوو، نهێنی شاراوەیی سەختیش وەك کێچ خۆی هەڵ ئەدا بۆ ناو لێوەکانیو، بێ ئەوەی سەری لەسەر تەختی سینەی سەردار بترازێنێ، بە منجە منجەوە گوتی:

- بەیانی بار ئەکەین بۆ ناو گەلی!.

سەردار ئەمەی زۆر لا ناخۆش بوو. هەروەکو بروسکە دڵی ڕاچڵەکی. بە هەردوو دەست شانەکانی گرتن‌و بەرز کردەوە. هەر وەك بیەوێ لەناو چاو و ڕوویدا ڕاستی‌و درووستی ئەم قسەیە بخوێنێتەوە، بەڵام هیچ بزەی گاڵتە کردن لە ڕووی دیار نەبوو:

- بە ڕاستیتە، یا گاڵتە ئەکەیت؟.
- خۆشەویستی گاڵتە نازانێ.. ئەبێ زوو بگەڕێمەوە سەر جێگام تاکو کەمێك چاوم گەرم بکەم نەوەك لە ڕێگا پەکم بکەوێ.

سەردار دڵنیا بوو لە ڕاستی ئەو باسەو زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام وەك هاندانێك ووتی:

- هەڵبەت ئەچن بۆ سەرکانی (خەیلان).. باوکم بۆی داناون لەناو گەلی‌و، تا کۆتایی پاییز هەر لەوێ ئەبن.
- من شارەزای ئەو جێگایە نیم.. خانزاد هەروەکو بیەوێ لابەلا بە سەردار بڵێت ((سەرم لێ نەبڕیت لەو ماوەیەدا)) بۆیە ووتی:
- هەڵبەت تۆ شارەزای شوێنەکەی!.
- دڵنیابە بەرد بە بەرد شارەزام‌و ئەگەمە لات..

ووتەی ((ئەگەمە لات)) دڵی خانزادی ئاوداو لە خۆشیانا خۆی بۆ نەگیراو بە هەردوو دەست شانەی دەستی سەرداری بەرز کردەوە بۆ دەمی، بە دوو لێوی تەڕو ئاڵی ماچێکی درێژی لەسەر چاپ کرد.

ئەم هەڵوێستە سەرداری هاندا کە هەر وەکو کرمی ئاوریشم تانۆکەی شەرم بدڕێت‌و نهێنی ناو دڵی بدرکێنێ‌و بە لێو لەرزینێکەوە ووتی:

- خۆشم ئەوێی.. تەنها تۆم خۆش ئەوێ.

خانزاد ئاخێکی قووڵی هەڵکێشاو پەردەیەکی کش‌و ماتی‌و لێو بە باری هاتە سەر ڕووی، هەستیشی کرد کە سەرلەنوێ بەرایی فرمێسکی بەربووو، بە هێڵێکی خوارو خێچ کوڵمەکانی تەڕ کردن‌و گەرم کردن، سەریشی دانواند نەوەك سەردار هەست بە فرمێسکەکانی بکات‌و گوتی:

- خۆزگا وا زوو منت بەو قسەیە نەتاواندباوەو داتنەڕزاندبومایە.
چونکە ئەمتوانی بەرگەی ئاگری دووری بگرم، بەلام لە ئێستا بەدواوە، بەر لەوەی ڕستەی قسە کردنی تەواو بکات سەردار بە پەشیمانییەکەوە ووتی:
- ئاخر.. تا کەی ئەمتوانی ئاگری بلێسەداری ئەوینی لە کەلاوەو تاریكو تەنگی دلما بشارمەوە.. خۆت ئەزانی کە ئەم باری ڕازە چەندە گران بوو لەسەر دلمو چەندیش سەختو دژوار بووو، پاشانیش کە گاهی ئەم دیتی لێو بە بارو خەفەتیش لە ڕووی جوانتا وەك ئاوێنەئەگەڕاوە ناو ڕووی من هەستم ئەکرد کە ژیانی ئاسوودەو دلی پاکێ جوانم لێ شێواندبێتو خۆم بە بارگران ئەهاتە بەرچاو لەسەر شانتو ئەم ووت:
- بریا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بێ دەنگ ئەبوومو ڕێگام پێ نەگرتبوایو، ئەوەی لەناو دلو مێشکما ئەسووڕایەوە هەر دەرم نەخستبووایە.
بەلام هەر وەکو بیەوێ خۆی مافدار بکاتو بێ هێزی خۆی بەرامبەر بە سیحری جادووانەی ئەو پیشان بدات خستیەوە سەر:
- بەلام ئاخۆ ئەکرا بە پەرژینی دل بەری بێنی گولزاری ئەوین بگرم، ئەو گولزارە کە هەتا دلێك بە هەست هەبێتونزای چاوێکی مەستو کوشندە مابێ گولی گەشو بۆن خۆشی هەر ئەمێنێ.
خانزاد گوێی لێ گرتبوو و، تیری سەرنجەکانی تاریکی شەویان ئەبڕیو ئەگەیشتنە سەر چاو و لێوەکانی ئەو. ئەم گوێ گرتنەی خانزاد، سەرداری هاندا بۆ درێژەدان
- ئەبێ بزانی کە ئەوینی من لەگەل تۆ، ڕابواردنو پڕکردنەوەی کەلەبەری بیانووی وەخت نییە، ئەوین هەموو ژیانی منە. کاتێ تۆ بە بزەیەکی شەرماوییەوە منت کردە هاوڕازی خۆت، هەر لەو ڕۆژەوە، تارمایی ئەوین پای پیرۆزی نایە ناو مالی دلی من. ئیتر من دەسەلاتم بەسەر خۆمدا نەما، ئەو منی هان ئەدا زۆرتر لێت

نزیك بكەوەمەوە ڕێگای بۆ دیاری ئەكردم، هەر ئەویش بوو پەردەی گۆشەگیری و دوور وەستانی لەسەر دادڕیم و منی كرد بە گەنجێكی هەستیارو سروشت پەرست. هەر ئەویشە ئاسۆی دوا ڕۆژێكی كامەران و بەختەوەریم بۆ ئەگەشێنێتەوەو سەری لووتكەی بە بەفرو خۆرە تاوێن و زێڕ پۆشم پیشان ئەدات و دڵم خۆشە بە تۆ..

سەردار سەیرێكی دەورو پشتی كردو سەرێكیشی بە ئاسماندا خشاند، بە گوێرەی هەستی سروشت و بزووتنەوەی ئەستێرەكان و جێگۆڕكێیان، زانی كە دانیشتنیان درێژەی كێشاو قسەی خانزادی هاتەوە بیر كە ووتی ((ئەبێ زوو بگەڕێمەوە سەر جێگام)). هەردووك دەستی خانزادی گرتن و بەیەكەوە هەڵسانە سەرپێ. بۆ دڵنیا بوونی خانزاد لە هەڵوێستی خۆی بەر لەوەی شەوباشی لەیەكتر بكەن، دەستیشیان هەر لەناو دەست بوو ووتی:

- دڵنیابە هیچ كات من لە تۆ دوور نیم و تۆش هەمیشە لەبەر دەستی مندای، چونكە بۆ هەر شوێنێك بڕۆی دڵم لە لاتە.

لە سێ باری نیوەشەودا تۆڕی پەنجەكانیان هەڵوەشاندو خانزاد بە ئەسپایی دەستی وەك چۆلەكە لەناو هێلانەی دەستی سەردار خوشاندو بەناو تاریكایی شەودا خنكاو بزر بوو. سەرداریش بە لاشەو كەڵپەی ئاڵۆزو پەرێشان وەك تیر پەردەی تاریكی بڕی و بەبێ هەڵلاو هوریا گەیشتەوە ماڵ و بەو چەشنە لەسەر جێ پاڵ كەوت و خەوت.

## ﴿١٠﴾

هەر وەکو باوە لە لادێدا ئەو ماڵەی بار ئەکاتو دوور ئەکەوێتەوە، ئەبێ ماڵئاوایی لە گشت ئاوایی بکاتو گەردنی یەکتر ئازاد بکەن، (مام حەسۆ) هەر شەو لە دیوەخانە ماڵئاوایی لە (مەحمود بەگ)و (سەردار)و خەڵکەکە کرد، تاکو بەیانی فریای ماڵ بارکردن بکەوێت. ڕەشماڵ خستراو لوول درا، ماڵ پێچراو تێك نرا. کرا بە بارو مام حەسۆ کەوتە دوای وولاغەکانو یەك گوێرەکەی ساواشی لە دوای وولاغەکانەوە بەستبوو. مستەفای کوڕیشی لەگەڵ ئەستێرەی بەرەبەیاندا مەڕو بزنەکانی لە حەوشی دەرکردو بە چیادا، بە لەوەڕ، دەنگی دا تاکو بەر لەوەی شەوی لێ دابێت بگاتە هاواری خەیلانو بە ڕۆناکی لەناو دارو لیرەوارەکانا ڕزگار بێت.

خانزادو دایکیشی دوای ئەوەی مانگاکانیان تا سەری دووڕیانی ڕێگا لەگەڵ مام حەسۆ هاژووتن، گەڕانەوەو سووکە بارێکیشیان بە توورەگەی کۆچەری لە کۆڵ کردبوو، ماڵ بە ماڵ، ماڵئاواییان کردو چوونە ماڵی مەحموود بەگیش. خانزاد حەزی ئەکرد کەمێك گیر بن بەڵکو (سەردار) لە خەو هەڵسێت. (بەڵام دایکی کە بەو دەردەی نەدەزانی) هەر پەلەی بوو، بەڵکو زوو بگاتەوە مام حەسۆ نەوەك مانگاکانی بۆ بەرێدا نەچنو باری وولاغەکان بکەوێتو قاپو قاچاغو شتی ناسك بشکێت.

ماڵئاواییان خواست، خانزاد کەمێك پاسستی کردو خۆیدا دواوە، بە شەرمێکەوە ووتی:

- خۆزگە ئەویشم دیبووایە.. بەڵام حەزیش ناکەم لە خەو بکرێ لەجیاتی من دوعا بوونی لێ بکە، بە پێکەنینێکی پڕ شەرمیشەوە ووتی:

- پیێی بڵێ منی لە بیر نەچمەوە. ئینجا دەستی دایکی سەرداری ماچ کردو ئەویش ڕووی ئەوی ماچ کردو دڵنیا تری کردو گوتی:
- کچم.. خەفەت مەخۆ لە بیرت ناکات. ئەتۆی زۆر خۆش دەوێ.. بەڵام زۆر خەفەت ئەخوات کە لێرە دوور کەوتنەوە.


(خانزاد) خەریك بوو لە هەیوانی خانوو بچێتە دەر دایکی سەردار بانگی کرد:

- ئا کەمێ بووەستە. چووە ژوورەوەو وێنەیەکی بچووکی سەرداری هێناو، هەر بە ڕێوە بە دامێنی کراسی تۆزو گەردی لەسەر لابردو خستیە دەستی خانزاد کە ئەویش کەمێك بە پیرییەوە هاتبوو:
- ها.. ئەوە لە جیاتی سەردار با لات بێت .. جار جار بێ ووزەییت پێ کەم بکەرەوە.
- وەری گرتو هەر لەبەر چاوی ئەو ماچی کردو خستیە سەر سەریو بە سۆزێکەوە درکاندی ((وەی گیان))، ئینجا کەمێك پشتی کردە دایکی سەردارو یاخەی کراسی کردەوەو وێنەکەی خستە نێو باخی بەهەشت.
- لە هەیوان دەرچوو، دایکی هەر لەسەر کانی چاوەڕوانی دەکردو جار جاریش بانگی دەکرد ((کچم دەوەرە درەنگە. ناگەینە جێ. باوکت بە تەنها لەگەڵ بارەکاندایە)).
- گەیشتنەوە (مام حەسۆ)، بۆ نیوەڕۆ گەیشتنە سەر کانی خێڵان، شوێنێکی بەرز بەڵام لەناو گەلىدا بوو لێرەوارێکی پڕو چڕی دار مازوو، بەڕوو، دار قەزوان دەوری شوێنەکەی دابوو.. ئاوێکی سارد لە کانییەکە ئەڕژا ناو بۆتە دارەکان[1] ، کە وەك پێپلیکانی درێژ یەك لەسەر یەك دامەزرابوونو لە یەکەوە ئاو ئەڕژا ناو هی تر، تاکو مەڕو ماڵات بە ئاسانی لێی بخواتەوە. بنە هەنجیرێکی لق بڵاویش سێبەری لە کانیەکە ئەکردو هەنجیری ڕەشو وورد بەسەر

[1] بۆتی دار: دۆڵەکی دار

لقەکانی وەك گزگلی دارمازوو بەناو گەلا پانو سەوزەکانیا خۆیان ئەنواند. چۆلەکەو پەڕاوری تر ئاوەکەیان خواردبوو، پێستە ڕەشەکەشی هەر بە لقەکانییەوە مابوو.

- جیهانێکی چۆڵ لە نەوەی ئادەم، وولاتی باڵندەو پەراوورو دەڕندەی کێوی بوو، چریکەی سریوەی پەراورە ووردەکانو فڕەی باڵیانو خوڕەی دەنگی ئاوی ناو دۆڵەکە دارەکان، ئاوازێکی خۆشو سەیری دابوو بەو سروشتە چۆڵە، بەردی سووری تلی شاخەکانو ڕەنگیخۆڵەمێشی بەردی ناو دارەکانو ڕەنگی سەوزو بۆری دارستانەکە، وایان پیشان ئەدا کە جیهانێکی سەربەستە لە دەست ئادەمیزادی تێکدەرو حەز لە چارەیان ناکات، هەموو شتێك دەنگی ئەدایەوە لەناو ئەو گەلیە تەسکەدا، کە نیشتیمانی بەردو دارو دوڕندە بوو.



دوو حەفتە بەسەر چوون لە بارکردنی ماڵی (مام حەسۆ)، (سەردار) لە هیچ شوێنێك خۆی بۆ نەئەگیرا، گڕی ئاگری لەیەك دووری تین‌و کاری تێ کردن‌و جیهانی ڕوون‌و قەرەباڵغ، وەك وێرانگاو کەلاوە ئەهاتە بەرچاو، تا دوور نەکەوتنەوە قەدرو ڕێزی یەکتریان نەئەزانی.

(سەردار) لە جیهانی تەنیایی تەنیا بە (ئەحمەد)ی دەستە برای دڵی ئەپشکووت‌و ئەکرایەوە، زۆربەی کاتی شەوو ڕۆژیان بەیەکەوە بەسەر ئەبرد، ئاگاداری ڕازو نهێنی یەکتر بوون، دوای دوور کەوتنەوەی (خانزاد)، (ئەحمەد) بە تەواوی هەستی کرد کە سەردار بێ هێزو ئارامی ئەوە، هەڵبەت ئەحمەدیش وەك شاگردی (سەردار) دەنکێکی هەبوو لەناو ئاواییدا، ئاگری دڵی بە (سەوسەن) کە کچێکی جوانکیلانە بوو دائەمرکاند. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکەکە ئاگاداری نێوانیان بوو، بە تایبەت ئاورەحمانی باوکی (سەوسەن) بۆیە زۆر کەم بەیەك ئەگەیشتن، لەبەر ئەوەی ئاورەحمانی کەوتبووە ڕق لە کچەکەی‌و ئەیویست بیدات بە (قورتاسی) خوارزای کە بە بیست ساڵ لە سەوسەن گەورەتر بوو.

هەمیشە (ئەحمەد) پەنای ئەهێنا بۆ سەردار بەڵکو بەهۆی (مەحموود بەگی) باوکی ئاورەحمان لەسەر ئەم سەرکێشی‌یە لابدەن، بەڵام ئەو باوکە دڵڕەقە لەسەر بیری کەللەڕەقی دانەئەبەزی‌و هەر ئەیووت‌و ئەیووتەوە:

((ئەگەر کچم بدەم بە جوولەکەیەك، نایدەم بە ئەحمەد)).

بەم چەشنە هەموو جارێك ڕیسی تەونی ئومێدی ئەحمەد خاو ئەکردەوەو شەوانی درێژی بە نائومێدی سەری ئەناوە. نەشی ئەوێرا هەڵی گرێت، چونکە ژیانی ئاسوودەیی لە خۆی‌و سەوسەنیش ئاڵۆز

دەكرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدی هەر نەئەبڕی‌و دەست‌و دڵیان لەیەك سست نەئەبوو، نە ئەشۆری.

هەرچەندە چاودێری‌یەكی توندو تیژ هەبوو لەسەر سەوسەن لەلایەن باوك‌و براكانیەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵیان دوور بوو لە ماڵی ئەحمەد زۆر ترسیان نەبوو، ڕێگایان ئەدا بچێتە كۆڵە چیلكەو بگەڕێت بە شوێن ماڵاتی دواكەوتوو لە ئێواران. ئەحمەدیش كە شەوو ڕۆژ دووربینی لە باغەڵ بووو، وەكو سێبەر لێی جیا نەئەبووەوە هەمیشە لەسەربانی خانووەكەی چاوی ئەبڕیە جموجۆڵی (سەوسەن) كە ماڵیان لەناو چالایی خوار ئاوایی بوو، هەر كە لە ماڵ دەرئەكەوت یەكتریان ئەدی، ئەحمەدیش بە ڕێگایەكی دووردا وەك كەوی كێوی فرتێكی ئەداو ئەگەیشتە لای.

# ﴿ ١٢ ﴾

زۆرتر لەو دوو حەفتەیە سەردار خۆی بۆ نەگیرا دوور بێت لە یاری نهێنی، کرمی دڵی ئەکەوتە جموجۆڵو بیری لە سەردان ئەکردەوە. شەو ئەحمەدی بانگ کردە ژووری خۆی، بڕیاریان دا بەیانی پیاسەیەك بکەن بۆ ناو گەلی بەمەرجێك کەس نەیانبینیۆ و هەستیان پیێ نەکرێت.

بەیانی خۆیان گورج کردو فیشەك دانیان بەست، دەستیان دا تفەنگەکانیان، ئەحمەد لەسەر قسەی سەردار هەندێ خوێی کردە ناو قەدی پشتێنی.

- دووربینەکەت لەبیر نەچێت.. سەردار بە ئەحمەدی ووت.
- قوربان کەس ئەتوانێ سێبەری لە خۆی جیا بکاتەوە؟.

دایانە قاقای پێکەنینو بە جووتە هەر وەکو بچن بۆ کورتە پیاسە لەسەرخۆیان لە ئاوایی دەرچوون، تا کەمێك دوور کەوتنەوە، ئینجا کەوتنە هەنگاونانی ڕێگای دوور. لە پڕێکا سەردار وەستا. ئەحمەد خۆی پێدادا.. دایە قاقای پێکەنینو پیێی ووت:

- ئەوە سەیری چیت ئەکرد وا لاونیوە ئەڕۆیشتی؟
- بەخوا هەر نەمزانی بەدواتا ئەڕۆم.. سەیری دواوەم ئەکرد داخوا نایبینم.
- ئەوا دیشت.. چیت پێ ئەگات؟.
- چۆن چیم پێ ئەگات. هەر نەبێ کەمێ دڵم ئەسرەوێ.. ئینجا هەروەك خۆی ماف بەدەست بخاتە ڕوو، بە پێکەنینەوە خستیە سەر:
- ئەی تۆ ئەو ماوە دوورو درێژە ئەڕۆیتو بەناو شاخو بەردا ئەجمەیت چیت دەست ئەکەوێ لە دیتن زیاتر؟

دوای کەمێك لە ڕێگا لایان داو بە کێودا ڕۆیشتن بەڵکو یەك دوو کەو یا کەروێشکێك بکوژن، تا نزیك گەلی کەوتنەوە هیچیان نەدیت، خۆیان دایە سەرشاخ، نەکەوتنە ناو گەلی دوور بە دووری یەکتر ئەڕۆیشتن لەناو دارستاندا، لە پڕێکا تەقەی تفەنگی ئەحمەد هات، بەلأم لە سەردارەوە دیار نەبوو. کەمێکی پێ چوو ئەحمەد گەیشتەوە لای سەردارو هەردووك قاچی ڕێوی یەکی گرتبوون، سەرەوخوار بەدەستیەوە گرتبوو. هەر خوێن ئەتکا لە شوێنی چەقۆ، سەردار دایە قاقای پێکەنینو گوتی:

- لەجیاتی کەو ڕێویت کوشتووە؟
- فەرقی چی‌یە، هەر بێ گۆشت نەبین بەسیەتی.
- خۆ ڕاست ئەکەی، ئەبوایە گۆشتمان هەر هەبێت.. کارمان پێ ی هەیە.
- دوای نیوەڕۆ کە گەیشتنە سەر ئەو ملەی بەسەر ڕەشماڵەکەدا ئەیڕوانی، زۆریان تینوو بوو، ناشتوانن بچنە سەر کانی خەیلان کە چەند هەنگاوێك دوورە لە ڕەشماڵ. ناچار بوون بە دیوی تری ملەکەدا بچنە خوار تا گەیشتنە سەر ئاوێکی کەم. هەردووکیان شارەزا بوون لەوێ ئاگرێکیان کردەوەو ڕێوی‌یەکەیان پاك کردو ڕانێکیان جیا کردەوە ئەوی تریشیان خستە سەر ئاگرەکەو برژاندیان.
- تا فێنکایی ئێوارە لەسەر ئەو ئاوە دانیشتن، سەرکەوتنەوە لە ملە بەرزەکەو بەناو لێرەواری چڕدا دابەزین تا گەیشتنە شوێنێك، ڕەشماڵو کانیەکەیان لێوە دیار بوو. سەردار دووربینی لە ئەحمەد وەرگرتو هەردووك ئانیشکی خستە سەر بەردی پێش سنگی، چاوێکی نزیکی بەسەر ماڵەکەدا خشاند، هیچ جووڵەیەك نەبوو لە دەوری ڕەشماڵەکەدا، تەنها یەك دوو مەڕی لەنگو لاواز لە ژێر سێبەری بنەداری بەر دەرگای ڕەشماڵەکە بەسترابوونەوەو مەنجەڵێکی ڕەش پڕ لە ئاو خرابووە بەردەمیان، کەمێك سەرنجی

دایە دەستی چەپی ڕەشماڵەکە بە ماوەی سەد هەنگاوێك، پەرژینی حەوشی مەڕو بزنەکانی لە ژێر سێبەری شاخە لووسەکە دامەزراندبوو کەپەن[1] و پێخەفی مستەفای کوڕی (مام حەسۆ) لوول درابوو لە دەرگای حەوشەکەو دارێکی زلی خرابووە سەرو، کۆمەڵێ خۆڵەمیشی ئاگری شەوانیش لەلای یاتاغەکەوە بۆر ئەکراوە.

ئەحمەد دەستێکی لە شانی سەردار داو گوتی:

- ئەها.. سەیرکە ئەوە کێیە لە ڕەشماڵ چووە دەر؟

سەردار چووست بەری دووربینیدا نێوان کانیو ڕەشماڵ، (خانزاد) وەك مامز بەناو بەردەکاندا هەنگاوی ئەناو پەقرەجێکی بە دەستەوە بوو، ئەچوو بۆ ئاو.

بە پەلە سەردار دەستێکی گەیاندە شانی ئەحمەدو پێی گوت:

- دەی.. بە پەلە تەقەیەك بکە.. بەڵام ڕووی تفەنگەکە بدەرە ئەولا.

سەردار بە دووربین چاوی لە (خانزاد) بوو، خۆی نزم کرد پەقرەج پڕ بکا، بەڵام لەگەڵ تەقەی تفەنگ ڕاچڵەکاو پەقرەجی لەدەست کەوت. بە ترسەوە سەیری سەرچاوەی تەقەکەی کرد، سەردار لەسەر بەردەکە جامەدانی بە دەست ڕاوەشاند، چاوی پێ کەوت، هەرچەند دووریش بوو، ناسیو، بۆ ئەوەی وەڵامی دیتنی بداتەوە، چارۆگەی سەری بە بیانووی تەکاندن دوو سێ جار دای وەشاندو بە پەلە پەقرەجی پڕ کردو گەڕاوە.

هەروەك ئاوەکەی ڕشتبێت دەست بەجی گەڕایەوە بۆ سەرکانیو پەقرەجی ڕاوەشاند بەمجۆرە سێ چوار جار هاتووچۆ. ئەحمەد بە گاڵتەو پێکەنینەوە بە سەرداری گوت:

- قوربان با خۆمان بشارینەوە.. بەخوا ئەگینا ئەوەندە ئاو ئەباتە ناو ڕەشماڵ ئەمشەو گشتیان تێی ئەخنکێن!.

---

[1] کەپەن: فەرەنجی شوانان

لەشکری سێبەرو تاریکی هێرشی هێنابوو بۆ ناو گەلی هەر کە زەردەی خۆرئاوا شین هەڵگەڕا، (مام حەسۆ) لە خوارەوە دار دەستی خستبووە بەر پشتی و بە گرانی لە سەرەوژوور هەنگاوی ئەنا، لەناو مێگەل ئەهاتەوە. بەر لەوەی بچێتە ماڵ سەرێکی پەرژینی مەڕەکانی داو کەلەنەکانی قایم کردنەوە، چاوێکیشی سەرەو ژوور بەناو لێوارەکەدا گێڕا هەروەك بیەوێ بزانێ ئەو تەقەیە چی بوو لەو لاوە کرا، بەلاّم هیچی نەدیت و بە پشت ڕەشماڵەکەدا چووە سەرکانی. دەست نوێژی هەڵگرت و ڕوو لە قیبلە وەستا، نوێژی شێوانی کردو لەسەر دەنگی زەنگی ملی نێری پێش مێگەل ئاوڕێکی خوارەوەی داوە، دەنگی زەنگەکە بەناو گەلیدا ئەزرنگایەوەو لەگەڵ بارەو پیرەی مەڕو بزن، ئاوازێکی نا سازی ئەدا بە سروشت، سەگی بەڵەك ڕەشیش کە لە دوای مەڕەکانەوە سەرئەکەوت، هەر کە ئەوەڕی، چەند سەگی تر لە دەنگدانەوەی ئەوەڕین.. شاخەکە، بۆشایی گەلیەکە گشتی ئەوەڕی، هەروەك بۆنی بێگانەی کردبێ، لووتی بەرز ئەکردەوەو پنج کۆڵی ئەکردو، بەردەکانی دەوروبەری بە لاق بەرز ئەکردنەوە ئەرشاند..

مستەفا لە پێشەوە هەنگاوی ئەناو دارملێکی زلیشی لەسەر شان بوو بۆ ئاگری شەو. دەرگای حەوشەکەی گرت و بۆ ماڵەوە، لەگەڵ لەشکری تاریکی.. لەشکری بێ دەنگیش پەلاماری ئەم ناوەی داو سروشتی بە جەنجاڵ و ئاواز پەردەیەکی چڕی بەسەردا کێشرا.

سەردارو ئەحمەد نەخشەیان دانا.. بۆ فریودانی سەگەکەو شوانی خاوەنی. تا کاتژمێری یانزەی شەو دانیشتن. ئینجا هەڵسان، هەمان شوێنی خۆیان کرد بە جێگای یەکگرتنەوە، بە گوێرەی نەخشەی دایان نابوو ئەحمەد ڕانەگۆشتەکەی پارچە پارچە کردو بەلای دەستی چەپی حەوشی مێگەلەکە کشایە خوارەوەو دوور بە دوور خۆی لە سەگەکە ئاشکرا کردو بە ئەسپایی ڕای کرد، سەگەکەش بە دوایا تا ماوەیەکی باش لە ئاوەدانی دوورخستەوە، ئینجا کەم کەم گۆشتی ڕانی ڕێوی

فرێدایه پێش تا وای لێهات له وەڕین وەستاو هەروەك ئەحمەد خاوەنی بێت کەوتە کلك بادانو لێی دوور نەکەوتەوە.

سەرداریش لە چەشنی پشیلە بۆ مشك بڕوا بەبێ خوستو هەست بەلای کانیلەکەدا خۆی گەیاندە بن چیخی ڕشماڵەکە. لەناو درزی چیخی چنراودا سەیری ناوەوەی کرد قەندیل(فتیل)ێکی ڕەشو پیسو نەوتاوی ئەسووتاو دووکەڵی ڕەشو خەڵوزاوی وەك مووی لە گوریس دەرهێنراو کینگڵ کینگڵ پێچی ئەخواردو بەرز ئەبووەوەو بەناو کونەکانی ڕەشماڵدا خۆی ئەدزیەوە.

هەرچەند فتیلەکە کزو کەم ڕووناك بوو، لەبەر شنەبای شەویش گڕەکەی بەرزو نزم ئەبووەوە، بەڵام توانی جێگاکان لەیەك جیا بکاتەوە. خانزاد لەپاڵ کانییەکە لە پاڵ چیخ خەوتبوو. دایکیو (مام حەسۆ)ش بە جیا لەوسەری تری ڕەشماڵەك خەوتبوون، لە نێوان چیخو پەردەی ڕەشماڵدا سەری بردە ناوەوەو سەرەوخوار سەیری خانزادی کرد لەسەر پشت درێژ ببوو. نەخەوتبوو، پێڵووی چاوەکانی لە جووڵەدا بوونو سەیری بنمیچی ڕەشماڵەکەی ئەکرد، چاوەڕوان بوو، لە پڕێکا بەردێکی بچووکی کەوتە سەر سینەی پانو نیوە کراوەی، ڕاست بووەوە سەیرێکی دایكو باوکی کرد.. شەوێکی کپو بێ دەنگ، بەبێ یەكو دوو هەڵساو پێڵاوەکەی خستە سەر پاو هاتە دەرەوە. بەبێ ئاوڕدانەوەو سەیرکردنی ئەملاو ئەولا یەکسەر چووە سەر تاتی کانیەکە دانیشت، سەرداریش دانیشت، وەك منداڵی شیرخۆرو برسی خۆی فڕیدایە باوەشی سەردار، بەر لەوەی هیچ قسەی بۆ بکرێت لە خۆشیاندا ئەوەندە فرمێسکی ڕشتە سەر سینگی هاوڕازی خۆی تاکو وەك ئاو چۆغەو کراسی سەرداری تەڕ کردن، ئەویش دەستی چەپی خستبووە ژێرملیو بە دەستی ڕاستیشی بەسەر پرچی نەرمو فێنکدا ئەهێناو ئەی لاواندەوە. بەری گۆمی فرمێسك گیراو جۆگەی کولمەکانی ووشك بوونەوە، سەری بەرز کرد بۆ ڕووی سەردار کە لە خۆشیانا هەر سەیری ئەکردو قسەی نەئەکرد.

دیسـان لـه شـەرمانو لـه خۆشـیان ڕووی شـاردەوە لـەناو باوەشـی سەرداردا. ئینجا بە هەردوو دەستی گەرمو ناسکی ئەگەڕا بە شوین دەستی سەردار تا دۆزیەوەو بە لێوی تەڕو پاشماوەی فرمێسکی لە قەراغ دەم ڕژایە ناو لێوەوەو سەرپەنجەکانی سەرداری ڕشاندو ماچێکی بە سۆزو گەرمی لەسەر چاپ کرد، هەستی بە گەرمی لێوەکانی کرد، بلێسەی گەرمیو خۆشی لێوەکانی ئەویشی هێنایە لەرزین، سەری خانزادی بەرز کردەوە بۆ ڕووی خۆیو سەری دابەزاندەوە سەر.. دلی کەوتە لێدانو کوتان، مەست بوو.. نەی ئەتوانی سەری بەرزکاتەوە تاکو.....!!

یەکەمجار بوو بەم جۆرە لەناو یەکدا بتوێنەوەو لێویان زاخاو بدەنو بە زمانی لێو قسە بکەن.. لە بیابانی مەستی هوشیار بوونەوەو دەستیان بە قسە کرد، زۆر ڕستەی خۆشو ڕەنگاوڕەنگ بە گوێی یەکتریدا چپاندو پەستا.

خانزاد چاوێکی بە گەلی ڕەشو تاریکدا گێڕاو بەناو پەردەی ڕەشی لێرەواردا، ترساو هەستی بە مەترسی سروشت کرد، سەری خستە سەر شانی سەردار، سەرەو ژوورو سەرەو ژێر سەرنجیان بەناو تاریکی شەودا ئەگۆڕیەوە. مەترسی خۆی خستە ڕوو لە دیمەنی سامناکی سروشت، تەسکایی ڕەشو تاریکی گەلی وەك ناو گوێچکەی بەرازی بۆر ئەهاتە بەرچاو، بنی دیار نەبوو. بەدەم لەرزینێکەوە پرسی:

- ئاخۆ چۆن ووزەو توانای هەیە بەناو ئەم دارو بەردو لێرەوارەدا لە تاریکی شەودا، ڕێگای سەختو پڕ مەترسی ببڕێتو بگاتە لای؟.

سەرداریش هەروەك بیەوێ دلقایمی خۆی بەرامبەر بە کەم زاتیو دل سستی ئەو دەربخات وەلامی دایەوە:

- هەر کە لە مال دەرئەچم یەکسەر سواری پاپۆڕی هیواو ئومێدی بە تۆ گەیشتن ئەبمو بەناو بیرو دەریای خەیالاتی هێمنو ئاسوودەدا مەلە ئەکەمو شەپۆلەکانی بەرگریو ڕێگا سەختی ئەبڕمو ئەگەم بە ئاواتی چاوپێکەوتنت.. لە گەڕانەوەشدا هەر کە بەختەوەر بووم بە

دیتنت‌و تینویه‌تی دڵی پڕ گڕو ئاگرم دامرکا. وەکو سەرکردەیەکی زاڵ بوو دیسان سواری کەشتی سەرکەوتن‌و دڵنیایی‌و لە خۆڕازی بوون ئەبم‌و بەناو شەپۆلە توندو تیژەکانی بەزیندا دەریای ڕێگا دووری ئەبڕم‌و ئەگەم بە لەنگەرەکانی دڵ تێری‌و دڵقایمی‌و ئاسوودەیی، بێ ئەوەی لە هیچ سەرێکا هەست بە سستی‌و دوو دڵی‌و ترس‌و ماندوویەتی بکەم. بەڵام..

- بەڵام چی؟!.. توخوا ئەگەر هیچ بشاریتەوە؟..
- بەڵام.. داخی گرانم بۆ ئەو جارەی نەگەم پێت. دەست لە ملت نەکەم. لە باوەشما نەتبووژێنمەوە، باوەشی پڕ سۆزم بۆت نەکەم بە هێلانەی دڵنیایی. هەڵبەت لە جاری وادا، بە ئاسانی لە سەرەوژێری ئومێد دائەبەزم، بەڵام سەرەو ژووری بەزین‌و بە ئامانج‌و ئاوات نەگەیشتن دام ئەڕزێنێ‌و لەکارم ئەخات. پاپۆڕی دڵخۆشی‌و ئومێدم بەرەنگاری شەپۆلە سەخت‌و توندەکانی بەزین‌و شکان ئەبێت. ڕەشەبای خەم‌و خەفەت‌و ئازاریش کەشتی بایەوانی من لەجیاتی پێشەوە بۆ دواوە پاڵ ئەدات‌و بەرەو شەپۆلەکانی هەڵگێڕانەوەم لێ ئەخورێ.. خۆ ئەگەر پێستم ڕزگار بکەم‌و بکەومەوە لەنگەرگا، ئەوا بە کارێکی ئەفسانەیی‌و ئەکرد ئەژمێرم‌و خۆم بە ئازا دێتەوە بەرچاو.

شەو سێ بەشی لوول درا، هێشتان ئەم دوو لاوە لە گەرمەی بزەو چپە ئاشت کردنا بوون، هەروەك تاوێکی زۆر کەم‌و کورت بێت گەیشتبن بەیەك. بێ ئەوەی سەردار لە یادی بێت کە هاوڕێگایەکی لەگەڵدایەو لە جیهانی تەنیایی لەناو دارو بەردی چڕدا خەریکی ئەستێرە ژماردنە لە چاوەڕوانیدا.

خودا خێری خانزاد بنووسێ کە لە سەرداری پرسی داخۆ بە تەنهایە یان قادرمەیەکی پێیە بۆ کورت کردنەوەی ڕێگای دوور.

لە جێگای خۆی سارد بووەوە کە ئەحمەدی هاتەوە بیر. هیچ بەڵگەیەکی نەبوو خۆی ڕزگار بکات لە زمانی ئەحمەد، تەنها مەگەر

شتێکی بۆ ببات تاکو زگی بەتاڵو ساردی پڕو گەرم بکاتەوە. (خانزاد) بە ئەسپایی چووە ژێر ڕەشماڵ، بەبێ هیچ دەنگو گرمەیەك مووچە نانێکی زلو هەندێ پەنیری پێستەی تێ پێچایەوەو خستیە ناو دەستماڵێکی بە دەرزی چێنراوو دایە دەست سەردار. بەر لەوەی نانەکە وەرگرێت ماچێکی گەرمو کاریگەری لەسەر نێوچەوانی نەخش کردو، هەروەك ئەسپێ‌ی ناو لۆچ‌و کەلەنی مراد خانی ڕەش بەناو تاریکی شەودا وون بوو.

خانزادیش سەرێکی بەرز کردەوە بۆ ئاسمانو دەستەکانی بلاوکردەوە هەروەك بیەوێ بە خەیاڵ بگاتە خزمەت (باری تعالی)و داوای پاراستنی خۆشەویستی لێ بکات.

فیتەو ئاوازێکی تایبەتی لە دەمی سەردار پەردەی بێ دەنگی سروشتی پچڕی. لە پەنا بەردێکی دیاری کراویشدا هەمان ئاواز دەنگی دایەوە، سەردار بە پێکەنینێکی شەرمەزاریەوە ووتی: چاکم بێ ووزە کردی بە تەنیایی.

- خۆ چاك دەزانم لەو کاتە خۆشەدا خوداشت بیرچۆتەوە، نەك هەر من.. بەلأم هەروەکو نەیەوێ سەردار بە شەرم بخاتەوە گوتی:
- دەی ئەوە گرنگ نی‌یە.. بەلأم باراشێکت نەهێناوە ئاشی وورگم پێ بخەمە کار؟
- برا گیان چۆن تۆم لەبیر ئەچێتەوە، بەبێ تۆ منیش باراشم نەکردووەتە سەر ئاشی مادەم.

ئەحمەد دایە قاقای پێکەنین هەروەك نەزانێ لە کوێ یەو خستیە سەر:

- قوربان تۆ خۆشت لەیاد نەبووە نەوەك ئاشەکەت، کاتی قسەکردن نیە..ئادەی بزانم چیت هێناوە؟

نانەکەیان خوارد کەمێکیش بەرپایان ڕوون بووەوە. گەڕانەوە.

﴿ ١٣ ﴾

سالْ سوڕایەوە، پەیوەندی نێوان سەردارو خانزادیش هەر بە هێز ئەبوو. لە بەهاری ئایندەدا بە هەمان چەشن مام حەسۆ ڕەشماڵەکەی لە هەرێمی ئاوایی سپیندار هەڵدایەوە هیچی نەئەزانی لە ڕازی دڵی کچی و کوڕی مەحمود بەگ. بەڵام ئەم بەهارە هەروا بە ئاسانی ڕەت نەبوو. لە ئاواییدا هەموو جمو جووڵەیەکی دانیشتوان بەرچاو ئەکرێ لەبەر تەسکی چوارچێوەی کارو پەیوەندی. ئەم نهێنییەی ئەوانیش پەیتا پەیتا خۆی بەناو درزی پەردەی پینەکراودا دزییەوە تا گەیشتە گوێچکەی بە هەستی مام حەسۆ.. هەرچەند حەزی ئەکرد سەردار ببێت بە شوفێری ئەو[1] ، بەڵام حەزی نەئەکرد خۆی بێ هێز پیشان بدات و مستەفای کوڕیشی بێ ژن بوو، حەزیشی نەئەکرد دەنگ و دەهۆڵی حەز لێ کردن بە شوێن کچیدا لێ بدرێت. گورج لەگەڵ کوڕی گەورەیدا کە بەسەردان هاتبووە لایان، ناردیەوە بۆ دێیەکەیان لەسەر سنووری تورکیا، بە بیانووی خەڵەو خەرمان هەڵگرتن. لە مانگی جۆزەردانەوە ڕۆیشت تا ساڵی ئایندە نیوەی گەلاوێژی ١٩٦١ (٧ی ئەیلوولی ١٩٦١) نەیانهێشت بێتەوە. لەو کاتەش هەروەکو لە سەرەتای چیرۆکەکەمان بیست، سەردار دوو سێ ڕۆژ بوو بە سەفەرێك چوو بوو، بەمجۆرە بە یەکتریان نەزانی تاکو ڕووداوی کوردستان هاتە کایەوە.

---

[1] مەسەلەیەکی باوە لە سلێمانی، زاوا بە شوفێر دائەنێن.

سەردار بیری لەم بەسەرهاتەی خۆی ئەکردەوەو گلۆڵەو بەنی ئەم ماوەی لە ژیانی خۆید لوول ئەداو هەڵ ئەکردەوە، بەناو دەریای خەیاڵدا هەنگاوی ئەنا، لە پڕێکا ڕێشمەی ئێستری لەدەست ترازا، ئاوڕی داوە دوواوەو ڕێشمەکەی بە دەستەوە گرتەوە، بەلاّم ئێسترەکانی هەروەکو شتێکیان لە دواوە هەست پێ کردبێت، وەستانو سەیری دوواوەیان ئەکردو گوێچکەیان کشت کردبوون، هەرچەند رایکێشان نەهاتن بە دوایا. زانی شتێك ئەبینن، هەنگاوێك لە ڕێگا چووەدەر تاکو لە پەنا ئێسترەکان ڕێگای لێوە دیار بێت. لە دوورەوە سەری تەڕاشەکانی(دەوەن) زەرد کرایەوە، ئاشکرا تر بوون، ڕووناکییەکی کزو پچڕاو بەناو لقی تەڕاشەکاندا دەرکەوت.. چرای دەست بوو.. ئەجوولایەوە بە دەستی کەسێکەوە نزیك ئەکەوتەوە، باشتر دیار بوو، بەدەر ئەکەوتەوە، نزیکتر بووەوە، ڕووناکی پرتەقاڵی ئەیدا لە کراسێکی پەمەیی گوڵدار، تەنها دامێنی دیار بوو، لفکی پێشەوەی کراسی خستبووە بەر پشتێنی کەمێك دەرلنگی هەواڵ کراس (دەرپێ) کە لە پارچەیەکی سیمدار کرابوو، سیمەکانی لەبەر چرا ئەدرەوشانەوە. نزیك کەوتەوە بە گوێرەی هەنگاو کۆلێکی لە پشت بوو، ڕاست بە ڕاستی چرای دەستی ئەملاو ئەولای ئەکرد.

چرا بە چەشنێکی شۆڕ بە دەستەوە گیرا بوو، ڕووناکی نەئەدا ڕووی.. نەی ئەناسی کێیە.. ئەویش نەیئەزانی کەسی لەبەردەمە، چونکە سەردارو ئەستێرەکانی بە ناو تاریکی شەودا خنکا بوون. ڕێبوارەکە ڕاچڵەکاو لە جێگای خۆی وەستا کاتێ سەردار لەناو پەردەی بێ دەنگی بڕی و گوتی:

- ئافرەت، تۆ کێی.. بۆ بەتەنیای؟

- منم له کاروان جیٚماوم.. ئەمەویٚ بیانگرمەوە.

- خانزاد.. خانزاد ئەوە تۆی.. کەی هاتیتەوە؟

سەردار دەنگی خانزادی ناسیو هەروەك بەم شەوە جامێك بەفراوی بکرێتە سەر، تەزوویەکی ساردی لە تەوقی سەر تا سەر پەنجەی پای بەناو لاشەیدا دابەزی.

بەلٚیٚ خانزاد بوو، کە سالٚێكو چەند مانگ وەك کلاٚوی بابردوو لە پێش چاوی گوم ببوو. نەیئەدی. هیچی لیٚ نەئەزانی، گەردی ئومێدی بڕان کەوتبووە سەر دلٚی پەرۆشی، بە هیوای ئەوە نەبوو جارێکی تر چاوی پیٚ بکەوێتو بیدوێنیٚ. بای ساردبوونەوەو ئومێد بڕان بەناو دلٚیاندا هاتووچۆی ئەکرد، ئاوی دوور خستنەوە ڕژابووە سەر ئاگری گلٚپەداری ئەوینیان، دامرکابوو، بلٚێسەی کەم تین لەژێر خۆلٚەمێشی ئاوات کزیدا ئەدرەوشانەوە. هەروەکو شەپۆلێکی هێمن لە هێرشی ڕەشەبادا بەسەر ئاگرێکی دامرکاودا ڕەت دەبێت، بەو جۆرە بە دەنگ ناسینی یەکتر خۆلٚەمێشی بیٚ ئومێدی لەسەر پۆلی ناو دلٚیان لادرا، گەشایەوە، کلٚپەی سەندەوە، سەرلەنویٚ دلٚیان کەوتەوە جۆشو لێدان، بەبیٚ ویستو خواستی خۆیان بۆ یەکتر چوون، خانزاد هەروەکو کۆتری لەدەست باز ڕاکردوو، باوەشی سەرداری بۆ بوو بە قەلاٚ.. هێلانەی هێمنیو دلٚنیاییو، هەروەکو مەلی جوانو پەروازە لە ناو چیای باوەشو هێلانەی دلٚی ئەودا بووژایەوە. بە خۆی هاتەوە.. چرپاندی:

- نازانم لە بەختی من بوو یان هی تۆ. کە پەردەی تەمو مژی لەیەك دابڕانمان بەسەر کێشرا. تا ئێستا نەڕەوییەوە؟

سەرداریش هەروەك ئەو خەتابار بکات کە لە پڕێکا لیٚی وون بوو وەلاٚمی دایەوە:

- من ئەوە لە سادەو نەزانی تۆ ئەزانم. ترسم هەر ئەوە بوو کە تۆ ئامادە نەبوبیت یا لە ووزە تا نەبوبیٚ لەگەلٚ مندا ئیختیاری بەیانی بە وورشەو هەوا پاکی دلٚداری بکەیتو، هیچ بەلامەوە

سەیر نی‌یە کە لێم ترسا بیت، چونکە من لە شتێك ئەدوام کە گوێی تۆ لێی ڕانەهاتبێتو، مەبەستو نیاز پاکی من بەهۆی لێدانی دڵی تاسەدارانەم بە ئاسانی ئەبیستڕێن، بەڵام داخم لەوەیە تۆ تەنانەت دەنگی شکانی شووشەی دڵی من لەسەر دیواری پتەوی ئەوینی خۆشت نەبیستبێ!.

بەڵام هەروەکو نەیەوێ زۆر سەرزەنشتی بکات، باسەکەی گۆڕی‌و لێی پرسی:

- بۆچ بەتەنهای؟
- ئازیزم.. ئەمڕۆ لەبەر فڕۆکە ئاواییمان بەجێ هێشتو لە جیاتی باغەکانی ئاوایی کە لە ئێمەوە دوور بوون هەڵکشاین بۆ ناو دارستانەکەو بەناو دارو بەردەکانا بڵاو بوونەوە. لە ماڵی خۆم دابڕام. ئێوارە کە گەڕامەوە، ڕەشماڵەکەمان نەمابوو، بارییان کردبوو کە زانیبوویان فڕۆکەکان دێنەوەو، هەروەکو ئێستاش بترسێتو لە شەرمی سەردار بە پشوو تەنگیەوە خستیە سەر:
- من بە تەنها مامەوە لە ئاوایی. چۆڵو هۆڵ. ئینجا هەردووك دەستی بەرز کردەوە بۆ دەسترازەکانی توورەگەو گرێی سەر سینگی کردەوەو خستیە سەر بەردێك لە پێش خۆی. پشتی ئارەقی کردبوو.. تەزوویەکی بە پشتی‌دا هاتەوە خوار کە ئارەقی سارد بووەوەو، هەر بەو پشوو هەڵمانەوە ڕووی پڕ شەرمی بەردەوام بوو لە قسەکردن:
- کەسێکم لەو ناوە نەدیت.. نەمزانی بۆ کام لا ڕۆیشتوونو بە هەستی خۆم بیرم کردەوە ئەبێ بۆ چیا ڕۆیشتبن، ڕێگام گرتە بەر، (لەبەر ماندوویەتی خانزاد لەسەر تورەگەکە دانیشت) ڕێگام لێ وون بوو، یەك دوو جار چراکەم کوژاوە بەڵام ئاگرم پێ بوو. (هەڵسایەوە پاوە.. نزیك بووەوە لە سەردار، دەستی خستە سەر ملی، گەرمای دەستی بەسەر لاشەی سەرداردا هاتە خوار، ئینجا تفێکی قوتداو گوتیەوە):

- كه له ملەی پشت ئاواییدا سەركەوتم سەیری چیام كرد چراكان دیار نەبوون، سەرئەكەوتن، منیش بە ئومێدی چراكان هەر هاتم تا لێرە نزیك بوومەوە، گوێم لە دەنگی ڕمبەی پای وولاغ بوو، هەر بە ڕاكردن هاتم، كێ ئەیزانی ئەگەم بە تۆ. شاد ئەبم بە دیتنت، لە باوەشتا ئەبووژێمەوە.. (ئینجا دەستی تریشی خستە سەر شانی قۆڵی پڕ گۆشتی لەبەر ڕووناكی چرای سەر زەوی بازنەكانی تیا ئەدرەوشانەوە، كردبوونی بە پردی هەردووك دڵو لاشە.

(خانزاد) قسەی ئەكردو سەرداریش سەیری ئەكردو گوێی دابووە زایەلەی دەنگی ناسكو هەستیاری ئەو، كەلەناو سینەیەكی ماندووو پەرۆشەوە درچوونو، هەر وەك نەیەوێ چیتر ماندووی بكاتو لە قسەكردنی بخات تاكو پشوویەك ئەداتو ئەحەسێتەوە، هەردووك بازووی بەهێزی بەدەوری ملو گەردەنیدا كردن بە بازنو سەری جوانی گوشیە سەر شانی خۆی. ئینجا بە دوو پەنجەی دەستی چەناگەی بەرز كردەوە بۆ ڕووی خۆی، بە هەستێكەوە سەیری یەكتریان كرد، دوو فرمێسك وەك شووشە لەبەر ڕووناكی چرا بریقانەوەو لە گۆماوی چاو جیا بوونەوەو لەسەر پانایی كوڵمەكانی كە سەری بەرز كردبووەوە وەستانو كەمترین سەر جوولان بەس بوو تاكو وەك مووروی پرشنگدار بە قەراغیكی زەوی كوڵمەكانیدا لێژ ببنەوە. بەلام ئەو وەستانە زۆری برد كە دەراوی گۆمی فرمێسك بەربووو، شەپۆلەكانی ئەو دوو مۆریە بریقەدارەشی لەگەڵ خۆیدا ڕامالیو، بە لێژایی ڕوومەتەكانیا جۆگەیان بەست. فرمێسك كە چەكی بێ هێزی ڕەگەزی نەرمە، لە ترساناو لە خۆشیانا.. لە شەرمانا بەكاری دێنن. (سەردار) نەیئەویست چیتر شەڕی ئەم چەكە دڵبڕە بكاتو خۆی لەبەر لادا.

بەڕێ كەوتن، ئەم وەستانەش دەرفەتێكی باش بوو تاكو ئێسترەكان لەژێر باردا هەندێ پووش بڕینەوە. سەردار لە پێشەوە ڕێشمەی ئێسترەكانی ئەكێشا، خانزادیش بەدوای ئەواندا هەنگاوی ئەنا. بەناو تاریكیدا سەیری تارمایی بالای بەرزی خۆشەویستی ئەكرد. هەر كە

هەستیان بە ماندوویەتی ئەکرد، قادرمەیەکیان بەسەرو ژوورەکەدا هەڵەئناو سەرئەکەوتن.

گەیشتنەوە خێزان و ماڵەکان. لەسەر کانییەکی کەم ئاودا باریان خستبوو. لەبەر ماندوویەتی منداڵ و ئافرەت وەکو ڕانەمەڕ بەسەر زەویدا بەناو گیاو پووش و خۆڵدا درێژ بوون، پاڵکەوتبوون.

باری وولاغەکانی خست، ئاوێکیشی خواردەوە. بەڵام بەبێ پشوودان گەڕایەوە بۆ ئاوایی بەڵکو بەر لە خۆرهەڵات سەفەرێکی تر بکاتەوە. خانزادی بەجێ هێشت تاکو کەمێك وەك ئەو خەڵکە بخەوێت و بەیانی بگاتەوە ناو ماڵی خۆی، بەڵام خەوی چی؟ لەسەر تەختە بەردێك دانیشت و سەرەوخوار سەیری ئەو دۆڵەی ئەکرد کە سەردار بەناویدا دائەبەزیٚ و سەر ئەکەویٚ.

وولاغەکانی بار کردنەوەو بە پەلە گەڕایەوەو سینەی داوە بەر سەرەو ژوور. زۆر پەلەی ئەکرد بەڵکو زوو بگاتە لای دۆستی دڵی بەر لەوەی بڵاوە بکەن و دوورکەوێتەوە. ئەستێرەی بەرەبەیان بە سورکاڵی تێکەڵ بە زەردی قورس ئەدرەوشانەوە لە بەرزایی دوو گوریس لەسەر ئاسۆگەدا. زۆر جوان بوو. هەرچەندە لە پشتییەوە بوو لەکاتی ڕێ کردندا، بەڵام لە هەر پشوودانێکدا تێر سەیری ئەکردو ئەیشوبهاند بە خانزادی هاوڕازی. لەبەر خۆیو ناو دڵی ئەیووت: وا بوو بە دوو ئەستێرە، یەکێکیان لەسەر زەوی هی تریش لە ئاسماندا، ئەوەی ئاسمان ئەسڕێتەوە لەبەر لەشکری تیشکی خۆر، بەڵام ئەوەی تر زۆرتر ئەگەشێتەوە لەسەر زەویدا، ئەمە خۆی ناگرێ لەبەر خۆر. بەڵام ئەستێرەی من بەرگەی ئەگرێو بەرهەڵستیشی ئەکا لە جوانیدا.

ئێستا چەند ئاسوودە خەوتووە. ئەستێرەی تفەنگ ببووە شووشەی شین کاڵی ئاسمانیش پێشوازی ڕووناکی ئەکرد. کاتێ (سەردار) گەیشتەوە ناو ماڵەکان، بەڵام هەر خەوتبوون. تەنها هەندێ پیرەژنی دوژمنی خەو هەڵسابوونەوەو خەریکی نوێژی بەیانیان بوون. سەرێکی سوڕاند بەناو خەوتووەکاندا، بەڵام نەیدیتەوە، خانزادیش وەك

خەرتەل لەسەر بەرد دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو، سەیری ئەوی ئەکردو بزەیەکی شیرینی بەرە بەیانیشی دەرپەڕیبووە سەر لێو. دۆزیەوە، پێ کەنی، جەمەدانی سەری بەرزکردەوە لە جیاتی ((بەیانی باش)) ئەویش هەر وەك ئەو دەستماڵی سوورو تەنکی سەرپرچی ڕاوەشاندو لەسەر پا وەستا، تیری زەردەخەنە بەسەر تەرمی خەوتووەکاندا لەیەك ڕەت بوون. بەر لە خۆر هەڵاتن ئەو هەموو ئافرەت و منداڵەو ئەو هەندێ پیاوانەی لەگەڵیان بوو، قاوەڵتیەکی سووکیان کردو یەك یەکەو دوو دووە بەناو بەردو دارو کونەکاندا بڵاو بوونەوە هەر ئەشکەفتێك و درزی بەردێك و ناو بۆشایی دارێك هەندێ منداڵ و ئافرەتی تیا بوو. بێ ئەوەی خێزان خێزان کۆمەڵ ببن، چونکە کون و درزی بەردەکان ئەوەندە زل نەبوون ئەندامانی خێزانێك بگرن. هەر کەسێ ئازا بووایە شوێنێکی بۆ خۆی دۆزیبوایەو گرتبوایە. هەموویان بە دڵە کوتەوە چاوەڕوانی قەڵا باڵدارەکانی میریان ئەکرد، گوێیان شل کردبوو، لە چ تاوێکا گرمەو هاڕە ئەو دۆڵە پڕ ئەکاتەوە، چاویان لە ئاواییەکان بوو، لە دارو باغ و خانووەکانیان بوو.

لە پڕێکا هەروەکو پەردەی دەهۆڵی ئاسمان دڕابێت، بەجارێ زەوی هاتە هەژان، شەش فڕۆکەی زل، وەك پۆلی بازی گۆشت خۆر پەلاماری ئاواییەکەیاندا، باری قورسی ئاگرو ئاسنیان ڕژاندە سەر ئاواییە هێمن و ئاسوودەکان گرمەو هاژە ئەو ناو دۆڵەی پڕ کرد، دووکەڵ لە خانووەکان بەرز بووەوە، گوڕی ئاگری سووتان سەرکەوت، ئاو لە شوێنی بۆمباکان زا، دارو بەردی خانووەکان وورد وورد بەرز ئەبوونەوە پێخوستی ئاوەدانی لەسەر ڕووی ئەو هەرێمە سڕاوەو بوو بە بورکانی دەستکرد. چاویان لە خانووەکانیان، لە ئاواییەکانیان بوو، ئەسووتان، وێران ئەبوون، پاش چەند ساڵ لە خەمخواردن و ئاوەدان کردنەوە، هی خۆیان بوو، پاشماوەی باوك و باپیریانە، بە بازووی پۆڵاییان، بە ئارەقی لەشی لەبەر تیشکی خۆر سوتاو بە خوێنی گەش و سوریان، ئەمەیان پێکەوە نابوو، کردبوویان بە هێلانە، پێ ئەژین و تیا

ئەژیان. ئەوەی بە دەها ساڵ درووستیان کردبو. بە چاو قوچانێك لەسەر زەوی سڕایەوە. لە ژێر هەموو بەردێك، لەناو گشت ئەشکەفتێك لە هەموو درزێکا پرسە بوو، ئەگرییان. هەناویان ئەسووتا. فرمێسك ئەڕژان، بۆ خانوو، ئاوایی، ڕەز، باغ، زەوی کێلاّن کە بە بۆمبا کرابوو بە گۆلی ئاو، تەنانەت بۆ دارو بەردیش، بۆ دیمەنی جوانیش.

ئەمە یەکەم جار نەبوو وایان بەسەر هاتبێ بەڵکو فرچکیان بەو ڕۆژە ڕەشانە گرتبوو، لە ساڵەکانی بەر لە سییەوە، سیو دوو، چلو سێ. چلو پێنج، هەمان شانۆی ڕەشیان لەبەر چاو هەڵدا. ئەمەش لەبەر شتێك کە خۆشەویستی گەلو خاکیان بوو. خۆشەویستی نیشتیمانیان بوو، نەیان ئەویست سەرشۆڕی دوژمن بن. سەربەستی و کامەرانی ئامانجیان بوو.



## ﴿ ١٥ ﴾

لەناو ئەو ئاگرو سووتان‌و بگرەو بەردەدا، ناردرا بە شوێن سەردار ((بە زووترین کات بگاتە لای باوکی)).

بەبێ یەك‌و دوو، بێ لێ وورد بوونەوە سەردار هەستی کرد کە کاری کەوتە پێش، دایکی نیشتیمانی بانگی دەکات. بەڵێ بانگی هەموو ڕۆڵەیەکی کرد کە دەست هەڵبگرێ بۆ خزمەت بۆ گیان بەختی، بۆ قوربانی دان، بۆ شەڕ، بۆ مردن.

دەنگوباس گەیشت، دوژمن بە چەکی قورس بە تۆپ‌و تانك‌و زرێ پۆش، ئەیەوێ شانبەشانی قەڵاکانی ئاسمان لە زەویش هێرش ببات. ئەو خاکە پاك‌و جوانە گڵاوی بکات. بە بزماری تیژ جەرگی نیشتیمان کون کون بکات، ئەیەوێ ناوچەکە بگرێت. ڕۆژی خزمەت‌و قوربانی هەڵات لە ئاسۆی هەموو کوردێك، هەموو لاوێك. دواکەوتن خیانەتە، بێ زاتی‌و دڵ سستی‌یە، سەر شۆڕی‌و کەم ئابڕووییە.

باوکی ناردی بە دوایا بێت‌و سەرکردەی چەن چەکدارێك بکات، سینەیان بکەن بە قەڵغان لە ڕێگای دوژمندا بۆ پاراستنی خاك‌و نیشتمان.

(سەردار) هەستی کرد دوور ئەکەوێتەوە لە خۆشەویستی، لە هاودەردی دڵی. بەڵام خۆشەویستی نیشتیمان بەرز ترو پیرۆزترە لە یار، لە دایك‌و باوك، لە هەموو کەسێك.

ئەبێ خۆشەویستی دۆست‌و یار ڕووناکی چرای خۆشەویستی نیشتمان بێت. لەبەر پەلەی کار دەرفەتی قسەکردن نەبوو لەگەڵ (خانزاد) تەنها ئەوەی بۆ کرا سەیرێکی کردو بە زەردەخەنەی بیرو بڕواوە ڕووی تێ کرد، هانی دا دڵ قاییم بێت. ماوەی دە ڕۆژ دوور کەوتەوە لە دۆستی. دوژمن بڕیاری خۆی بەجێ گەیاند، نەیتوانی ڕوو بکاتە ناوچەکە. خۆی‌و هێزەکەی گەڕاوە هەروەکو هێزەکانی تریش گەڕانەوە. مەترسی نەما، خاو و خێزان لە کێو دابەزین بۆ کۆنە ئاواییە

خاپوور کراوەکانیان، لە جیاتی خانوو کەپری چرۆیان ئاوا کرد لە نزیک کەلاوەکانیان دامەزرانەوە. بەلام ئەم دیمەنە وێرانکراوە کاری نەکردە سەر بیروباوەڕی خاوەنەکانیان، هەر وەکو هەنگ، دەستیان دایە کار، ووچانیان نەبوو، شەویان خستە سەر ڕۆژ. بەر لەوەی زستان و هێرشی سەرما بێت، گوند ئاوەدان کرانەوەو تیا دامەزران، بەلام ئەمە کارێکی کاتی بوو.

هەرچەندە لەو هەرێمە هیمنی‌یەکی کاتی بوو، بەلام لە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان، شەڕ بوو. کوشتن و وێرانکاری بوو. پێشمەرگەی دڵ پۆلایینی بە چەکی بیرو باوەڕ لەگەڵ دوژمنی پڕ چەکدا ئەجەنگا. بە دەستی بەتاڵ و بەبێ چەکی بەرگری، بە پێی خاوسی و زگی برسی، سینەی ئاسنینی ئەکرد بە قەڵغانی بەرهەڵستی و دڵقاییمی بەرامبەر بە تۆپ و فڕۆکەو تانکی دوژمن. بیرو بڕوا شەڕی ئەکرد. بیرو بڕوا پەلامارەکانی دوژمنی تێك ئەشکاند، هەر بەو بیروباوەڕەش دوژمنی کرد بە سەرچاوەی چەکی دەستی، بە چەکی دوژمن، دوژمنی خۆی ڕاوئەنا.. پەلامارو هێرشە دڕندانەو نا مرۆڤانەی دوژمنیش لەسەر بەردی بیرو باوەڕی میللەتی کورد تێك ئەشکێنران.

ساڵ سوڕایەوە. بازنی تەمەنی شۆڕش سەرەکانی گەیشتنەوە یەك. لە پایزی ١٩٦٢دا فەرمان درا بە باوکی (سەردار) بە هێزێکی باشەوە بگاتە ناوچەی (..........) لە وێشەوە، بەرەو جەبهەی (.....) فەرماندەیەتی ئەو بەرەیە بگرێتە دەستەوە.

(سەردار خۆی و لقەکەی تیپێك بوو لەو هێزە. ئەبوایە لەگەڵ باوکی بڕوات و ئەرکی سەر شانی بەجێ بگەیەنێت. ئێستا بە دروستی کاتی گیانبازی هاتە ڕوو. کاتی لەیەك دابڕان. دوور کەوتنەوە، فرمێسك، گریان هات. ئەبێ دەردی سەختی دڵ بکێشێ و ئارام بگرێت. ئەبێ خۆشەویستی ببینێ، دڵنیای بکات، دڵی بداتەوە. شەتڵێ ئارام و پشو درێژی لە ناو دڵ و دەروونی بچەقێنێ. بەڵێن و پەیمانی لەیەك دووری بگۆڕنەوە.

ئێواره بوو، خۆر تین و گەرمای نەمابوو. گڤەبایەکی لەسەرخۆ بە دۆڵەکەدا دائەبەزی، سەری دارەکانی هێنابووە هەژان و جووڵانەوە، سەری درەختەکانی بەر لە باخچەی تەنیشت خانووی ماڵی سەردار، خۆیان لەیەك دابوو لە چڕی و پڕیدا وەك کەپر سێبەرێکی تەنکی لەسەر گیای سەوزی ژێر دارەکان دروووست کردبوو. بۆنێکی خۆش و ئاوازێکی هێمن لە خشەی گەڵای دارەکان دروووست کردبوو. بۆنێکی خۆش و ئاوازێکی هێمن لە خشەی گەڵای دارەکان بەناو کونی لووت و بەسەر پەردەی گوێچکەدا ڕەت ئەبوو. چریکەو خرۆشتی پەڕاوڕ دەنگی پەروازەی باڵەکانیان کە لەناو بەنگو گەڵای درەختەکان و بەسەر هێشووە تریێ و میوەی تردا ئەفڕین و بازیان ئەدا. پەردەیەکی ناسکی لە نزم و ئاوازێکی دڵ گەش بەسەر باخچەکەدا کێشابوو. هەروەك نەیانەوێ، دەنگی ناسك و خۆش و چپەی دەم و دڵی ئەو دوو لاوە بەناو پەردەی چریکەی ئەواندا دەربچێت و، یان بۆ خۆشی خستنە ناو دڵی ئەو دوو دڵدارە، ئەو بەزمە خۆشە بگێڕن. کێ ئەڵێت لە ڕقی داگیرکردنی بەهەشتی نیشتیمانیان نەبوو، کە ئەو دوو هاوڕازە هاتبوونە ناو باخچەی ئەوان و داگیریان کردبوو. لە ژێر سێبەری هێلانەی ئەوان دڵی یەکتریان ئاو ئەداو مێشکیان بە ووتەو چپەی ئەویینداری زاخاو ئەکرد، بە هەر نیازێکەوە بێت. لە ڕقانا بێت یا لە خۆشیانا، دەنگو ئاوازی ئەو پەراوره بێ هێزانە، فێنکیەکی تایبەتی و پڕ هەستی خستبووە ناو دڵ و دەروونی سەردارو خانزاد کە بەرامبەر یەك دانیشتبوون و، لە ژێر پەردەی چڕی درەختەکان خۆیان شاردبووەوە لە چاوی تیژو پیس و بەدکار.

سەردار کلیلی قسەکردنی خستە ناو فەراشەی بێ دەنگی، پاش ئەوەی زمانی چاوو زەردەخەنە لە قسەکردن وەستاو پێویست بوو

ڕاستی مەبەست لە ناردن بە شوێنیا بۆی دەربڕێت، هەرچەند ئەشیزانی ئەو دەنگو باسە دڵ تەزێنە کاری گران ئەکاتە سەردڵو مێشکی ئەو پەپوولە دڵ ناسکە. بەڵام ئەبێ بڵێت، دەستێکی درێژ کردە ژێر چەناگەی خانزادو سەری دانەواندوی بەرز کردەوەو بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە پێی ووت:

فریشتەکەم.. تۆم خۆش ئەوێ.. تۆم ئەوێو ناتوانم لەوە لابدەم یا خۆمو خۆت فریو بدەم، شتێکە تێکەڵاوە لەگەڵ خوێنمو بەناو ژوورەکانی دڵمدا ئەسوڕێتەوە، خۆش ویستنی تۆ، ڕێگایەکی ڕوونو خاوێنە گرتوومەتە بەرو هەر بەو ڕێگایەشدا ئەڕۆمو ئەڕۆم هەرچەند دڕکو کۆسپو گیروگرفتی ڕۆژگاریشم لەسەر ڕێ بێت، هەر ئەڕۆم تاکو گزنگی جەژنی نزیکی بەیەك گەیشتنمان... بەڵام.

(کەمێك وەستاو تفێکی قووت دا). بەڵام ئەبێ بزانین منو تۆو، هەموو ڕۆڵەیەکی کورد، هەموو لاوێکی هەستیار جەژنێکی مەزنو پیرۆزمان لە پێشە بەر لە جەژنی تایبەتی دڵەکانمان.. منو تۆ بەندین، ئازاد نین، سەربەستیمان نییە، ئازادیو سەربەستیو بەختەوەریمان بەستراوەتەوە بە ئازادیو کامەرانی کوردستانی نیشتیمانو دایکمان.

چۆن منو تۆ حەز ئەکەین کەس دەریای خەیاڵو خۆشیمان لیل نەکاو نەشێوێنێ، ئەبێ بزانین کە هەوڵ ئەدەین نیشتمانی چەوساوەمان لە دەریای ژێر چەپۆکی ڕزگار بکەین. داری زل ئەگەر گەڵای بوەرێ یا لقی لێ ببردرێت بەڵام بنی هەر ئەمێنێو گەڵاو لقی تر درووست ئەکات، کەچی ئەگەر بێتو دارەکە لە بنو ڕیشەوە بڕدرا، گەڵاو لقەکان ناتوانن بە ئاسانی دارێکی تر وەك دایکیان پەیدا بکەن.

خانزاد هەروەکو هەستی کردبێت لە مەبەستی سەردار بۆیە باش گوێی لێ گرتبوو، سەرنجی لە لێوەکانی نەئەبڕی، حەزی ئەکرد زوو نیازی ئەوی بۆ ڕوون بێتەوە لەبەر ئەوە بە پەرۆشەوە ووتی: دەی جا..!

- ئینجا ئەبێ بزانین کە هەموو کات کوردستان ئەتوانێ سەدەها ڕۆڵەی وەکو منو تۆ بێنێتە مەیدان، کەوایە ئەگەر نەشبین ئەبێ نیشتیمان هەر هەبێ، بەڵام بوونو مانەوەی نیشتیمانیش بە منو تۆو هەزارەها.. ملیۆنەها ڕۆڵەی ترەوە بەستراوە، کوردستانی دایکمان بۆ ئێمەیە ئێمەش ئەبێ بۆ ئەو بین نەوەك بۆ خۆمان.

هەڵبەت لە ماوەی ئەوساڵو نیوە کە شەڕە، شەڕە لە نێوان ڕاستیو چەوتی، لە نێوان گەلی کوردو دوژمنی داگیرکەرو، هەزارەها گەنجی وەك من بە چەكو توانای بەشدارەو، هەزارەهای وەك تۆش بە چەکی بیروباوەڕو دڵو هەستی پاك بەشدارە لەم شەڕە ڕاستەقینەیەو، ئێستاش دایکی نیشتیمانمان داوامان لێ ئەکات منو تۆش بەشدار بین چیتر لەناو تاریکیو قوژبنی دوورە پەرێزی خۆمان حەشار نەدەین. من بە گیانو چەكو بیروباوەڕەوە، تۆش بە سۆزو هاندانو دڵدانەوە.

منو تۆ یەکترمان خۆش دەوێ، بەڵام ئەبێ نەتەوەو خاکمان خۆشتر بوێ، منو تۆ سەربەست نین ئەگەر نیشتمان ژێر دەست بێت، وولاتێك چەوساوە بێت ڕۆڵەکانیشی ژێر چەپۆکن. خۆشەویستی منو تۆ ڕۆشنایی خۆشەویستی چرای نیشتمانە، هەر کە چرای کوردستان کوژایەوە، منو تۆو هەزارەها لاوی وەکو منو تۆ ئەکەونە ناو تاریکی نەبوونو نەمان.. ئینجا ئەمەوێ ئاگادارت بکەم کە بەیانی ئەڕۆم.. دوور ئەکەومەوە، زۆر ئەبات تا ئەتبینمەوە، دوور نیە یەکتریش نەبینینەوە مەگەر لە جیهانی دووەمدا. بەڵام ئەبێ خەمو خەفەت نەخۆین. هەتا من مابمو دڵم بکوتێ، تەنها تۆ هی منیت. ئەڕۆم، بەڵام کلیلی دڵم لای تۆ دائەنێم، چونکە نامەوێ لە تۆ زیاتر هیچ کەس بگەڕێت بەناو دڵی مندا.

کەمێك وەستا لە قسەکردن چونکە هەستی کرد کە خۆشەویستی خەریکە لە دەریای خەمو خەفەتدا بخنکێت، سەری دانواندبوو لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد. هەر وەك بیری نەمابێت لای کێ دانیشتووە.

چیتر قسەی نەکردو، بەتاسەوە چاوەڕوانی ئەنجامو وەڵامی ئەوی ئەکرد، داخوا قسەکانی لەگەڵ سێبەری سیحری دارو بێ دەنگی جەنگەڵی باخچەو چ کارێك ئەکەنە سەری و وەڵامی چی بێت.

کەمێك لاشەی لەرزی، سەردار هەستی کرد کەوا گریان لە قورگیدا پەنگی داوەتەوە بۆیە قسەی پێ ناکرێ. شەپۆلی گریان بوو بە فرمێسك، هەرچەند هەوڵی دا دەنگی ناسكو کچانەی پاك بکاتەوە لە گەردی گریان، بەڵام کە سەری بەرز کردەوەو هاتە قسەکردن، دەنگی نەرمو کچانەی کەمێك گڕ ببوو، پێی خەم شوێنی کردبووەوە لەسەر ئاوریشمی بێ گرێیی دەنگی کە گوتی:

- هەرچەند لێم دووربیت.. هەرچەند نەدیتن دوور بکێشێ کار ناکاتە سەر دڵی خاوێنم بەرامبەر بە تۆ. بەڵام ئەترسم هەر نەتبینمەوە، گەردوون ئەم لە یەك دابڕانەمان لێ بکات بە هەتا هەتایە، بە باری خەمو خەفەتەوە لە دووری تۆ سەربنێمەوە.. ئەترسم دەستی دوژمنی بێ بەزەیی و چەپەڵ دەرفەتی بەیەك شادبوونمان لە دەست بدات.

- بەڵام من کە بۆتۆ ئەژیم، ئەت پەرستمو، بە ئەوینی تۆ هەستەکانم کڵپە ئەستێنن. من کە بەهۆی تۆ فێری خۆشیو جوانی ژیان بووم، بەهۆی تۆ فێری مانای ئەوینیو ئومێدو لێدانی دڵو ڕشتنی دڵۆپی فرمێسکی شەونمی بووم، فێری هێمنیو ئاسوودەییو سینگ فراوانیو ئۆقرەش دەبم، فێری ڕێزگرتنو ڕێزلێنانی گەلو نەتەوەو خەڵکیش ئەبمو، هەر بە ئەوینی تۆش فێری ئاواتی بەرزو خزمەتی گەلو نیشتمانو خاکیش ئەبم.

بەڵام داوات لێ ئەکەم، سوێندت ئەدەم بە ئەوینی پیرۆزمان، بەو خاکەی وا بۆی شەیداو ئەیپەرستی، سوێندت ئەدەم بە خەڵوەی شەوانی پڕ شەونمی ئەوینیمان، بەو ئاهو ناڵەو چپەی بە گوێماندا ئەزرنگێنەوە، ئینجا بەو زەردەخەنەی ئێمەی کرد بە هاوڕازی یەکتر، سوێندت ئەدەم کە منت لە یاد بێت هەر وەك من ئەتپەرستمو یادت

ئەکەمەوە، لە بیرت نەچێت من بۆ تۆ ئەژیم و بە هیوای تۆ ئەبێ سەر بنێمەوە.

ئینجا سەیرێکی سەرداری کرد تاکو بزانێ وەلامی بە دڵ بوو یا زۆرتری ئەوێ، هەستی کرد وەلامەکەی تینی دا بە دڵی سەردار کە بە سەرنج هانی ئەدا زۆرتر ڕازی دڵی دەربخات و خستیە سەری:

- ئەو دوژمنەی شەڕ ئەفرۆشێ و ئەکڕێت، ئەو دوژمنەی بە ئاگرو ئاسن کوردستان ئەڕشێنێت و سەدەها لاوی وەك ئێمە ئومێد بڕ ئەکات، ئەو دوژمنە ئەبێ بێ دڵ بێت، هەستی مرۆڤایەتی گەردیشی نەبێت لەناو دڵ و دەروونی و، ئەبێ بە بێ دڵۆپی ئەوینی وەك دوڕندەی کێو ژیابێت و بژێت. ئەگینا لە پێناوی مادەو دارایی چۆن نەتەوەیەك ئەسووتێنێ، چۆن هەزارەها جەرگ و دڵ بەسۆز لەسەر ئاگری گۆگرد ئەبرژێنێ. ئەگینا چۆن ئەوەندە چەپەڵی ئەکردو دزێوو ناشرین ئەبوو لەبەرچاوی کورد، ئەگینا چۆن ئەوەندە ترسی ئەدا بە دایکی جەرگ سۆز، بە منالی بێ گوناەو بێ تاوان، بە لاوی دڵپاك و پڕ خۆشەویستی.. خۆزیا ترس نەبووایە، چەپەڵی و دزێوی نەبووایە، لەیەك دابڕان و دووری نەبوایە!..

سەردار کەمێك پێکەنی و دڵی بووەوەو سادەو ئاسانی و قسە لە ڕووی خۆشەویستی دڵسۆزی بەدەرکەوت، بۆیە بە هەردووك دەستی ڕوومەتەکانی خانزادی داپۆشین و گوشین و بە سینەی خۆیەوە چەسپ کردو گوتی:

-ئاخر خۆشەویستم.. ئەگەر ترس نەبووایە خۆپاراستن و بواردنیش نەدەبوو، ئەگەر ترس نەبووایە منت سوێند نەئەدا خۆم بپارێزم و لە بیرت نەکەم و، ئەگەر چەپەڵی و خراپەیش نەبووایە ئەوکات چاکەو پیاوەتیش درەوشەی نەدەبوو. ئەگەر دزێوی و ناشرینیش نەبووایە، قەدری جوانی نەئەزانراو، ئەگەریش لەیەك دابڕان و دووریش نەبووایە،

سـۆزی جـەرگو دڵیـش نـەدەبووو نرخـی لەیـەك نزیکـی و بەیـەك نەگەیشتن نەئەزانرا.

لە پڕێکا خانزاد سەری بەرز کردەوەو، هەر وەك منالْ بە پاڕانەوە پرسی:

- تو خوا پێم بڵێ زوو دێیتەوە؟
- سەرداریش بە نیوە پێکەنینێکەوە وەلامی دایەوە:
- دڵنیابە هەر وەکو نەڕۆم وایە، چونکە تەنها لاشەم لێت دوور ئەکەوێتەوە، بەلام دڵم لەلاتەو، ئەو خۆشەویستی یەی وەك پۆلی ژێر خۆڵەمێش گڕی سەندو دڵو دەروونی گەرم کردین، بەیەکەوەی بەستین، ئەو خۆشەویستی یە هیچ کات لێت دوور ناکەوێتەوەو، بە ئەوینی تۆ دڵو دەروونم ئەسرەوێنو، هەرچەند دووریش بم لێت، ئەبێ هەموو سەرە ساڵێك، ئاهەنگ بگێڕم، ئاهەنگێکی کپو بێ دەنگ، ئاهەنگێك کە لەناو هۆڵی دڵی پەژارەمدا بگێڕدرێتو، تەنها تۆ.. تۆ.. ئامادە ئەبیت لەو ئاهەنگەدا، ئەو سەرو ئەمسەری هۆڵی دڵم ئەکەیتو، بەناوی تۆ خۆشی ئەگێرمو، هەمیشە خۆشیم دەرئەبڕم بە هەڵبژاردنی دوو گوڵ، خەنەیی لە ڕەنگی پرچی خەنەییتو، سپی لە ڕەنگی خاوێنی دڵی تۆو، خاوێنی ئەوینی منو تۆ.
- ئەبێ هەموو دەم.. لە هێمنیو لە کاتی شەڕ یادت بکەمەوە، بە هیوای تۆ بجەنگێم. بە هیوای تۆ نەڕوخێم.. بە ئومێدی تۆ بەرگەی ئاگرو ئاسنی دوژمن بگرم، لە پێناوی تۆو، ئەو خاکەی لەسەری ئەژیم بمرم.
- ئەبێ هەر یادت بکەمەوە، یادی ئەو چاوانەت کە گۆڵی ئاو گەرمن لە جیهانی ساردی مندا.. سەرنجەکانت کە پڕن لە سیحری پەرۆشیو ئارەزوو. زەردەخەنەی لێوەکان کە وەك تریفەی مانگە شەوی زێوێنی بەناو تاریکایی دڵمدا ئەدرەوشێنەوە. ئەو تیشکەی

بـه بـاوو بـاران‌و ڕەشـــەبای ڕۆژگـــاریش قەدەغـــەی ناكـــات لـــە گەشانەوەی ژیانی تاریكیم.

- ئـەبێ لەگـەڵ یادگارەكانمـان بفـڕم بـۆ لات، لـە شـەوانی خـۆش‌و جوان‌و پڕ لـە سیحر، ئەستێرە لەسـەر سـەرمان لـە دیـار ئـەوینی خاوێنمـان بدرەوشـێنەوە. چپـەكانم كـە تیایـا بـانگت ئەكـەم ئەتاوێنـەوە بـەناو لێوەكـانت‌و گـوم ئـەبن بـەناو سـینەتدا. كپـی شەوگار ناڵەو ئاهەكانمان ئەگێڕێتـەوە لـەناو بێ دەنگـی سروشـتدا ئەزرنگێنـەوە، لێدانـی دڵـەكانمان بـەگووڕ ئەكـەون، سـەیرت ئەكـەم‌و تیایا چیرۆكی ئەوینیم، چـیرۆكی پاشـەڕۆژێكی بەختـەوەر لەگـەڵ تۆدا ئەبینم. چپەكانمان لەگەڵ بادا ئـەفڕن‌و وەكـو ئـەو زینـدوون‌و ئەمێنن.

لە كۆتایی گفتوگۆی بە تین‌و كاریگەریان‌و ویستیان شتێكی بچووك بۆ یادگاری لەیـەك دووری ئاشـت بكـەن، سـەردار نیگـارێكی بچووكـی خۆی كـە تـازە گرتبـووی دای بـە خـانزاد بـەڵام ئـەو لـەو كاتـەدا هیـچ شتێكی وای لەبەر دەسـت نـەبوو بیـدات بـە سـەردار. چونكـە وێنـەی ئـافرەت لـە لادێ وەرناگـیرێ‌و كـارێكی نـا پەسـەندە. چەقۆیـەكی زۆر بچووك‌و جوانی لە گیرفانی كەواكەی دەركرد، دەستی بەرز كـردەوە بۆ نێوچەوانی كۆمـەڵێكی لەپەرچەمی یـاخی بووی كـە لـە ژێـر دەسـتماڵی تـەنكدا دەرپـەڕی بووو، وەك بازنێكی دانـەخراو لەسـەر ئـەبرۆی چـەپی كەوانەی كردبوو، بڕی‌و بە داوێك لـە پرچـی پەرێشـانی پێچاو خستیە نـاو دەستەسـڕێكی بـە دەرزی چـنراو بـە چەشـنێكی جوانـی لوولـداو پێشكەشی كردە سەردار تا كاتی بەیەك گەیشتن. هەرچـەند كـەم بایی بوو، بەڵام هەروەك هـەموو جیهانی پـێ خـەڵات كرابێـت، یـا گوڵلـە بـەند بێت ئەوەندەی لا پەسەند بوو. وەری گرت‌و گوتی:

- تـۆ وێنـەی مـن ئەخەیتـە بـەرچاو، منیـش وێنـەی تـۆم لـەناو سینەدایەو سەری تۆم لەناو دەست‌و لەبەرچاوە.

هەڵسانە سەر پێ، سەردار بۆ دواجار نێوچەوانی ماچ کرد، ئەویش دەستی. ماڵئاواییان کرد بە هیوای بەیەك گەیشتن و شاد بوون، بەڵام کێ ئەزانێ گەردوون چەرخی کاری چۆن ئەخاتە سووڕان و، بە چ شێوەو بارێك بەیەك ئەگەنەوە. ئەم وێنەو بازنی پەرچەم چۆن ئەبینرێن و دەرئەکەون و، یان بەرهەمی ئەوینی ئەو دوو لاوە چ ئەبێت؟ ئەمە هەمووی لە تەرازووی ڕۆژگارو گەردوون دایە.

(سەردار) لەگەڵ باوکی بە هێزێکی زۆرەوە ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنەی سەرکردەی شۆڕش دیاری کردبوو. کاروباری لەشکریان لەو هەرێمە گرتە دەستو بە گوێرەی پێویستو شوێن هێزەکانی پێشمەرگەیان دابەش کردن بەسەر جەبهەکاندا. سەرداریش بە لقی خۆیەوە دابەزی بۆ گرنگترین شوێن. ڕوو بە ڕووی دوژمن پڕ چەكو بەهێز بوو.

(سەردار) ئەوەندە بڕوای بە چەکی دەست نەبوو بەقەد ئەوەی بڕوای بە چەکی بیروباوەڕ هەبوو، چونکە ئەیزانی چەك شەڕ ناکات بەڵکو پێشمەرگە شەڕ ئەکات. چونکە ئەگەر پشت بە چەك ئەستوور بێت، ئەبێ دوژمن بە تۆپو فڕۆکەو تانكو زریێ پۆشو هەموو جۆرە چەکی تر هیچ گیانلەبەرێك لەسەر ڕووی زەوی کوردستان نەهێڵێ. بەڵام لە ڕاستیدا پێشمەرگە قایم ترو بەهێز تر بوو لەو چەکەی بەدەست دوژمنەوەیە. بە تفەنگی خراپو کۆنو لەکار وەستاوی، بە تفەنگی ڕاو، بە خەنجەر، بە داری دەست بەربەرەکانی ئەو دوژمنە سامناکەی ئەکرد. لەبەر ئەوە سەردار زۆر بایەخی ئەدا بە فێرکردنی پیشمەرگەکان، بۆ پڕ بڕواکردنیان، فێری ئەکردن بۆچی شەڕ ئەکەن، لە پێناوی چی، لەگەڵ کێ، بۆ کێ ئەم شۆڕشە بەرپا بووە، تێی ئەگەیاندن دوژمنی ڕاستەقینە کێیەو، دایکی ڕاستەقینەیان چۆن ئەیپارێزن. فێری مانای ئازادی ئەکردن، داگیرکردنو چەوسانەوە چ ئەنجامێکی کوشندەی هەیە بۆ گەلی کوردو خاکی کوردستان.

هەر کە شەڕێکی ئەکەوتە پێش، یا دەرفەتێکی دەست کەوتبووایە بتوانێ قسەیان بۆ بکات، کۆی ئەکردنەوەو بە شێوەیەکی هێمنو لەسەرخۆ ئەکەوتە ڕۆشن کردنەوەی مەبەستو ئامانجی شۆڕشو ئەرکی سەرشانی هەر پێشمەرگەیەك، هانی ئەدان لە مردن نەترسن،

چونکە هەر ئەمرین. بەلام مردن با بەشەرف و ئابڕووبێت لە پێناوی خاکی کوردستانی خۆشەویست بێت، بۆی ڕوون ئەکردنەوە مردن خۆشترە لە ژیانی زەلیلی و ژێردەستی دوژمن، مردن پڕ ئابڕووترە لەوەی دوژمن بە پۆستالی بزماراوی بەسەر سینەی دایکی خۆشەویستمان هاتوچۆ بکات. پیت و بەرهەمی کوردستان لەبەر دەمی ڕۆڵەکانی کورد هەڵگرێت و بیبات بۆ خۆی. مردن خۆشترە لەوەی نەتەوەیەکی چەند ملیۆن کەسی بتاوێتەوە لە ناو تاوەی نەتەوەیەکی تر، خۆی بە ئازاد دائەنێ کەچی نەتەوەی تر ئەچەوسێنێتەوەو لەناویان ئەبات. کۆی ئەکردنەوەو پێی ئەووتن:

- پیاوی شۆڕشگێڕو گیانبازو خاك پەروەر بیر لە چارەنووسی تایبەتی خۆی و ئەنجامی ناکاتەوە.. بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەبێ هەر زیندوو بێت، بژێت شان بە شانی خەباتکردن. بەڵکو بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەگەر خۆشی نەژیا ڕۆڵەی بژێت. بیر لەوە ئەکاتەوە ئەبێ ببێت بە پردێکی پۆلایی تاکو ڕۆڵەکانی گەلی کورد دوا بە دوای ئەو بە سەریدا ڕت ببن بۆ جیهانی ئازادی بۆ ئەوەی کاروانی ئازادی کورد لە کوردستانی داگیرکراودا ڕازاندراو بەسەر سەرپشتی ئەودا تێ بپەڕن بۆ کوردستانی ئازادکراوو سەربەست.
- پێشمەرگەو پیاوی شۆڕشگێڕ ئەجەنگی بە بیرو بڕوای قووڵەوە.. سەرشۆڕی هەڵناگرێت.. بەرهەڵستی ئەکات بەڵکو زۆرتر لە بەرهەڵستی. گوێ ناداتە ئەنجامی خۆی چی ئەبێ با ببێ.

پێی ئەوتن:

- مرۆڤ چ نرخێکی هەیە ئەگەر شکا.. ئیهانەکرا، مرۆڤ چ نرخێکی هەیە ئەگەر بژێت لەسەر خاکێك زەلیل و چەوساوە بێت.. لە وولاتێك ژێر چەپۆکی ستەمکار بێت. هەمووومان ئەمرین. بەلام کە ئەمرین با بەسەر بەرزی و شانازییەوە بمرین، شەهید بین. ڕۆڵەی ڕاستەقینەی کوردستان بین. کوردستان دایکمانە ویژدان و شەرەف و وجودمانە ئەبێ بیپارێزین، پیس و گلاو نەبێت لە ژێر

پـێ‌ی بزمـاراوی دوژمـن‌و پەنجـەی خوێنـاوی کـە لـە جـەرگی ئـەم خاکەی چەقاندووە.

- کەسێك دایکی مەزنی ژێر چەپۆك بێت، ماف خوراو بێت، خۆشی بەندو ستەمدارو بێ کەس‌و دادو بێ فریایە.. کاسەلێسی دوژمنە. دەست کەمەری ستەمکارە، یا بە کۆتی مردنە.. دەست بەدوای سەرشـۆڕی‌یە، نیـەو نـاش بێـت لـە ڕێـزی مالاتـە.. حیسـابی مرۆڤایەتی‌و ئادەمیزادی بۆ ناکرێت.

هـەر کوردێـك تێنەکۆشـێت.. بیر لـە ئـازادی کوردسـتان نەکاتـەوە. نـەبوونی باشـترە. ئـەو هەوایـە پیس ئـەکات کـە پشـووی پـێ ئـەداو ئـەیمژێ. ئـەو نانـە حەرامـە کـە ئـەخوات. ئـەو ئـاوە ژەهـرە بـۆی کـە ئەیخواتەوە.

با بـەس بێت خـۆ هـەڵنان‌و چاولێکەری. با بـەس بێت ژیـان لەسـەر شانی چەوساوە.. با بـەس بێـت چـاو ببڕینـە ئـاواتی تایبـەتی‌ئ خـۆ خۆیی. با هـەموو شتێك فڕێ بدەیـن، دڵ‌و دەروونمان گەسك دەیـن لـە خڵتـی خۆپەرسـتی‌و خـۆ هـەڵنان.. بـا دەرونمـان بشـۆرین، خـاوێن بکەینەوە لە خۆخۆیی‌و ڕەوشتی کاسەلێسی دوژمن.. با چیتر چاومان لە پاشماوەی خوانی بێگانە نەبێت.

با دڵ‌و دەروونمـان بسـڕینەوە لـە پاشمـاوەی ((کەمتەرخـەمی‌و مـن مـافم پێـوە نی‌یـە.. بـۆ مـن نیـە.. لەسـەر مـن نیـە.. وازم لێ بێنـن.. ئاسوودەییم لێ مەشێوێنن.. ئاسایش شڵۆق مەکەن ژیان باشە)).

چ ژیانێکە.. چ ئاسوودەگی‌و ئاساییشێکە لـە ژێر پـێ‌ی جەنگالاوی تیـژی دوژمن کـە لاشـەی خـاوێنی کوردسـتانی هنجنیـوە.. دڵـی پـاك‌و جەرگی ڕوونی کون کون کردووە. دەروونتان بەرزو گەورە بکەن.. بەرز تـری بکـەن لـەوەی سەرشـۆڕی دوژمـن بـین. مـەرد بـین. تەنـها بـۆ کوردستانمان دەست کەمەر بین.

﴿ ١٨ ﴾

بەم بیرو باوەڕە پۆڵایینە لەگەڵ دوژمن ئەجەنگاو سەرپەرشتی برایانی پیشمەرگەی ئەکردو هانی ئەدان بۆ خەبات و تێکۆشانی بێ ووچان.

ساڵ سوڕایەوەو گفتوگۆی ساڵی ١٩٦٣ی کاتی بەعسەیەکانیش بەسەر چوو. تا کۆتایی مانگی حوزەیران کە سەرەتای مانگی خەرمانانی کوردی بوو، حوکمڕانانی میری بەغدا خۆیان چەسپاندو ڕەگ و ڕیشەی خۆیان داکوتا دوای ئەوەی هەموو دەنگ و هەستێکی نیشتمان پەروەریان لە وولات خنکاندو دامرکاند. ئینجا نۆرەی گەلی کورد هاتەوە کە پەلاماری بدات، ووشک و تەڕی ئەسووتاندو بە چەشنێکی ئەولاتر لە دڕەندەیی دەستی کرد بە کوشتنی منداڵ و ئافرەت و پیرو گەنجی کورد. خاکی ئەسووتاند، بەردی ئەهاڕی.. داری ئەسووتاندو ئەبڕی.. پێخوستی ژیانی لەسەر خاکی کوردستان ئەسڕیەوە.

پەلاماری دڕندانەی گەیشتە مێرگەسوورو بارزان. دارو لێرەواری لە ڕووی زەوی سڕیەوە. بەردی ئەهاڕین لەژێر زنجیری تانک و گوللە تۆپ و بۆمبا. ئاوەدانی نەما.. ئەو ناوچەیە لە کوردستانی شیرینمان وەك ناوچەکانی تر پەردەیەکی ڕەش و تاریکی بەسەردا کێشرا لەبەر بارووت (گۆگرد) و ئاگری دوژمن. باغ و بێستان و میوەجات و شینایی نەما. خانووبەرە تەخت کران. تەنانەت داروبەردی خانووەکانیش گواسترایەوە ناوچەکانی تر. خۆ باگوردان (بانگۆش) بەرنەئەکەوتن و کرێگرتەکان لەسەری بەشەڕ ئەهاتن. هەروەکو بەسەرهاتی کۆن ئەڵێ: ((هێرشەکە بە چەشنێك بوو خاکی ئەو وولاتەیان بە توورەگەی وولاغ گواستەوە بۆ وولاتی خۆیان)). بەم جۆرە دڕندەکانی میری دڵیان

داکەوت کە چاویان بە کوردستانی جوانو بووکی سەرزەمین کەوت لە بیابانەکانی ووشكو بێ ئاوو دارو درەختی عەرەبستان ئەکات. دڵیان داکەوت کە کوردستانیشیان کرد بە عەرەبستان.

خەڵکەکە ڕای کرد قۆناغ بە قۆناغ دوژمنی درندەش بەدوایانەوە بوو، فڕۆکە سێبەریان ئەکردو وەك باران بۆمبا دائەبەزین. گوللە تۆپ وەکو تەرزە بەسەر سەری خاوو خێزانو منالی ساوادا دائەباری. گوللەی تفەنگو چەکی تر لە جیاتی بارانی پاییز بوو.. لاشەی بێ گوناهی منالْ.. گۆشتو ئێسقانیان تێکەڵ ئەبوو بە گۆشتو ئێسقانی دایکیان. کوشتارگە بە چەشنێك بوو تەرمو لاشەی پچڕ پچڕاو نەئەناسرانەوە.. بە ڕۆژ لە کونو ئەشکەوت خۆیان پەنا ئەداو شەویش بە گریەو فۆغانو ئاهو ناڵە بە ڕێگای سەختو پڕ ئاگر، بە شەوی تاریكو سامناکدا ئەڕۆیشتن. لە هەر قۆناغێك چەند شەهیدو لاشەی بێ گیانیان بەجێ ئەهێشت.

## ﴿ ١٩ ﴾

بەیانی زوو بوو ئاسۆی خۆرهەڵات زێڕ پۆش بوو. هێشتا کانگای زێڕ، خۆری زێڕ ڕێژ لەگەڵ ئەو خەڵکە پێ ئەکەنی بوو. تەنها بزەیەکی جوانی دڵکەش لەگەڵ لووتکە بەرزەکانی کێوی بۆ ئاسمان ڕاست بوویەوەو قسەی ئەکرد. بەڵام کێوەکان بە ڕوویەکی کزو خەفەتبارو پڕ مەینەت بە کەڵپەلی ڕەش و پرسەی پچڕ پچڕاو لەبەر تۆپ و بۆمبای دوژمن پێشوازی زەردەخەنەی خۆری ئەو ڕۆژەیان ئەکرد.

نەیان ئەویست خۆر پێشوازی بکەن، حەزیان ئەکرد هەر بە کراسی سووتاوو ڕەش لە ژێر پەردەی تاریکی شەودا بن. چونکە ڕوناکی و زەردەی خۆر بۆ ئەوان و ڕۆڵەکانیان لە نەوەی داپیرە حەوا مانای ئاگرو ئاسن بوو. مانای کوشتن و بڕین بوو. سووتان و تێك شێلان بوو. گریەو فۆغان و ئاهو ناڵەی بێ گوناەو تاوان بوو. دوای شەوێکی دوورو درێژ، لە ڕۆیشتنی سەخت و پڕ کۆسپەدا، دانیشتن، پەرتوو بڵاو بوون، لەشکری ڕووناکی، سوپای تاریکی بەزاندو شکاند. ئەبێ خۆیان بشارنەوە، کۆمەڵ بە کۆمەڵ و دانە بە دانە، چونکە لەگەڵ لەشکری ڕووناکی، لەشکری سووتان و کوشتن دێت. لە خەباتی خۆشاردنەوەدا بوون، کون و حەشارگەوئەشکەوتی کەم.. خەڵکێکی زۆرو بێ ژمارە بڵاو بوونەوە بەبێ پارێزگا. لە پڕێکا دوو خاڵی ڕەش لە ئاسۆ دەرکەوتن. ئەبریقانەوە لەبەر تیشکی خۆری بەیانیان. نزیك کەوتنەوە، بە دەنگی ناڵەبارو ناخۆشیانا دۆڵەکە زرینگایەوە، سەرێك بەسەر خاو و خێزانی لەگەڵ زەوی بزمارداری ڕەت بوون، دوا بە دوای ئەوانیشا گرمەو هاڕەی دا تۆقێنیان ئەجووڵێنەوە..وا هاتنەوە، دایکە جگەر سۆزەکان بە ووتەی لاواندنەوەو ووریا کردن منداڵەکانیان لە خۆ نزیك کردەوە، ئەیانخستە ژێر باڵیان، ئەیان شاردنەوە بە ئومێدی پاراستنیان.

گەڕانەوە سەر ماڵو خێزان، هەر لە ئاسۆی دوورەوە لووتیان دابەزاند، باڵیان شل کردن. نزم بوونەوە بۆ سەر سەریان، فڕێیان دان، هەریەکە دوو بۆمبای زلیان خستە خوارەوە. ئەوان بەرز بوونەوە، بەڵام بۆمبا نزم بوونەوە.. ناڵەو هاواری دایکو منداڵ.. خوشکو برا بەناو گرمەو زریمەی تەقینەوەدا گوم بوو، دەستو پا.. گۆشتو ئێسقان لەگەڵ پلاشەو ئاسن بەرز بوونەوە، هاوارو گریانو دەنگی ناڵە پەڵە هەورەکانی دووکەڵی ڕەشیان بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، سێبەرێکی تاریک ناوچەکەی داپۆشی، شەپۆلێك لە بێ دەنگی بەسەر شوێنەکەدا ڕەت بوو. ئەوەی ساغ بوو نوتقی گیرا.. ئەوەی بەریشی کەوت دەنگی برا. دوا بە دوای شەپۆلی بێ دەنگی.. لە هەر لایەکا جۆرە دەنگێك بەرز بووەوە. لەبەر هاتو هاوار لەیەکتر تێ نەگەیشتن.. ئەوەی مرد چوو. ئەوەی ماوە بیپارێزن.. ئەگەڕان بەدوای یەك. تووشی پارچە گۆشتو دەستو پای پچڕاو ئەبوون، کۆیان کەنەوە.. ئەیان ناسین.. سەدەها دەنگو ئاواز بەناو یەکا ئەزرینگانەوە. گریانو بانگەوازو ڕۆڕۆی دایکەکانو دەنگی باریكو ناسکی منداڵەکان وەك تێکەڵاوی بەرخو مەڕ بەناو دۆڵەکەدا ئەزرینگایەوە. بەناو ئەو هەموو دەنگو ئاوازەشدا.. ناڵەیەکی قووڵو براوەییو باریك ئەهاتە گوێ. دەنگێك هەروەك لەژێر زەوی بێتە دەر. لە پەنا بەردێکی ڕەش هەڵگەڕاو لەبەر دووکەڵی بۆمبا بەناو خوێنی ئەگەوزاو ئەیناڵاند. خوێنی ئاڵو سوری ئەڕژا بەسەر بەفری لاشەیدا. خوێنی گەرم لە لاشەی گەرم بەناو برینی گەرمدا هەڵئەقوڵاو بەسەر کەویە بەفری سپیدا جۆگەی بەستبوو.. گەیشتنە سەری، بەڵام لە جووڵە وەستا بوو تەنها دڵی زەبوونو پڕ لە پێخوستی ئەوینی ئەیکوتا.. بانگی کرد.. سەردار.. سەردار.. بەڵێ سینەی تەڕو پتەوی خانزاد بە حاستەم بەرزو نزم ئەبووەوە. خوێن لە برینی یەکلای فیکەی ئەکرد. خوێن لەژێر مەمکی ڕاستەی هەروەکو کانی ژێر سێبەری تەپۆڵکە بە پەرێشانی لێژ ئەبووەوەو زەوی لاشەی ئاو ئەدا. ئینجا ئەڕژایە سەر زەوی. ژێر درەختی لەبەر ئاگر هەڵقرچاو.

برینیان بەست، دەراوی خوێن گیرا. بردیانە ژێر سێبەری بەردێکی زل بە ئومێدێکی براوەیی دایکی چارۆگەی ڕەشی خۆی لەسەر لاشەی

بێ جووڵەدا کێشا. بە لفکەی فەقێیانە باوەشێنێکی هێمنی کردو مێشی دوور خستەوە لە خوێنی بەسەر کەلپە ووشك بووی. ئومێدی ژیانی نەبوو، دایکی جگەر سووتاوی بە فرمێسکی ئاوی لاشەی برینداری ئەرشاند بەسەریا ئەگریا.. مردن و گیاندان لەکاتی وادا خۆشتر بوو لە برینداری. پزیشك نەبوو، تەنانەت کەسێکیش نەبوو بزانێ برین پێچانەوە چۆنە. مەگەر کۆنە حەکیمەکانی لادێی کە ئەوانیش زۆربەی پسپۆڕیان لە شکان و دەرچوونە نەوەك لە برینی کوشندەو قووڵ. چارەی نەبوو، لە لایەك پارچەی لاشە پچڕاوەکانیان ژێر گڵ ئەکرد، لە لایەکیش ئەبێ بگەڕێن بەشوێن پزیشکێك، تاکو برینەکەی بۆگەن نەبووە. تا ئێوارە نەیانتوانی کەسێك بدۆزنەوە، چونکە گشت خەڵکی ئەو ناوە بەناو کێوو دارو بەردا بڵاو ببوونەوە. بەهەر حاڵ پیرەمێردێکی برای دونیایان دۆزیەوە کە کەمێك پسپۆری هەبوو. کیسەی داو و دەرمانی دەستکردی خستە لای دەستی‌یەوە، لایان چۆڵ کرد تەنها دایکی نەبێت لەگەڵ یەك دوو ئافرەتی تر. بە ئاوێکی شیرتێن برینەکەی شۆری دوای ئەوەی بە چەقۆ یاخەی کراسیان لە نێوان هەردوو مەمکی‌یەوە دڕی. سینەی سپی و جوانی ئەوەندەی تر لەبەر بێ خوێنی زەردو سپی ببوو، وەك منداڵ لەگەڵ زەردەخەنەی خۆر پێ ئەکەنی، کەمێك هوشیار بووەوە، دایکی لەپاڵ پشتی دانیشتبوو. ساچمەی بۆمبا دابەزیبووە ناو سینەی بەبێ عەمەلیات چارەی دەرکردنی ناکرێت. کەوایە دەرناهێنرێت. کوا خەستەخانە؟ کوا پزیشك، کوا دەرمان؟ خەستەخانە باوەشی دایکی بوو پزیشکیش پەنجەکانی دایکی دڵسۆزی بوو، بەڵام دەرمانخانە چاوە جوانەکانی خۆی بوون. دەرمانی ڕاستەقینەش تەنها فرمێسکەکانی خۆی بوون.

بەر لەوەی برینەکەی بپێچن.. هەوڵی‌دا کەمێك خۆی ڕاست بکاتەوە، هەرچەند ئەو جووڵانەوەی بووە هۆی خوێن ڕژان لە برینی سارد بووەوەی، بەڵام نەیتوانی ئەگەر سەیری سینەو برینی نەکات.. ئەو سینگەی کردبووی بە باغی بەهەشت، پاوانی کردبوو بۆ سەردار. کەس نەیدیبوو. نەی ناسیبوو. تەنها ئەو نەبێ. ئەمڕۆش وەك باغێکی

بەر هەڵکراو، بەبێ پەرژین و باخەوان دەستی پیرەمێردی حەکیم وەك ماڵات بەناویا نەگەڕێ و ئەیشێوێنێ. گریا.. زۆر گریا.. تاکو فرمێسك وەك جۆگە بەسەر ڕوومەتی سیس بووی ڕژانە سەر پانایی سینەی. بەناو چەمی بەهەشتدا لێژ بوونەوە تا گەیشتنە سەر برینی پڕ ئازاری. ڕژانە ناو دەمی برینی سینەی هەروەکو پێشان ئەڕژانە ناو قەراغی لێوەکانی یەوە. ئەوکاتە لە خۆشی و بەختەوەری دل بوو. بەڵام ئێستا لەتاریکی و بێ ئومێدی دڵە.. برین ئەگریا خوێنی ئەڕژاند. چاو ئەگریا فرمێسکیان ئەڕژاند.. شەو داهات، مەترسی فڕۆکە نەما. باریان کرد. لاشەی زامداری خانزادیان خستە نێوان دوو فەردەکا، لەسەر پشتی وولاغ. بەم چەشنە خەڵك ڕای ئەکرد تا گەیشتنە سەر سنووری تورکیا. پاش مانگێك لە پەلاماری دڕندانەی دوژمن گەڕانەوە بەرەو ناوچەکانیان. ئەم بار کردن و ڕاکردنە تا نیشتەجێ بوونەوە سێ مانگی خایان. بەزگی برسی شەو سەریان ئەنایەوە. نان نەبوو بخۆن، گەنم نەبوو، جۆ نەبوو، پارەو پوول نەمابوو.. نوێن و پێخەف نەبوو خۆیان لە سەرمای پاییز بپارێزن. شەکرو چا لەجیاتی دەرمانی ژانە سەر بەکار ئەهێنرا. دوژمن تەنها بەردی ووردکراوو خۆڵی سوتێنراوی بۆ بەجێ هێشتبوون. تەنانەت ماڵاتەکانیشیان هیچ نەبوو بخۆن. مەگەر داری ووشك و سووتاو.. یا خۆڵی هەڵقرچاو.

دامەزرانەوەو دەستیان کردەوە بەکار بە ئاوەدانی. بە دار ڕواندن. هەتا مردن هەر کارکردنە.. گەلێك سووربێت لەسەر ئازادی، کۆڵ نەدات لە خەباتکردن ئاواتی دێتە دی..

# ﴿ ٢٠ ﴾

لە ماوەی ئەو سێ مانگە (خانزاد) کەمێك هاتەوە سەرخۆ، بەڵام نەیئەتوانی لەسەر پێ بووەستێ، بە دەست ئەیانگواستەوە، ئومێدی ژیانی مسۆگەر بوو، بەڵام لەبەر بێ دەرمانی.. لەبەر بێ خۆراك و خواردن. لەبەر ساچمەی ژنگاوی ناو هەناوی مەترسی لێ ئەکرا. زۆر جار لە زمان و قسەکردن ئەکەوت. ئەهاتەوە سەرخۆ. ئاواتی هەرە گەورەی دیتنی خۆشەویستی‌بوو، بەرەبەرکانی مردنی ئەکرد. چاو لە ڕێ بوو، نەیئەویست بمرێ دوور لە سەردار. ئەیویست بژێت. حەزی ئەکرد بەر لە مردن بەختەوەر بێت بە زەردەخەنەیەکی ئەو. نەیئەویست سینەی تەڕو جوانی لاشەی بێ خوێنی بباتە ژێر گڵ بێ ئەوەی خۆشەویستی تامەزرۆی بکات.. نەی ئەویست لە دوری ئەو سەربنێتەوە.

وێنەی جوانی ئەو کە هەمیشە لەجیاتی خاوەنی بەناو باغی سینەیدا ئەگەڕاو ئەخەوت، وا ئەمڕۆ وەك خانزاد بەناو خوێندا ئەگەوزێ. ڕەنگی ئاڵی بەسەردا ڕژاوە.. بە فرمێسك ناسڕێتەوە.. یادگارە.

دایکی خانزاد کە یەکەم کەس بوو ئەو وێنەی لەناو گەنجینەی سینگی کچیدا دۆزیەوە. یەکەم کەسیش بوو کە بەتەواوی نهێنی دڵی کچی خۆشەویستی دۆزیەوە. چەند فرمێسکی ساردی بەسەر ڕووی خانزاددا ئەڕژاند بە شەوانی تاریك و درێژ.. ئەوەندەش نەڕژانە سەر وێنەی بە خوێن سوور بووی بە ڕۆژانی تەنیایی.

(مام حەسۆ) بە لاشەی داڕزاویەوە بە ئێسقانی ژێر پێستی ووشك بوویەوە، لە خەفەتی کچی لەکار وەستا بوو. نەیئەتوانی نزیك ماڵ

بکەویتەوە.. چونکە نەیئەویست گوێی لە ئاهو نالـەی کچی بە ودفاو خۆشەویستی بێت. نەیئەویست ئەو فرمێسکانە ببینێت کە کچەکەی ئەیرژاندە سەر کولمە سیسبووەکانی. نەیئەویست ئەو لاشەی پڕو پتەوە ببینێت کە وەك دار ووشك بووە لەناو ئازاری برینو خوێن کەمیو لەناو دەردی سەختی گرانی لەیەك دووری.. هەمیشە لەجیاتی موستەفای کوڕی ئەچووە بەر مەڕەکان، شەویش لەناویان ئەخەوت. پیریو مەینەتو خەفەت کاری تێ کردبوو.

## ﴿ ٢١ ﴾

(سەردار) لەناو گرمەو ناڵەی گوللەو فڕۆکەو تۆپ لەناو ئاهو ناڵەی برینداران. هاتو هاواری نۆبەتداران ئاگاداری هیچ نەبوو.. نەیئەزانی چی قەوماوە لە ناوچەی بارزانو مێرگەسوور. هەر ئەوەندەی ئەزانی کە هێرشی دڕندانەی دوژمن گەیشتۆتە ئەوێ. نازانێ کێ ماوە، کێ کوژراوە. لەبەر ئاگرو ئاسن دەرفەتی بیرکردنەوەی نەبوو، بەڵام کرمی خەمو خەفەت لەناو دڵو دەروونی ئەهاتو ئەچوو. تەمو مژی خەم دڵی هەستیاری داگیر کردبوو، زۆر تامەزرۆو پەرۆشی ئەو کەسە بوو کە باوکی ناردبووی دەنگو باسی ناوچەکەیان بۆ بێنێتەوە. بەڵکو شتێك لە خۆشەویستی بکەوێتە بەرگوێ. ئەحمەد کە پازدە ڕۆژ بوو ڕۆیشتبوو هیچ سۆراغێکی نییە بگەڕێتەوە. تەنها ئەحمەد ئەتوانێ ئەم تەمو مژە لەسەر دڵی سەردار بڕەوێنێتەوە، یان گرانترو چڕ تری بکات.. چونکە ئەو ڕازی دڵی ئەزانی. ئەحمەد گەڕایەوە، شەڕ هەر بەردەوام بوو لەو جەبهەیە. بە درێژایی ڕۆژ فڕۆکە پۆل پۆل ئەسووڕانەوەو ئاگرو ئانیان بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا ئەباران. بە درێژایی شەو و ڕۆژیش تۆپەکانی میری بۆمبارانی ناوچەکانی لەشکریان ئەکرد، شەوانی تاریك بڵێسەی ئاگری لوولەی تۆپەکانو گری تەقینەوەی گوللەکان ڕۆشنا ئەبوو، هەروەکو چەخماخەی هەوری بەهاران ئاسۆیان ڕوون ئەکردەوە، ناڵەی چەکی ڕیزو ڕەشاشیش وەك برنشکە ئەهاتە گوێ.

ئەحمەد لە بارەگا دانیشت، شەو بوو، چرایەکی کزو ئاگر نزم دیواری بە قوڕ سواق دراوی بارەگای بە ڕەنگی قاوەیی ئەنواند، ڕووی پێشمەرگەکان کە وەك تارمایی دیار بوو، لەبەر ماندوویەتی و کەم

پشوویان لە ناو ئاگری دوژمندا بە زگی برسی و قورگی تینوو، کزی چراکە ئەوەندەی تر لاوازی پێشان ئەدان، بەرزیو نزمی ناو ڕووەکانیان وەك گردو چالایی قووڵ دیار بوو لەبەر سێبەری چرای کەم ڕووناکیدا.

(مەحموود بەگ)) لە سنگی دیوەخانە دانیشتبوو، تەنها لا ڕووێکی دیار بوو کە بەرامبەری چرا بوو، سێبەری دار جگەرەی کە ئەیخستە ناو دەمی و دووکەڵی جگەرەکەی وەك کاریتەیەکی سووتاو سێبەری دووکەڵیشی لێ بەرز ئەبووەوە. لاوازو کش و مات دیار بوو، ئێسقانی ڕووی هەر وەك پەتما بن لەبەر بێ گۆشتی بەرز ببووەوە، لە ژێر پێستەی دەمو چاوی.

ئەحمەد نانی خوارد، هەندێ ماستی لەبەردەم بوو لەناو جامێکی بچووك و بەرداغەك چای شیرینیشی لەبەر دەستدا بوو، نانی ئەخواردو قسەشی ئەکرد. هەرچی دیبووی و بیستبووی لەبارەی وەزعی ناوچەکە بە ووردی بۆ باوکی سەرداری گێڕایەوە. پیشمەرگەکانیش بەبێ دەنگ سەیری ئەویان ئەکرد. سەردار لە قوژبنی ژوورەکە خۆی دابووە تاریکی هەر وەك نەیەوێ ئەحمەد ئەو ببینێ، بەڵکو هیچ شت نەشارێتەوە. بەلام ئەحمەد بە هیچ جۆرێك بەلای ماڵی (مام حەسۆ)دا نەچوو. (سەردار) ئەیویست لە ڕووی ئەحمەد هەموو شتێ بخوێنێتەوە زۆری خوێندەوە، ڕووی کزو پڕ لۆچی ئەحمەد دەنگوباسێکی دڵتەزێنی پەنا دابوو.

شەو ڕاشکا زۆربەی پێشمەرگەکان خەوتن. سەردار دەستی ئەحمەدی گرت و بردیە دەرەوە. لە دووری بنکەکە دانیشتن و خۆیان بەناو پەردەی تاریکیدا پێچایەوە، هەموو پرسیارێکی لێ کرد. بەلام ئەحمەد ئەو نهێنی یەی خانزادی بۆ سەردار نەدرکاند چونکە ئەیزانی تێك ئەچێت.

سەردار کە نەیتوانی ڕاستی لە دەمی ئەحمەد وەرگریّو لە خۆش کردن و دڵنیا کردن زیاتر، پیّی گووت:

- باشه ئەگەر هیچ نەبووە، بۆچی ئەوەندە خەمبار دێیتە بەرچاوم؟
- قوربان ئەگەر خەفەتباریش بم لەبەر دەردی خۆمە هیچی تر نیە.
- سەردار کەمێك پێکەنی و بەناو پێکەنینەکەدا ووتی: ئەترسم دۆستەکەت بەشوو درابێت!.
- بەخوا باش بۆی چوویت. ئەرێ وەڵڵا ئەو سەگبابە بە زۆرەملێ سەوسەنی داوەتە قورتاسی خوشکەزای.

(سەردار) گەیشتە بڕوا کە کزی ئەحمەد ئەوەیە. بەلام لە ڕاستیدا کش و ماتی ئەحمەد زۆربەی لەبەر کارەساتی خانزاد بوو.

بۆ بەیانی بەشێوەیەکی تایبەتی ئەحمەد باسی وەزعی بۆ باوکی سەردار گێڕایەوەو کارەساتی مام حەسۆشی بۆ باس کرد، بەلام تکای لێ کرد وا نەکەن سەردار بزانێ. بەم قسەیە مەحمود بەگ هەستی کرد کە سەردار پەیوەندی لەگەڵ کچی مام حەسۆ هەیە. کەمێك پێ کەنی بەو نهێنیەی، بەلام هیچ نارەزاییەك و سەرسوڕمانێکی پیشان نەدا. یەك دوو ڕۆژی بەسەر چوو.. سەردار دڵی دانەکەوت پەردەی خەم و خەفەت ئەستوورتر بوو لەسەر دڵ و دەروونی. کارەساتێك بەناو دڵی ئەودا ئەزرینگایەوە، هەستی شەشەم پێشبینی ئەو کارەساتەی ئەکرد. نەیئەتوانی دەسەلات بەسەر خۆیدا بگرێت. خەمبارو کز ئەهاتە بەرچاو، ئەیویست هەمیشە دوورەپەرێز بێت لە قەڵەباڵغی. گۆشەگیری زاڵ بوو بەسەریا، کەم ئەهاتەناو بارەگاو خەڵك. بە تەنها ئەچووە ژێر سێبەری بەردێك یا درەختێك چەکەکەی ئەکرد بە سەرین و لەسەر پشت پاڵ ئەکەوت، بە دووکەڵی جگەرە گەواڵە هەوری سپی لەسەر سەری درووست ئەکرد.. خواردنی کەم بوو. لەڕو لاوازی لە لاشەیا بەدەر کەوت، ڕەنگ زەرد لێو بە بارو ڕوو گرژو کەم قسە دیار بوو. باوکی هەستی پێ کرد، لە ترسان نیە. ترس و تۆپ و فڕۆکەو دوژمن هیچ کات کاری تێ نەکردووە. هەمیشە بە پێکەنین و زەردەخەنەوە ڕوو بە ڕووی دوژمن ئەبووەوە. بەلام ئێستا هەرگیز لابەلاو بێ کەیف دائەنیشێ. گاڵتەو خۆلێکدان و دڵدانەوەی پێشمەرگەکانی نەماوە.

ئەوانیش سەریان لێ سوورماوە.  باوکی هەرچەند تەقەلای لەگەڵ ئەدا ڕاستی دڵی نەدرکاند. پرسیاری پێشمەرگەکانی کرد هیچیان نەئەزانی. گەیشتە ئەو بڕوایە شتێکی لە کارەساتی خانزاد زانیوە.

بانگی کردە لای خۆی. داوای لێ کرد بە سەردان بچێتەوە ماڵ.  بەڵام سەردار لای شورەیی بوو لەو کاتە ناسکەدا بڕواتەوە. شەڕ بەجێ هێشتن نیشانەی ترسانە. داخوازی باوکی ڕەت کردەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەحموود بەگ دڵنیا بووئەم خەفەتبارییە کار ئەکاتە سەر تەندرووستی و دەروونی سەردار، داوای لێ کرد نامەو ڕاپۆرت لەبارەی وەزعی جەبهەی ئەوان ببات بۆ سەرکردایەتی و بە قسەش بۆیان شی بکاتەوە، پاشان پیی گووت:

- کوڕم لەوێشەوە یەکسەر سەرێکی ماڵەوە بدە.. پێویستییەکیان هەبێت بۆیان جێ بەجێ بکە، ئەوانیش داوایان کردووە. سەرێکیان لێ بدەیت.. ئینجا هەندێ خەرجی دا پیی بۆ ماڵەوەو بۆ ڕێگا.

# ﴿ ٢٢ ﴾

سەردار بەیانی دەستی باوکی ماچ کردوو دەستی پێشمەرگەکانی گوشی و سێ پێشمەرگەی چەکداری لەگەڵ خۆی بردن و بەرەو ناوچەی (ڕانیە) کە بارەگای سەرکردایەتی لێ بوو ڕۆیشت. کاروباری خۆی لەوێ جێبەجێ کردو وەڵامی سەرکردایەتی لەگەڵ دوو پێشمەرگەکان کە بۆ ئەم مەبەستە چووبوون ناردەوە بۆ باوکی. خۆی و پێشمەرگەکەی تر بەرەو ماڵ گەڕانەوە. پاش سێ ڕۆژ لە ڕۆیشتن گەیشتنە جێ.

هەر کە (سەردار) گەیشتە ماڵەوە یەکسەر لە دایکی پرسی داخوا دەسگیرانەکەی لەچیایە؟ بەڵام لەبەر ئەوەی نەیویست کوڕەکەی خەمبار بکات وەڵامی دایەوە:

- کوڕم.. وەزعیان زۆر باشە. زۆر جار هاتووەتە ئێرەو پرسیاری تۆی کردووە.
- سەردار زۆر دڵخۆش بوو بەم وەڵامەو بە خۆشییەکەوە خۆی شەلاندو کەلپەلی ڕێگای داکەندو هی تری کردە بەرو بە دایکی گوت کە خەریکی کەلپەلە چڵکنەکان بوو کۆی ئەکردەوە:
- زۆر زۆر بە پەرۆشی بینینیم. هەمیشە دڵم لەلای بوو. بەتایبەتی ئەو سێ چوار مانگە هەر لەسەر چاوم لانەئەکەوت و بە پەرۆشەوە وتی:
- ئەی ئێستاماڵیان لەکوێیە؟.
- دایکی پەشۆکاو وەستا.. ئەگەر جێگایان پێ بڵێت ئەترسێ بچێتە لای و تووشی شتێك ببێت.. ئەگەر ڕاستیش نەڵێت هەست دەکات شتێکی بەسەر هاتبێ.
- پاشان بۆ شاردنەوەی شێوانی گوتی: بۆچی پرسیار ئەکەی.

- ئەمەوێ بزانم لە کوێن. هەر نەبێ ئاگاداری بکەمەوە کە هاتوومەتەوە.
- کوڕم.. هەر لە جێگای پێشانن لەسەر کانی خەیلان.
- سەردار لە خۆشیانا خۆی بۆ نەگیراو بە بزەیەکی شەرمینەوە بە دایکی ووت:
- باوکم بەڵێنی پێداوم هەر کە گەڕایەوە بە سەردان بۆ ئێرە ئەیخوازێت بۆم.

دایکی زۆر غەمگین بوو بەم قسەیە چونکە ئەیزانی مانو نەمانی (خانزاد) لە تەرازووی خودایە. بەتایبەتی لەو دواییە ئومێدی ژیانی نەمابوو. چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیە دەرمانێکی وا نەکرابوو برینەکەی باش بێتەوە. لە هەموو ناوچەکەش یەك پزیشك نەبوو چارەسەری بکات لە کۆنە حەکیمەکان زیاتر، ڕێگاش نەبوو بە هیچ جۆرێك بگوێزرێتەوە یەکێ لە نەخۆشخانەکان تاکو عەمەلیاتی بۆ بکرێتو ساچمەی گۆشت گرتی لەناو هەناوی دەرکەن. چونکە لە هەموو شوێنێکی کوردستان شەڕ بوو. برینی تەشەنەی کردبوو بەهۆی ساچمەی ژەنگاوی بۆمبا لاشەی ژەهراوی ببوو.

دایکی زۆر بەزەیی بە کوڕەکەیو خانزاد هاتەوە. چاوی پڕبوو لە فرمێسك، بەڵام بە پەلە چووە دەرەوە نەوەك کوڕەکەی هەست بە شتێك بکات. نەهاتە ژوورەوە تاکو شەپۆلی گریانو فرمێسك لە قورگو چاوی دامەزرانەوە.

خانزاد لە ژیانی وەڕس بوو. بەڵکو ئومێدی بڕابوو. لە تەمەنی ساغیدا بە ئومێدی بەختەوەری بوو لە باوەشی سەرداردا. بەڵام ئێستا ئەو ئومێدە بەرزو بڵاوەی بڕاوە. زۆرەملێ‌ی ئەکرد لەگەڵ مردندا. نەیئەویست بمرێت. پەرۆشی ژیان بوو، چاوەڕێ‌ی تاوێك بوو بە ئومێدی هەلێك بوو، ئەویش تەنها دیتنی سەردار بوو بەر لەوەی چاوە جوانەکانی بکەون و هەتا هەتایە بە پێڵووی بێ گیان دابخرێن. وای ئەزانی بە سەرنجێکی خۆشەویستی گیانی ڕاکردووی دێتەوە بەر. هێزی نەماوی بۆ دێتەوە، لاشەی ووشك بووی تەڕ ئەبێتەوە. ئینجا برینی دژواری سارێژ ئەبێت، دەرمان و پزیشك تەنها سەرنجێکی بە بەزەیی سەردار بوو. مردن بە چنگ و نینۆکی تیژو سامناکی هەڕەشەی لێ ئەکرد. بەڵام ئەو بە ئومێدی دیتنی سەردار بەربەرەکانی ئەکرد. ئەیزانی کە نەماوە، بەڵام ئەبێ بمێنێ تاکو سەردار ئەبینێ، بەم جۆرە ئەو بەستە زمانە لە بەربەرەکانی مردن و ژیاندا بوو.

سەردار نەیئەزانی دۆستی خۆشەویستی دووچاری چ دەردێك بووە. تەنها تەم و مژی خەفەت دڵی بێگەردی داگرتبوو پەلەی لێ ئەکرد زوو بڕوات. دوا نەکەوێت تاوێکەو بەس، هەموو ئاوات بە ئاودا دەچن. دڵێکی زەبوون، لە دوا کوتاندایە، چاوەڕوانی ئەکات. دووهەمین ڕۆژ لە گەڕانەوەی بڕیاریدا دوانەکەوێت، بڕوات بۆ چاوپێکەوتنی خۆشەویستەکەی، چونکە جیهانی ڕووناکی لەبەر چاو سست و تاریك و چۆڵ بوو.

خۆی گۆڕی قاتێکی خاکی کردە بەر، دەستێکیشی بۆ دڵنیایی بە گیرفانی کراسیدا گێڕا. بازنی مووی پەرچەمی خانزاد لە بنی گیرفانی گینگڵی خواردبووەوە. وای ئەزانی هەموو خانزادی لە باغەڵدایە – ئارامی گرت تا شەو داهات، تاریکی داکەوت دڵنیا بوو کەس نایبینێ تفەنگی کردە شان لەماڵ دەرکەوت. وەك دووکەڵ بەناو تاریکیدا وون بوو، تەنها بوو. نەیویست کەس ببات، چونکە حەزی نەئەکرد نهێنی بزانێت. ڕۆیشت بە ئەسپایی هەنگاوی ئەنا، شەوانی پاییزو تاریك‌و ڕەش، کەمێکیش سەرمای گەلاوێژ هەلاتن لەبەرەبەیانا لاشەی مرۆڤی ئەتەزاند.

وورده ووردە هەنگاوی درێژتر ئەکردن، هەرچەندە نەشی ئەزانی بەپێ ئەڕوات سواری ئەسپی خەیاڵ بوو، دەشتایی گۆڕە تووی بڕی. بە دەنگی وەڕینی سەگەکانی ئاوایی زانی کە ڕەت بوو، بەرەو ناو گەلی پاش دوو سەعات گەیشتە ناو دەرگای گەلی دانیشت پشوویەکی دا. لاڕێ بوو نەوەك کەسێك ڕەت ببێت بە ڕێگادا.. پشتی دایە بەردێك‌و دانیشت، جگەرەیەکی تێکراوی داگیرساند. نەفەسێکی درێژی لێدا ڕۆناکی ئاگری جگەرەکە کەروێشکەی لووتی ڕوون کرد. کەمێکیش شەوقی دایە سەر ڕووی. تامی تووتن‌و دوکەڵی جگەرە وەك بادە مەستی کردو خۆی لە بیر چووەوە بۆ کوێ ئەچێت جگەرەی خستە ناو پەنجەی سەیرێکی ئاسمانی شەوی پاییزی کرد، شینێکی خۆڵەمێشی خۆی ئەنواند، تەونی ئەستێرەکانیش بە ناجۆرو نا ڕێك لەسەر پەردەی ئاسماندا چنرا بوو، هەندێ شوێن پڕو چڕو هەندێکیش چۆڵ‌و هۆڵ. ئەستێرەکان لەدەوری هێڵی سپی کاکێشی ڕۆشناییان کزو بێ هێز بوو کە لەوپەڕی جەغزی ئاسۆ بۆ سەری تر ڕاشکا بوو. ئەستێرەکانی ئاسۆی دوور گەشتر بوون لە هی ناوەڕاست. سەرنجی لە هێشووە

تریَی (پیرو تەرازوو)ەکان ترازا کەوتە سەر دوو ئەستێرەی بەرامبەر، ووتەی ئەفسانەیی خەڵکەکەی هاتەوە بیر کە ئەڵێن ((هەر کەسێك لەو دونیا ئەستێرەی خۆی هەیە)) لەبەر خۆیەوە گوتی کەوایە منو خانزادیش ئەستێرەی خۆمان هەیە، ئەبێ هەر ئەو دوانەبن کەوا بەرامبەر یەك ئەدرەوشێنەوە. بە تەنهان دوور لە پاڵەپەستۆی ئەستێرەکانی تر. بەڵام یەکیان درەوشی کەمە، کزو مات خۆی ئەنوێنێ، ئەوی تر بە درەوشەو زریوەیە هەروەك لە جووڵەدابێت وایە. هەرچەندە بڕواشی بەم شتانەوە نەبوو، بەڵام ترسو سامێك کەوتە ناو هەناوی. ئەترسم شتێکی بەسەر هاتبێت، یا نەساغ بێت. لە پڕێکا راچڵەکا کە ئاگری جگەرە بە ئاگر پەرژانێکەوە ناو پەنجەکانی داغ کردو دەستی راوەشاند قونگی جگەرە بە ئاگر پەرژانێکەوە لەناو پەنجەی دەرپەڕی. هاتەوە هۆش خۆی کە بە کارێکی شەوگەری هەڵئەسێت. هەڵسایە سەرپێ، پشوویەکی درێژی هەڵکێشا ناو هەناوی بە بای فێنك ساردبوونەوە، (زۆر دواکەوتم، کاتی پێ سستی نییە کاروباری شەوگەری پێویستی بە مرۆڤێکی هەنگاو سووكو سوورو یەك دڵ هەیە).

چاوێکی بە ئاسمانو کێوەکان خشاند. لووتکەیان بەرز ببووەوە بۆ ئاسمانی شەو، بەناو گۆڕستانی دەرگای گەلیدا تێپەڕی ڕێگا تەسك بوو نەئەبینرا، بەڵام بە ئاسانی زنجیرەی کێوە بەردینەکانی و دامێنی دارستانە سووتاوەکان ڕەش ئەکرانەوە. هەرچەند ڕێگا تەسكو تاریك بوو، بەڵام پێشمەرگەی هەستیارو چاوتیژ بە چاوێکی گورگینی ڕێگاو شتی بەدی ئەکرد، شوێنەکەش ناسراو و دیتراو و خۆشەویست بوو. بە ڕۆژ کێوەکانی بە دارستانو لووتکە کویستانیە ڕووتەکانی سووتاوو، هەڵقرچاوو، ڕەش هەڵگەڕاوی وەك ڕەشماڵی بەردینی زلو پان ئەهاتە بەرچاوو، شەوان، لە نزیکەوە، دیمەنێکی تریان هەبوو، زیندوو و سامناك تر، لێرەواری پڕو چڕی دارمازوو، بە ڕووی سوتاو لە دامێنو لاپاڵەکانی وەك تووکی گامێشێکی زلو خەوتوو ئەهاتە

بەرچاو، لەسەرخۆ هەناسەی ئەدا. ناوزگی گەلییەکە وەك دەمی حووتی ناو دەریا ڕەش و بێ بن و تاریك بوو. هەڵدێرگاکانیش وەك گوێچکەی زیندەوەرێکی زل، ڕووت و قووت خۆیان ئەنواندو بۆنی سووتان و خەڵووزی لێوە ئەهات، ددانی تیژی بەردەکان بەناویانا وەك دەمی شێر بەرز ببوونەوە. وا هەست ئەکرێ کە شێواندن و تێکدانی کپی و سامناکی ئەو دیمەنە هەتاهەتایە کارێکی ناڕەواو ناجۆرە. بەلام سەردار لە شوێنی وا ناترسێت، کوری چۆڵ و چیایە. ئەم شوێنانە نیشتیمانی خۆیەتی، بە هێمنی و بێ دەنگی پێشوازیان کرد، هەروەکو ڕێزانی بکەن. بڕۆ.. پەلەکە. تا دوا نەکەوی، لە دەستت ئەچێت.. چاوەڕوانتە.. بڕۆ ئێمە ئەتپارێزین. ڕێگا تەسك و ناخۆش بوو، بەلام وەك ڕێبوارێکی پسپۆر بەناو داروباری سووتاودا بە درێژی ڕێگای ئەبڕی. بە ئەسپایی هەنگاوی ئەنا. جیهانێکی ئاسوودەو دوور لە دەنگی زل، تەنها تەپەی پێی خۆی گوێ لێ ئەبوو. هەستیشی بەرامبەری دڵی ئەکرد لەناو سینەیدا، سیسرکەکان وەك پۆلیسی دێدەوانی شەو دەنگی تیژو باریکیان وەك سافیرەی ناودەم بە گوێچکەیا ئەلەرایەوە، هەروەك تیپی یاساوڵی شەو، یەك لە یەك ئاوازیان ئەقۆزیەوە وەکو بڵێن: واهات.. واهات.. تێپەڕی.. گوم نەبێت.

گەیشتە گۆڕەپانێکی ڕووت و بێ دار، ئەستێرە بەناو تەسکایی لێوی گەلیەکەدا بەدەر کەوتنەوە. پەڵە هەورێکی خۆڵەمێشی ڕەشی پاییزیش لەگەڵ پاڵەپەستۆی هێرشی بەرزی با بۆ ناو جەرگەی ئاسمان ئەخشێ، تاکو ئەو درەوشەیەش نەمێنێ کە ئەستێرەکان ئەیانخستە ناو دڵ و دەروونی.

دەستی بردە ناو باغەڵی چەرخێکی لێدا، سەیری کاتژمێرەکەی کرد، ووردە کەژمێر بۆ یانزە خۆی ئەکوتا، دوریان بوو، لە ڕێگای گشتی بە دەستی چەپدا لای دا. ڕێگاکە تەسك ترو نادبار تر بوو، لەبەر کەمی هاتووچۆ لەسەری، ڕەشایی سووتان هێشتان بۆر نەببووەوە ڕێگای گوم کرد، کەوتە ناو لات و کۆڵان و ڕێ بڕی بەرزو نزم


نەبووەوە. بەسەر بەردەکاندا بەرز ئەبووەوەو دائەبەزی، بەناو کۆڵانو تەسکاییو درزی شاخەکان خۆی نەکێشا لە هەندێك جیٚ بە هەنگاوی چەسپاوو و چووستەوە ئەڕۆیشت هەندیٚ جاریش بە پنجو هێزی بازووەکانی سەرئەکەوت.

بەرز بووەوە، ئارەق پشتو بن باڵەکانی وەك ئاو تەڕ کردبوو، تینووشی بوو. وەك باڵدار بە ئاسمانی هەڵدێرەکان سەرکەوت. سەرەو ژێری سامناك ڕەشترو تاریکتر دیار بوو، ژێر پای وەك دەریایەکی ڕەشی بیٚ گیان، بیٚ دەنگ.. کوێرو کپو چۆڵ مەند بوو.

نزیك بووەوە، هەناسەی لەبەر ماندوویەتی بە هەراسانی ئەهاتو ئەچوو وەك گورگێکی برسی لە مانگە شەوێکی سارد، سەری بەرز کردەوە وەکو بیەویٚ بۆن بکات بۆنی هەڵقرچاو و سووتانی، کونی لووتی برژاندەوە. هێشتا سەرکەوت، هیچ دەنگ نەبوو، نەیئەزانی پاسەوانی شەو، سەگی بەڵەك ڕەش، لە کویٚ خۆی مات داوە، نەئەوەڕی، مەترسی لیٚ ئەکرد، خۆی ئامادە کرد بۆ هەرهەنگاوێك. لە هەر ناوێك بە هەستی تووندو تیژی پێشمەرگە ئاگای لە ڕمبەیەك بوو تیرێکی باریكو زیندوو درەوشاوە لەبەر چاوی بەرەو سینگی ڕاکشا. ئەوەندە دەرفەتی نەبوو لابدات، یان فریای فریودان بکەوێت. یەکسەر دوو لەپی نینۆك تیژ لەسەر شانی چەسپان، دەنگێکی زلو ناکاو هێمنیو کپی سروشتی شێواند، بەناو بۆشایی گەلیدا زرنگایەوە. دەمو چاوی تەڕ بوون لەبەر ئاوو لیکاوی دەمو لووتی سەگەکە. لە شەوی وا تاریكو وێڵدا توانای کشانەوە نیە لەسەر قەراغی هەڵدێرگای بیٚ بن. دەست هەڵێنانو دەرفەت باشترین چەکە لە شەوگاردا. بە هەردوو دەستی هێزدار، بازنی پەنجەکانی بە دەوری ئەستووی نەرمو تووکداری سەگەکە سووڕایەوە بە هەموو توانای گوشی. دەنگ نەما لە کرخەیەکی بڕاو زیاتر. بەری نەدا هەرچەند هەستی بە سووتانەوەی شانو سینەی کرد، لەسەر شانییەوە کراسی خاکی لەگەڵ پەنجەو نینۆکی سەگدا دڕا خوارەوە، هەر بەری نەداو توند تر گوشی تاکو

زووتر دەنگی ببڕێت، بەر لەوەی وریا ببنەوە. لاشەی سەگەکە لە جووڵە وەستا، کرخەشی نەما، وەك گۆشتی بێ ئێسقان دابەزیە سەر زەوی، یەك دوو هەنگاو کێشایەوە دوواوە، زۆر گران بوو، دەستی بەردان، تەرمی سەگی تۆپی بەناو لێژایی گلۆل بووە خوارەوە.

گوێچکەی بەسەرهاتو بستە یەکسەر دەنگی وەڕینی پەلاماردان جیا ئەکاتەوە لەهی تر، چونکە لە چەشنی هەڕەشەو بەرهەڵستیدایە. بەڵام هیچ بەدوا هاتنێك نەبوو، تەنها بەردێك نەبێ هەڵقۆزیەوە بەناو بەردەکاندا کە بەدوای دەنگی سەگەکەدا فڕێدرا.



سروشت كپ بووەوە، كەپرى (مام حەسۆ) بەتەنها لەسەر گۆڕەپانێكى تەسكدا وەك هەتیو لەسەر چوار ئەستووندەى دار بەرِوو وەستا بوو. ڕەشماڵ هەڵنەدرابوو لە ترسى فڕۆكە، تەنها كەپرەكەیان بۆ شتوومەك پێكەوە نابوو، خۆیان لە دەرەوە ئەخەوتن، سەكۆیەكى یەك بست بەرز بۆ خەوتن لە تەنیشت كەپرەكە دروست كرابوو،حەوشى مەڕەكانیش هەر لە شوێنى كۆن لە بن شاخەكە دامەزرابوو، بەڵام تەسكتر بوو، نیوەى مەڕەكانى لە گێژاوى دواییدا لەناو چوو بوون، ماڵاتى ترى هەر نەمابوون.

زۆر تینوو بوو، یەكسەر چووە سەر كانیەكە، بەر لەوەى لەسەر تاتى نوێژ دابنیشىَ، دەستەكانى بە هەندىَ خۆڵ لە قەراغى كانیەكە گڵاو كردو شۆرین. دوو سىَ مستى پڕ لە ئاوى ساردى خواردەوە. لەسەر بەردى نوێژ پشوویەكىدا، شەوانى ژوانى ڕابردووى هاتنەوە بیر كە لەسەر هەمان بەرد دائەنیشتن، بۆ دواجار لەسەرى دانیشت، دەستێكى بە سینەیدا خشاند دەستى بەر ڕووتایى سینگى كەوت، لاى سەیر بوو، زۆرتر دەستى دابەزاند، پەنجەى بەر تەڕاییەكى گەرمو لیچ كەوت. زانى خوێنە.. نینۆكى تیژى سەگ وەك چەقۆ بەناو گۆشتى سینەیدا دابەزیبوو. پەرچەمى كەوانى كەوتەوە بیر، دەستى بردە ناو گیرفانى كراسى، بازنى پەرچەمى خەنەیى بەناو گوڵى خوێندا مەلەى ئەكرد، دەنگى گەش و خەنەییبە ڕەنگى خوێنى ئاڵ سوور ببوو. بەرزى كردەوە بۆ بەر ئاسۆ. هەر كەوان بوو، بەڵام لەبەر خوێن بەناو یەك چەسپا بوو، باریك ببوو، خستیەوە ناو گیرفانێكى تر.. گورج هەڵسا هەروەك یەكىَ پىَى بڵىَ: بۆ دانیشتووى.. هەڵسە؟ لەسەرخۆ هەنگاوى ناو. یەك بەرد هاوێژ لێیان نزیك بووەوە. خۆى دا پەنا بەردێكى زلو بە تەنها دانیشتو سەیرى كرد، هیچ دەنگێك نەبوو، تەنها كرمە كرمى

کـاویـژی نـەو دوو بزنـە لەڕانـە نـەبێت کـە لـە نزیـك کەپرەکـە بەسـتراببوونەوە، هەرچـەند تـاریك بـوو، بـەڵام سـورایی ئـاگر لـەژێر خۆڵەمێشی کە تازە دامرکابوو ئەیدا لە دیواری نزمی سەکۆی خـەوتن. تەنها یەك تارمایی ڕەش لەسەر سەکۆیەکە بەرز ببوەوە لە خواریشـەوە تارماییی‌یەکی تر سەرەوژێر درێژ ببووەوە. نەیئەتوانی شوێنەکان جیا بکاتەوە، کۆکەیەکی گڕ لـە سینگێکی بەڵغەم گرتوودا هاتـە دەر، زانـی ئەوە مام حەسۆیە لـە خـوار ئاگرەکـەوە خـەوتووە، بەڵام خـانزاد لـەکوێ خەوتووە.. چۆن هیچ دەنگێك نیە.. تارمایی خوارەوە جووڵاوە، ڕاست بووەوە. تەنها ڕەشایی دیار بوو، دەستی بۆلای ئاگرەکە درێـژ کـردو بـە دارێك تێکیوەردا. سەرە بزۆتەکانی قەراغیشی فڕێدانە ناو ئاگرەکە.. بـەناو دەنگـی قرچـەی دارەکـاندا دووکـەڵێکی بۆریـش بـەرز بووەوەو بـە زوویـی لـەناو تـاریکی شـەودا ئەتوایـەوە. زۆری نـەبرد دارەکـان گڕیـان گـرت.

کلّپەی ئاگر بەرز بووەوە ڕووناکی سوورو زەرد ئەو ناوەی ڕووناك کـردەوە. جێگایـەك لەسـەر سـەکۆ داخرابـوو لەولاشـەوە نزیـك دەرگـای کەپرەکـە جێگایـەکی تـر دیـار بـوو. یـەکێك لـەژێر لێفـەدا خـۆی خـڕ کردبووەوە لە نووستنی پیرێژنی ئەکرد. مام حەسۆ باش ئاشکرا بوو. دانیشـتبوو. ڕیشـی هـاتبوو. لەبـەر ڕووناکـی ئـاگری سـپیو زەرد دیـار بوو. کیسـەی بۆری لەناو دەست بوو، کلکی قەلنـەش بـەناو کیسـەکەدا بەرز بووەوە تووتنـی تـێ ئەکرد، کۆمەڵێکیشـی لـە دەسـتە بـەرد لـە لای سـەری کـۆم کردبوون. بۆ ئـەوەی بـوون کـە بـەدوای دەنگـی سـەگەکەدا فڕێدات هەر کە وەڕی. ئەیزانی گورگو دڕندە ئەو ناو بـەردو لـێرەوارە چۆڵ ناکەن.

سەردار لە تاریکی بوو، ئەوانی باش ئەدیت کە لەبەر ڕووناکی ئاگر بوون. دڵی لێی ئەدا، بەڵکو زوو مام حەسۆ بخەوێتەوەو دەرفەتی ببێت خانزاد هوشیار بکاتەوە لە خەو.

دوکەڵی قەلوون بەناو ڕووناکی ئاگردا بەرز ئەبووەوە.. پاش هەر ئەفەسێکیش کۆکەیەکی درێژ زنجیری ئەبەست، تفێکیشی فڕێ ئەدایە ناو ئاگرەکە. دارەکان سووتان، ئاگر کز بووەوە، سەردار لەپەنا بەرد لەو ئاگرە گەرمتر چاوەڕوانی دەرفەت بوو. قەلنکەی کێشاو یەك دوو جار لەبەر دەم خۆی لە زەویدا، پاشماوەی تووتنی سووتاو بنی سبیلەکەی بەردا. لەگەڵ کیسەکە خستە پشت سەریو پاڵ کەوتەوە. زۆری نەبرد بێ دەنگ بوو. پرخەی خەوی بەرز بووەوە.. خەوت. دەستی دایە بەردێکی بچووك بەرزی کردەوە فڕێ بداتە سەر سەکۆ. دەستی دابەزاند فڕێی نەدا. ئەگەر ئەو نەبێت.. میوان بێت. یا مستەفای برای بێت. بۆچی بۆ خۆم نەچمە سەر سەری بزانم کێیە. ئەگەر ئەو بێت باشترە.. هەڵسایە سەرپێ، وویستی هەنگاو بنێت.. جێگای نزیك کەپرەکە جووڵایەوە. دانیشتەوە لە پەنا بەردەکە، سەیری کاتژمێری کرد، نەی دیت، نەیزانی چ وەختە، نەشی وێرا چەرخ لێبدات. هیچ جووڵە نەما، هەڵساوە پێ. دوو هەنگاو لە بەردەکە دوور کەوتەوە، یەکسەر کشایەوە دواوە کە دیتی دیسان جێگاکە هاتە جووڵانەوە. زۆرتر لە پێشان. لێفەی سەری فڕێدا. تاریك بوو، نەی ئەدیت دەستێکی باریكو قۆڵێکی ووشكو ڕووت بەرز بووەوە ئینجا دەستی تریش کەوتە خوراندنی. قۆڵی پیرێژن بوو. کۆکەش هەر هی پیرێژن بوو، لەناو جێ ڕاست بووەوە، کەمێك دانیشتو سەرو گوێی گێران، لەناو جێ کشایە دەرەوەو بەرەو لای ئاگرەکە هاتە پێش. بە دارێك تێکیوەردا، ئاگری ژێر خۆڵەمێش زۆر بوو. گەشایەوە. بەلای کەپرەکەوە چوو باوەشێك چیلکەی هێناو خستیە سەر ئاگردکە، تەنها دووکەڵ بەبێ گڕ بەرز ئەبووەوەو گەواڵە هەورێکی خۆڵەمێشی بەسەر ئاگرەکە بڵاو بووەوە.

دانیشتو کەوتە فوو لێ کردنی، لە کاتی فوو کردندا پۆلیەکانی ئاگر ئەکەشانەوەو ڕووناکیان ئەدا ڕووی سیسو پڕ لۆچی پیرێژنی. ناسیەوە دایکی خانزاد بوو. چەند لاواز بووە. هێشتان (مام حەسۆ)

باشتر بوو، هەرچەند داشڕزاوە. ماندوو بوو لە پف کردن، خۆی ڕاست کردەوە بە دەستی ڕاستە چیلکەکانی داگرتە سەر ئاگرەکە فووی لێ کردەوە، بە گرمەیەکەوە ئاگر دای گرت، گڵپەی بەرز بووەوە، بە تەواوی ئەو ناوەی ڕووناك کرد جێگای سەرسەکۆ جوان بەدەر کەوت، بەڵام خاوەنی لەژێر پێخەفدا دیار نەبوو، بەرزایی لێفەو جاجمەکە بەسەریدا کێشرابوو، نەی ئەهێشت ڕووناکی بگاتە ڕووی خاوەنی.

سەردار ئەمەی بە دەرفەت زانی کەمێك دەستی چەپەی لە پەنا بەرد بردەدەر سەیرێکی کاتژمێری کرد، یەك و نیوی تەواو بوو: (باشە هێشتان زۆر وەختم بە دەستەوەیە، بەڵام ئەترسم ئەو پیرێژنە نەخەوێتەوە).

هەرچەند ڕووناکی ئاگر بەرز ئەبووەوە، سەردار زۆرتر تامەزرۆی دیتنی خانزاد ئەبوو، هەر کە دایکی پشتی کەوتە ئەو، هەڵئەستایە سەرپێ بەڵکو بتوانێ ڕووی خانزاد ببینێ، بەڵام سوودی نەبوو. نەی دیت پیرێژن کەمێك خۆی گەرم کردەوە ئینجا سەرە بزوتێکی بەگڕی بەرز کردەوە، سەرداریش لەگەڵ ئەو سەیری ڕووی خانزادیان ئەکرد، بەڵام ئاگرەکە زۆر کز بوو نەیانتوانی باش بەدی بکەن. پیرێژن چووە لای جێکای خۆی، فتیل (قەندیل)ێکی هێناو بەسەر بزوتێك دایگیرساند، کوژاوە، دیسان ئاگری پێوەنا.. هەر کوژاوە. شنە بایەکی سارد لەناو گەلیەکەوە ئەهاتە دەرو بەسەرماڵەکەدا تێپەڕ ئەبوو، چرۆی ووشك لەسەر کەپرەکە لە یەك ئەخشاو دەنگێکی ناسازی لێوە ئەهات.

پیرێژن بۆ جاری سێهەم پشتی کردە بایەکەو قەندیلی بە ئاگر کردەوە، بەڵام لەگەڵ بەرز کردن و سوڕانەوەی دیسان کوژایەوە. یەکسەر ڕۆیشت بۆ ناو کەپرەکە.

سەردار لەم کارەی پیرێژن کەوتە گومان، دیسان چۆن تا ئێستا خانزاد نەجوولاوەتەوە، هەڵبەت ئەبێ نەساغ بێت ئەگینا ئەوەندە لێفەو شتیان بەسەر دانەئەدا. بەجارێك دڵی کەوتە لێدان و رمبەی

مەترسی و خەفەتی لێوە ئەهات، زۆر تەنگاو بوو. نەیویست خۆی ئاشکرا بکات، بەڵام ناکرێت. کاتی ئاشکرا کردن نی‌یە. بە چەشنێکی تر لە قەڵەمی ئەدەن و کارێکی ناشرینە. با کەمێك ئارام بگرم بزانم پیرێژن چ ئەکات.

دوای کەمێك خشە خش لەناو کەپری چرۆ، پیرێژن هاتەوە چرایەکی شووشە بەندی بە دەستەوە بوو، شووشەی بەرز کردەوە سەرەدارێکی‌بە ئاگری پێوەنا. داگیرساو کەمێك ڕووناکی بەرز کردەوە، بە پەلە چووە سەر سەری خانزاد. چراکەی دابەزاند بۆ نزیك ڕووی، بۆ یەکەم جار پاش ساڵ و نیوێك سەردار ڕووی خانزادی دیت لەبەر چرا زەرد ئەکرایەوە، بەڵام ڕووی پڕو خڕی جاران نەبوو. لاواز، زەردو سیس، تەنها پێستی بێ خوێن ئێسقانی ڕووی داپۆشیبوو.. هیچ جووڵەیەك نەبوو، چاوێکی کەوتبوو یەکێکیش نیوە کراوەیی بوو، پیرێژن سەری دابەزاندە ناو ڕووی بێ هەستی خانزاد بە دەستێك نێو چەوانی گرت، بەڵام سارد بوو، ڕای هەژاند، نەجووڵایەوە، خانزاد.. خانزاد.. هیچ وەڵام نەبوو، دیسان لاشەی هەژاند، بەڵام تەرمێکی بێ گیان بوو. پیرێژن چرای فڕێداو کەوتە پرچ ڕنینەوەی خۆی و یەك بە دەنگی قیڕاندی:

- حەسۆ.. حەسۆ.. هەڵسە خاکت بەسەر خانزاد تەواو بووە. گریان و لەخۆدان ناو گەلی پڕ کرد.

کۆتایی هات

خوێنەری کورد:


سەدەها لاوی وەك ئەمە لە ماوەی شۆڕشدا بە خوێنی پاك و ئاڵی. داری ئازادی ڕواند و بەلاشەی تەڕو پڕو زێڕینیشیان لە ژێر گڵ ئەو دارەیان خوراك دا.

جەوهەر مێرگە سۆری

بەندیخانەی ڕایات و خەلان

١٩٧٢/٨/١٩-١٨


جوهر مێرگەسۆری
بەندیخانەی ڕایات-خەلان
١٩٧٢/٨/١٩/١٨



- جەوهەر محمەدئاغای میرکەسوری سالی(١٩٤٣) لەمێرگەسور لەدایك بووە.
- تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیی خوێندووە، لەبەرباری سیاسی خوێندنی بۆ تەواو نەكراوە.
- هەر زوو لەگەڵ باوكی و فاخیرو سەعیدی برای سەنگەری خەبات و تێكۆشان و كوردایەتی هەڵبژاردو لە سالی١٩٦٣ بوو بە پێشمەرگە.
- لاوێكی بیرتیژو روناكبیرو خامەو دەست رەنگین بوو،
- نووسەرێكی بەتوانابوو تەكنیكارێكی لێهاتووبوو.
- بەر لەئیعدام كردنی لەلایەن سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە ژمارەیەك دەست نووسی لەدوای خۆی بەجێ هێشتوە، چەند تابلۆیجوانیی كەبە پەڕەمووچی رەنگینی كێشابوون، لەدوای خۆی بەجێهێشتوون.
- لە دەست نووسەكانی :-
- (بين السائل والمجيب) چاودێری كردنی ئەو بەرنامەیە كەكاتی خۆی لە BBC پێش كەش دەكرا(١٢٠لا پەڕە).
- یادداشتنامە دەفتەرێكە لە(١٦٧)لا پەڕە بریتییە لە یاداشتەكانی خۆی لەنێوان سالی(١٩٧٤-١٩٧٥).
- دیسان بەندیخانە: بەشێكە لە یادداشتەكانی لەلا پەڕە(١٣)دوە كە لە(٢٠)ی ئازارەوە نووسیویەتی لە(٢٢)ی ئازار واتە یەك رۆژ بەر لەئیعدام كردنیكۆتایی دێت، بە(١١) لا پەڕە باس لە تراژیدیای ئەو(٣) رۆژە دەكات بەر لەقەتل وعام كردنیان.
- دەفتەری كەشكۆڵ: (٣٠) لا پەڕەیە تەنها(٢٠) لا پەڕەی لێماوە.
- ئانەوا: چیرۆكێكی درێژە كە كەوتۆتە دەست كابرایەكی نەناسراو.
- فرمێسك و برین.
- چەند دەستنووسێكی تریشی فەوتاوە.
- لەرۆژی ٢٢-١٩٧٥/٢/٢٣ لەگەڵ باوكی و ژمارەیەك لە براكانی بەكۆمەڵ لەلایەن سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە قەتلوعام كران.



١٩٧٢ له بەندینخانه



١٩٧٢/٢/١ له كاتی وێنەكێشاندا له بەندیخانه



ئەم وێنەیە نووسەر لە زینداندا دروستی کردووە

## لە چاپکراوەکانی چاپەمەنی زامواسالی ١٩٩٧

| | | |
|---|---|---|
| ١- لەرەکی داهۆلەکان | کۆمەڵە چیرۆک | شیرزاد حسن |
| ٢- زەمانی بزر بوو | شیعر | فاتیح عیزەددین |
| ٣- تەیرەکانی ئیسماعیل | شیعر | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤- چاوەکانی | رۆمان | و/ ئازاد بەرزنجی |
| ٥- سیدارەکانی بەهەشت | شیعر | قوبادی جەلی زادە |
| ٦-مەنفاکان لیرەوە دەست پێ دەکەن | شیعر | جەمال غەمبار |
| ٧- چۆن بووم بە پیاو | کورتە چیرۆک | ئاری قادر دەرویش |
| ٨- ئەنفال | رۆمان | محەمەد رەشید فەتتاح |
| ٩- بووکی ئاتە خان | چیرۆک | کەلاویژ |
| ١٠- سایکس پیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کیشەی کوردی باشوور | لیکۆلینەوە | احمد سید علی بەرزنجی |
| ١١- وەرزەکانی دابران | شیعر | ئاوات حەسەن ئەمین |
| ١٢- سیستەمی کارپیکردنی دۆس | زانستی | ئا/ ئارام قەرەداغی |

* * * * * * * * *

## لە چاپکراوەکانی چاپەمەنی زامواسالی ١٩٩٨

| | | |
|---|---|---|
| ١- دیوانی ژیلەمۆ | شیعر | حەمە علی وریا |
| ٢- ئەم نغرۆ بوونی ئەمەنە بە کوێ دەکا | شیعر | سەلام سەعید مەولود |
| ٣- کە بیر لە تۆ دە کە مە وە | شیعر | فە رە یدون عبدول بە رزنجی |
| ٤- ئە ژدیها | رۆمان | محەمەد موکری |
| ٥- هە ژاران | رۆمان | و. ئارام قە رە داغی |
| ٦- پە لکە زێرینەش ئامۆ مەکەن | شیعر | دلشاد مەریوانی |
| ٧- بە سە رهاتی کە لە پیاویک | رۆمان | و. حسین نێرگسە جاری |
| ٨- بەرەو سەرەتا | لیکۆلینەو | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| ٩- حکمەتەکانی بە فەرەج بوونم | چیرۆک | کازیوە سالح |
| ١٠- ژوانگەی هەژان و ژان | رۆمانە شیعر | جەمال شارباژێری |
| ١١- دارمانی خەونەکان | شیعر | محەمەد رەنجاو |
| ١٢- تەرم | کورتەچیرۆک | عباس عبدالرزاق |
| ١٣-بەندەری بەرمۆدا | شیعر | کەژال ئەحمەد |
| ١٤- چیرۆکی حکومەتیکی خەیالی و وەرگیرانی بەشیک لە کتیبی ( من عمان الی العمانیه ) | چیرۆک — میژوو | مامۆستا زیوەر |
| ١٥- دلۆپە خوینەکانی سەر بەفر | چیرۆک | و/ رەووف بیگەرد |
| ١٦- فاندۆ و لیزی بەکوێ ساغەکەمدا بچرپێنن | شانۆگەری | و/ فاروق هۆمەر |
| ١٧ — پالێتی شیعر | شیعر | ریبوار سەعید |
| ١٨ — شەوانی گوێ ئاگردان | چیرۆک | جەلال تەقی |
| ١٩- چەپکێ لەهەلبەستی بلاونەکراوەی مستەفابەگی(کوردی)ی ساحێبقران | شیعر | ئا / حەمە بۆر |
| ٢٠- فردەوسی ئەمتومان | دەقی شانۆیی | دلشاد مستەفا |
| ٢١- مردووەکان بنیژن | شانۆگەری | و / یاسین قادر بەرزنجی |
| ٢٢- عەلە بەستێ | کورتە رۆمان | حەسەن جاف |
| ٢٣- بەسەرهاتی سیاسی کورد | روداوی سیاسی | میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری |
| ٢٤- ئەستێرە ورشەدارەکان | کورتە چیرۆک | جەلال مەحمود عەلی |

## لە چاپکراوەکانی چاپەمەنی ئاراس ساڵی ١٩٩٩

| | | |
|---|---|---|
| ١ – بەراوردی دە ئەفسانەو چیرۆکی میلی | بەراوردکاری | سەلام مەنمی |
| ٢ – رامبۆ و زەمانی پیاو کوژان | لێکۆڵینەوە | و / غفور صالح عبدالله |
| ٣ – کەس نییە نامەیەك بۆ کۆلۆنێل بنێرێت | رۆمان | و / کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٤ – پەرسێلکەکانی کوچ | کورتە رۆمان | فەرۆخ نیعمەت پوور |
| ٥ – زمانگیری تیۆری و چارەسەر | زانستی | و / ئارام قەرەداغی |
| ٦ – دیوانی مەلا حەسەن نووحی | شیعر | مەلا حەسەن نووحی |
| ٧ – گەشتی کوردستان | چیرۆك | گەلاوێژ |
| ٨ – فرمێسك و برین | رۆمان | جەوهەر مێرگەسوری |

**Novel**

# Tears and Wounds

**By** BY

Jawhar Mergasuri

Khak Press And Media Center
1999